# گوڵان

پەیامی ئەمرۆ و سبەی


سـاڵی سـی و یەکـەم (١٤٤٥)- (٦)ی کـانوونی دووەم ٢٠٢٥


# گەشتێکی ڤێرچواڵی بە ناو جیهانی بوونەوەرە دیجیتاڵییەکاندا

چارەنووسی مرۆڤایەتی لەژێر ڕەحمەتی ژمارەیەکی کەمی کۆمپانیای زەبەلاحدایە کە لە بازنەی زیرەکیی دەستکرددا کار دەکەن و داهێنانەکانیان بەسەر مرۆڤایەتیدا فەرز دەکەن

بەراورد بە ٤٠ ساڵی ڕابردوو یەك ترلیۆن جار هێزی کۆمپیوتەر گەورەتر بووە و ١٥ ملیۆن جار توانای کۆگاکردنی داتاشی زیادی کردووە

لە ئێستادا زیرەکیی دەستکرد جگە لەوەی لە هەموو زمانەکان تێدەگات و قسەیان پێ دەکات، هەموو داتاکانیش دەخوێنێتەوە و هەستیان پێدەکات






# سەردانی سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کوردستان لە ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤

١٤٣


بۆ یەکەم جار بانکیمۆن، سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەرۆکایەتیی شاندێکی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ گەیشتە هەولێر و پێشوازیم لێ کرد و لەگەڵیدا کۆ بوومەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرسووڕمانی خۆی نیشان دا بە پێشکەوتنی کوردستان و گەشەسەندنی پرۆسەی سیاسی و کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان. هەروەها سوپاسی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ پێشوازی و پەنادانی هەزاران هاووڵاتیی ناوچەکانی تری عێراق کە بەهۆی شەڕ و هەڕەشەی تیرۆر و توندوتیژییەکانەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو و پێزانینی زۆری هەبوو بۆ کردنەوەی دەروازەکانی هەرێمی کوردستان و ڕێگەدان بە پەنابەرە سوورییەکان کە بە هۆی شەڕەوە ماڵوحاڵی خۆیان بەجێ هێشتبوو.

دوای کۆبوونەوەکە، بانکیمۆن سەردانی کەمپی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستانی لە کەورگۆسک کرد بە مەبەستی ئاگاداربوون لە ڕەوشی ژیان و باری گوزەرانیان. سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، زۆر دڵگران و نیگەران بوو لە وەڵامەکەی بەغدا کە داوای کردبوو بەغدا سزای لە سێدارەدان لە عێراق رابگیرێت.

بانکیمۆن، ڕۆژی ٢٤ی تەمووزی ٢٠١٤، بۆجاری دووەم سەردانی هەرێمی کوردستانی کردەوە و دیدارم لەگەڵیدا هەبوو. سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانیی خۆی لە بەهێزبوون و بڵاوبوونەوەی بەرچاوی داعش و داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی ڕووبەرێکی زۆری خاکی عێراق و ئەو زوڵم و زۆرەی لەلایەن داعشەوە لە گەلانی عێراق کرا نیشان دا، لە کۆبوونەوەکانیدا زۆر سوپاسی هەرێمی کوردستانی کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش و هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا.

سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر چاک هەستی بە قورساییی ئەرکی هەرێمی کوردستان کرد بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی بەرچاوی ئاوارەکانی ناوچە جیاجیاکانی عێراق و ئەوەشی بۆ دەرکەوت کە حکوومەتی عێراق لەو بابەتەدا یارمەتیی ئاوارەکان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی نەداوە. لە ڕاستیدا هەڵسوکەوت و ڕەفتاری حکوومەتی عێراق بەرانبەر بە ئاوارەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەک بوو کە هەر بە هاووڵاتیی عێراقیان نەزانێت.




(مەسرور بارزانی سەرۆکی کابینەی خۆڕاگری و بەرەنگاری قەیرانەکان) ناونیشانی توێژینەوەیەکی تایبەتە بە بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی کۆرۆنا و دارایی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، لە نووسینی (دڵشاد مەولود ئەحمەد). ئەم توێژینەوەیە، وەك هەوڵێکی زانستی و بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دبلۆم پێشکەش بە پەیمانگەی کوردستانی ناحکومی کراوە، لەم توێژینەوەیەدا توێژەران لەژێر ناونیشانی (چۆنێتیی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان بە نموونە: کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، لە بارەی هەر یەك لە قەیرانەکانی کۆرۆنا و داراییان کۆڵیوەتەوە، کە لە دەستپێکی دەستبەرکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەوە، توێژینەوەکە وەسفییە، تێیدا باس لە چەمکی قەیران و هۆکاری سەرهەڵدانی قەیران و جۆرەکانی قەیران کراوە.

نووسەر لە بەشێکی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لەم توێژینەوەیەدا کار بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی قەیران و سوڕی قەیران کراوە، کە لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمەوە بەرۆکی کابینەکەیان گرت و ڕەوتی گەشە و پێشکەوتنی کابینەکەیان خاوکردەوە. ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە وەسفیی مێژووییە و تێیدا لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان شیکردنەوە بۆ گوتاری حکومەت و دیارخستنی سیاسەتی لە بەرەنگاربوونەوەی قەیرانەکان کراوە، ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بەر هەرێمی کوردستان و کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك نموونەی توێژینەوەکە دەستنیشان کراوە.

توێژینەوەکە لە پێنج بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باسی کێشە و گرنگی و ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوەکە دەکات، بەشی دووەم بریتییە لە تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو و ناساندنی چەمکەکانی و قەیران و جۆرەکانی، هەروەها شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و بەڕێوەبردن و چارەسەرکردن، بەشی سێیەم بۆ سێ تەوەرتەرخانکراوە، ئەوانیش: کابینەی نۆیەم و هەلومەرجی پێکهێنانی و کارنامەی کابینەکە، ئەو قەیرانانەی سەریانهەڵدا، وەك کۆرۆنا و ئابووری و دارایی، دواجار ڕێککارەکانی کابینەی نۆیەم بۆ چارەسەری قەیرانەکان، بەشی چوارەمیش بریتییە لە ڕێبازەکانی توێژینەوەکە و جۆری و سنوور و ئامرازەکانی، لە کۆتاییشدا کە بەشی پێنجەمە ئەنجام و ڕاسپاردەو سەرچاوەکان لەخۆدەگرێت.





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**رێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار رەحمان**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***


پرۆفیسۆر محەمەد عومەر مەولوود:



## جەنابی سەرۆک بارزانی چەند جار بەدواچوونی بۆ لێژنەکەی نووسینەوەی دەستوور دەکرد و هەوڵیشی دەدا بۆ لابردنی ئەو کۆسپانەی دەهاتنە بەردەم بەردەوامبوونی پرۆسەکە

شەهریار شێخلەر :




## وەزارەتی نەوتی عێراق بەپێی ئەجندە و مەرامی سیاسیی ئەو لایەنانە کار دەکات کە دژی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانن

د. ئەردەشیر پەشەنگ :




## سەرۆک بارزانی پێگە و ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ ئەوەی هەمووان لە سووریا و ناوچەکەدا کۆبکاتەوە و بە زمانی گفتوگۆ و دیالۆگ متمانە دروست بکاتەوە

دەیڤید فیلیپس :




## بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد لە تورکیا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە و ناوچەکەش دەکات

دکتۆر محەمەد پێنجوێنی:



**تێز و فکرەی توندڕەوی هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردەواری و کۆمەڵگەی ئیسلامی نییە و دوورە لە تێگەیشتنی زانستی و دروستیی دەقە ئیسلامییەکان**



هەنا عەلی :

**پێویستە خانمان ئەو بەهرەیەی کە هەیانە نەیشارنەوە و هەوڵی بۆ بدەن**

**با خۆراکی منداڵەکەت تەندروست بێت**



**زیاتر لە داتـــاشۆیەک!**



سەلار زەینەدین :

**کاراتێ لەسەر ئاستی کچان بەرەو پێشچوونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە**



نارین فەقێ :

**هونەری کوردی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاڤای کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە**





# گەشتێکی ڤێرچواڵی

## بە ناو جیهانی بوونەوەرە دیجیتاڵییەکاندا





زیرەکیی دەستکرد وەك پارێزەر

**بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی مرۆڤایەتی ئامێرێک دروست بکرێت، خۆی سەربەخۆ بڕیار بدات، توانای بیرکردنەوەی هەبێت و نەخشەی سەرەتا بۆ پلان دابنێت و داهێنان بکات**

**لی کای فو» کە زۆر بە گەشبینییەوە سەیری ئایندەی تەکنەلۆژیا دەکات، پێداگری لەوە دەکات کە ئۆتۆمبێلی بێ شوفێر «Self-drive Car» لە ئایندەیەکی نزیکدا دەکەوێتە بەردەستی مرۆڤایەتی**

ناتوانم بەو پرسیارە دەست پێبکەم «زیرەکیی دەستکرد چییە؟» لەبەر ئەوەی مستەفا سلێمان، خاوەنی کتێبی «شەپۆلی داهاتوو» و خاوەنی هەر دوو کۆمپانیای گەورەی «DeepMind و In-fiction» کە بە سەرمایەی ١٠٠ ملیار دۆلار کار لەسەر زیرەکیی دەستکرد دەکەن و خۆی دەڵێت: «هەموو بەیانییەك کاسپینی برازا بچووکە تەمەن شەشساڵییەکەم لێم دەپرسێت: مستەفا زیرەکیی دەستکرد چییە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا هەر خۆی دەڵێت: «زیرەکیی دەستکرد وەك خۆی مانای ئەو تەکنەلۆژیایە نادات بەدەستەوە کە ئێمە ئێستا دروستی دەکەین، بۆیە دەبێت بە دوای میتافۆرێکی دیکەدا بگەڕێین، بە قەناعەتی من باشترین میتافۆر بۆ زیرەکیی دەستکرد ئەوەیە پێی بگوترێت: «کائینێکی دیجیتاڵی- Digital Species».

یۆڤال نوح هەراری، کە خاوەنی چوار کتێبی پڕفرۆشترینە لە جیهاندا «ساسپیەنس، هۆمودیوس، ٢١ وانە بۆ سەدەی ٢١، نێکسەس»، کە هەر چوار کتێبەکە تەفسیری فەلسەفی و مێژوویین بۆ زیرەکیی دەستکرد، لە ئێستا دەیەوێت هەموو جیهان بگەیەنێتە ئەو قەناعەتە کە ناکرێت چیتر بەم تەکنەلۆژیایە بگوترێت زیرەکیی دەستکرد، لەبەر ئەوەی ئەم تەکنەلۆژیا تازەیە ئەقڵێکە لە دەرەوەی فەزای بیرکردنەوەی مرۆڤ و کائینێکی تازەیە، بۆیە دەبێت پێی بگوترێت: «کائینێکی دیکەی ئاقڵ - Alien Intelligence»، بۆ ئەمەش ئاماژە بە سێ بەڵگە دەکات، کە ئێستا مرۆڤایەتی بە چاوی خۆی دەیبینێت، ئەوانیش بریتین لە:

١. بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی مرۆڤایەتی ئامێرێك دروست بکرێت، خۆی سەربەخۆ بڕیار «Self-decision making» بدات.

٢. بۆ یەکەمین جارە ئامێرێك دروست بکرێت، توانای بیرکردنەوەی هەبێت و نەخشەی سەرەتا بۆ پلان دابنێت.

٣. بۆ یەکەمین جارە ئامێرێك دروست بکرێت داهێنان بکات.

پرۆفیسۆر «لی کای فو» کە بە ڕەچەڵەك تایوانییە و ئێستا لە چین دادەنیشێت، بێجگە لەوەی ماوەی ٤٠ ساڵە لە بواری تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد توێژینەوە دەکات، لە هەر سێ




زیرەکیی دەستکرد وەك قوتابی زانكۆ

کۆمپانیای گەورەی وەك «ئەپل، مایکرۆسۆفت، گوگڵ»، وەك بەڕێوەبەر و ڕاوێژکاری تەکنەلۆژی کاری کردووە، لە ئێستاشدا بە بڕی زیاتر لە سێ ملیار دۆلار وەبەرهێنانی لە بواری زیرەکیی دەستکرد هەیە و، لە دوایین کتێبی بە ناونیشانی «زیرەکیی دەستکرد لە ٢٠٤١- AI in 2041» کە خۆی دەڵێت: بۆیە ئەم ناونیشانەم هەڵبژاردووە لە بەر ئەوەی «AI» زۆر لە «٤١» دەچێت، مەزندەی ئەوە دەکات لە ساڵی ٢٠٤١ زیرەکیی دەستکرد کۆی خەیاڵە زانستییەکان بکاتە واقیع و، کتێبەکەشی بە هاوبەشی لەگەڵ «چان چیوڤان»ی ڕۆماننووسی خەیاڵی زانستی نووسیوە و، کتێبەکەیان دابەش کردووە بۆ ١٠ بۆچوونی جیاواز، کە لەناو ١٠ چیرۆکی خەیاڵیی زانستیدا وێنا کراون و پاشان شرۆڤەی بەرزی زانستی بۆ ئاستی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا خراوەتە ڕوو. لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا «لی کای فو» کە زۆر بە گەشبینییەوە سەیری ئایندەی تەکنەلۆژیا دەکات، پێداگری لەوە دەکات کە ئۆتۆمبێلی بێ شوفێر «Self-drive Car» لە ئایندەیەکی نزیکدا دەکەوێتە بەردەستی مرۆڤایەتی، ئەویش پێی وایە چیتر ناکرێت بەم تەکنەلۆژیایە بگوترێت «زیرەکیی دەستکرد»، لەبەر ئەوەی بە تەواوەتی بووەتە مرۆڤێکی دیجیتاڵی «Digital Human»، ئەمەش مانای ئەوەیە گۆڕانکارییەکان خێران و ئەم تەکنەلۆژیایە لەناو چەمکی زیرەکیی دەستکرددا جێگەی نابێتەوە.

نیك بۆسترۆم «Nick Bestrom» کە فەیلەسووفێکی سویدییە و تایبەتمەندە لە بواری ئەنترۆپۆلۆژی و دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی تەکنەلۆژیا لەسەر مرۆڤایەتی لە دوایین کتێبیدا دەخاتەڕوو بە ناونیشانی «یۆتۆپیایەکی قووڵ: ژیان و ماناکانی لە جیهانێکی ساغڵەمدا - Deep Utopia: Life and Meaning in a Solved World»، سەبارەت بە ئایندەی تەکنەلۆژیا لەناو ئەم خەیاڵە قووڵەدا پێمان دەڵێت: «وەك ئەو منداڵانە چاو لەسەر بەیانییەکی تازە دەکەینەوە، کە شەوی پێشتر بەفرێکی چڕ باریبێت و ئەو تۆپەڵە بەفرانە ڕایچڵەکاندبین کە بەر پەنجەرەی ژوورەکانمان دەکەوت، لەو کاتەدا پەلەمان بوو لەسەر نووکە پێ خۆمان بەرز بکەینەوە، بۆ ئەوەی دیمەنە گۆڕاوەکە ببینین، بەڵام لە بەیانیدا بینیمان

دەبێت وەک مرۆڤایەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو مەترسییانەی تەکنەلۆژیا «ئەقڵی هاوبەشمان هەبێت و هەموو کاتێک ئەو هاوبەشییە بوونی هەبێت»، ئەگەرنا ئایندەی مرۆڤایەتی سەلامەت نابێت

هیچ کەس ناتوانێت نکۆڵی لە هێز و توانای ئەو تەکنەلۆژیایە بکات کە پێی دەگوترێت «زیرەکیی دەستکرد»، کە لە ئێستادا توانای گەیشتووەتە ئەوەی لە گەمەی «GO» لە پاڵەوانی جیهانی بباتەوە و جیهان تووشی شۆک بکات



ئۆتۆمۆبیلی بێ شوفێر

خاکی بە بەفر داپۆشراو لەبەر تیشکی خۆردا دەدرەوشێتەوە، لقی دارەکان کە دوای گەڵاڕێزان ببوونە شتێکی دڕدۆنگ، ئێستا کە بەفرەکە دایپۆشیون، بوونەتە شتێکی ئەفسوناوی، لەم ساتەدا ئێمە کاراکتەری ناو چیرۆکێکین، یان لەناو جیهانێکی خەیاڵیداین، هەر بۆیە زۆر بە خێرایی هەوڵ دەدەین، پۆتینەکانمان لە پێ بکەین و، دەستەوانەکانمان لەدەست بکەین و، ڕابکەینە دەرەوە بۆ ئەوەی ئەو دیمەنە تازەیە ببینین و یاری بە بەفرەکە بکەین. یاری بکەین. یاری . یاری».

ئەم بیرمەندە گەورەیە کە خاوەنی کتێبێکی دیکەشە بە ناونیشانی «سوپەر ئینتلیجنس: ڕێگە، مەترسی، ستراتیژی» و لە مەترسییەکانی ئەم تەکنەلۆژیایە مرۆڤایەتی ئاگادار دەکاتەوە، لەناو ئەم خەیاڵە قووڵەی لە داوایین کتێبیدا، بارینی بەفرە چڕەکەی بە داهێنانە پێشبینینەکراوەکانی تەکنەلۆژیا بۆ وەرچەرخانی جیهان بە جیهانێکی ساغڵەم وێنا دەکات. لە یەکەمین گفتوگۆی کاراکتەری «تێیسیەس» لەگەڵ کاراکتەری «فیراٖفیکس» کە دوو کاراکتەرن، گفتوگۆ لەسەر سەردەمی سەدان ساڵی ژیانی دوای ئێستا دەکەن، کاتێك «فیراٖفکیس» لە «تێیسیەس» دەپرسێت: کێ ئەو هەموو سەوزاییەی لە شارەکەمان دروست کردووە؟ لە وەڵامدا پێی دەڵێت: ئەوە هەمووی «نیك بۆستروٚم» دروستی کردووە. هەر بۆیە بە سەرسامییەوە دووبارە فیرافیکیس دەپرسێت: بۆ هەتا ئێستا «نیك بۆستروٚم» نەمردووە؟ ئەویش پێی دەڵێت: نەخێر، لەبەر ئەوەی ئەو دەرمانەی دۆزیوەتەوە کە «کۆتایی بە مردن» هێناوە.

**ئێستا ئاستی بایەخدانی دەوڵەتان بە خۆپڕچەککردن گەیشتووەتە ٥٠٪ی داهاتی نیشتمانیی هەر دەوڵەتێک، کە ئەم ڕێژەیە لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەم بۆ کەمتر لە ٧٪ دابەزیبوو**

ئەم خەیاڵە قووڵەی «نیك ستروٚم» کە لە خەیاڵە زانستییەکانی «لی کای فو و چان چیڤان» و کتێبی زیرەکیی دەستکرد لە ٢٠٤١، بە شێوەیەك لە شێوەکان نزیکە، بەڵام نازانرێت بەفرە زەوینییە پرشنگدارەکەی «نیك بۆستروٚم» هەر بەو پرشنگدارییە دەبێتە گۆڕەپانیك بۆ شەڕ و بەفر و یاری، یان دەبێتە بەستەڵەك و مرۆڤەکان ڕەق دەکاتەوە.

● **مەترسیی کائینە دیجیتاڵییەکان**

«یەجین چۆی» ئەندازیاری ئای تی و پڕۆفیسۆر لە زانکۆی واشنتۆن لە پرزنتەیشنێکدا کە لەسەر پلاتفۆرمی «TED» پێشکەشی کرد، پێش ئەوەی باس لە تەکنەلۆژیای



فێربوونی قووڵ

زیرەکیی دەستکرد بکات، بە گوتەیەکی ڤۆڵتێر دەروازەیەکی گرنگ و فراوانی بۆ قسەکردن لەسەر دەرهاویشە و مەترسییەکانی ئەم تەکنەلۆژیایە کردەوە و گوتی: لەگەڵ ئەوەی ڤۆڵتێر گوتوویەتی: «ئەقڵی هاوبەش هەموو کات هاوبەش نییە»، بەڵام دەبێت وەك مرۆڤایەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو مەترسییانەی تەکنەلۆژیا «ئەقڵی هاوبەشمان هەبێت و هەموو کاتێك ئەو هاوبەشییە بوونی هەبێت»، ئەگەرنا ئایندەی مرۆڤایەتی سەلامەت نابێت. ئاماژەی بەوەش کرد، هیچ کەس ناتوانێت نکۆڵی لە هێز و توانای ئەو تەکنەلۆژیایە بکات کە پێی دەگوترێت «زیرەکیی دەستکرد»، کە لە ئێستادا توانای گەیشتووەتە ئەوەی لە گەمەی «GO» لە پاڵەوانی جیهانی بباتەوە و جیهان تووشی شۆك بکات. هەروەها توانیویەتی تاقیکردنەوەی سەندیکای پارێزەران تێپەڕێنێت و ببێتە پارێزەر و دادوەر، توانیویەتی تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە زانکۆکان تێپەڕێنێت و ئێستا وەك قوتابی لە زانکۆکان دەخوێنێت، بەڵام بە ئاستی ئەم توانا و زیرەکییەش ئەم تەکنەلۆژیایە گێل و نەزانە و ئەگەر لێی بپرسیت: من پێنج پارچە جل دەبەمە بەر خۆر بە پێنج کاتژمێر وشك دەبنەوە، ئەی ئەگەر ٣٠ پارچە جل ببمە بەرخۆر بۆ ئەوەی وشك ببنەوە چەند کاتژمێرم پێویستە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا خاتوو چۆی زۆر بە متمانەوە لەسەر ئەم نەزانی و گێلییەی تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد قسە دەکات و دەڵێت: بچن خۆتان تاقی بکەنەوە، بزانن پێشکەوتووترین ئەپڵیکەیشنی زیرەکیی دەستکرد ناڵێت «پێویستت بە ٣٠ سەعاتە».

چۆی زیاتر لەسەر گێلی و نەزانی تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد پێدادەگرێت و پێمان دەڵێت: ئەگەر زیرەکیی دەستکرد لەو شتە سادانە ئەوەندە گێل و نەزان بێت، باشە ئێستا ئەم تەکنەلۆژیا بە کردەیی «دادوەر و پارێزەرە»، ئەی ئەگەر لەکاتی پرۆسەی دادوەریدا «دادوەرەکە، یان پارێزەرە AIیەکە» بە هەڵە ماددەیەکی یاسایی تەفسیر کرد، ئایا دەسەڵاتی دادوەری چ کارەساتێکی بەسەر دێت؟

کێشەی سەرەکیی کائینی دیجیتاڵی ئەوەیە بە شێوازێکی جیاواز لە مرۆڤ کارەکانی

**کێشەی دروستبوونی ململانێ و کێبڕکێی نێوان دەوڵەتان و کۆمپانیاکان لەسەر بەرەوپێشەوەبردنی داهێنانەکانی زیرەکیی دەستکرد، دروستبوونی ئەم کێبڕکێیە تەواو تەواو پرسی پێکەوە سازان قورس دەکات**

دەکات، هەر بۆ نموونە کاتێك کائینی دیجیتاڵی گەمەی «GO» ی لە سیدۆڵ پاڵەوانی جیهانی وەك کائینێکی ئۆرگانی بردەوە، جووڵەیەك کە کائینی دیجیتاڵی گەمەکەی پێ بردەوە، زیاتر لە ٢٥٠٠ مرۆڤ ئەو جووڵەیە بە هەڵە دەزانن، بەڵام کائینە دیجیتاڵییەکە سەلماندی ئەو جووڵەیە دروستە.

یۆڤاڵ نوح هەراری، لە دوایین کتێبیدا بە ناونیشانی «نێکەسەس: کورتەیەك لە مێژووی زانیاری لە سەردەمی بەردینەوە هەتا AI»، پێمان دەڵێت: «ئەگەر زانا و توێژەرە گەورەکانی بواری (ئای تی) بەوە دڵخۆشمان دەکەن، کە شۆڕشی چاپ، شۆڕشی پیشەسازیی یەکەمی بە دوای خۆیدا هێناوە، ئەوە ئەوان لە مێژوو بێئاگان، لەبەر ئەوەی شۆڕشی چاپ، بۆ ماوەی ٢٠٠ ساڵ تەنیا کتێبی خورافاتی بەرهەم هێنا، کە هەرە دیارەکەیان «چەکوشی ساحیر و ڕاوکردنی ساحیرانە»، لەمەش زیاتر لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازییش هاوکێشەکانی «کۆپەرنیکۆس» و تیۆرەکانی «ئیسحاق نیوتن»ی پێ چاپ نەدەکرا. نیوتن لەسەر حیسابی خۆی گۆڤارێکی زانستی دروست کرد، بۆ ئەوەی تەنیا تیۆرەکانی ئەو سەردەمە دیکیۆمێنت بکات و نەفەوتێن، نەك بڵاوی بکاتەوە بۆ ئەوەی خەڵك بیخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی خەڵك بایەخ بە خوێندنەوەی تیۆرە زانستییەکان و هەقیقەت نادات، بەڵکو سرووشتی مرۆڤ بەو جۆرەیە خوازیاری «چیرۆك و حیکایەتە».

مەبەستی هەراری لە بەراوردکردنی شۆڕشی چاپ «Press Revolution» بە شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم «Fourth Industrial Revolution» کە زیرەکیی دەستکردی بەرهەم هێناوە، لەگەڵ ئەوەی لە چەند ڕوویەکەوە خزمەتی مرۆڤایەتی کردووە، بەڵام هەڕەشەیەکی جدیشی لەسەر کۆی چارەنووسی مرۆڤایەتی و بەهاکانی دیموکراتی و لیبراڵی دروست کردووە، بە جۆرێك ئەم تەکنەلۆژیا تازەیە، جیهانی نوقمی زانیاری کردووە، کە نازانرێت کامە زانیاری دروستە و کامەیان نادروستە، یان نازانرێت کام هەواڵ ڕاستە، یان کەمیان فەیك و درۆ و چەواشەکارییە. لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە، ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە زیرەکیی دەستکرد وەك کاراکتەرێك لە تاقیگایەکی کیمیا کار لەسەر دۆزینەوەی ماددەیەکی کیمیایی ترسناك دەکات، شێوازی کارکردنەکەشی سنووری ئەقڵی مرۆڤی تێپەڕاندبێت و بەسەر مرۆڤایەتیدا تێپەڕ بێت، ئایا چ کارەساتێك ڕوو دەدات؟

خاڵی زۆر گرنگ و مەترسیدارتر کە هەراری باسی دەکات، ئەوەیە کۆنگرێسی ئەمریکا لە مەترسیی ئەم تەکنەلۆژیایە تازە تێناگەن، هەر بۆیە دانیشتنێکی گوێگرتنیان لە کۆنگرێس بۆ «ئیلۆن ماسك» ڕێکخستبوو، بۆ ئەوەی باسی مەترسییەکانی ئەم تەکنەلۆژیا تازەیەیان بۆ بکات. هەراری دەڵێت: «ئیلۆن ماسك» و «سام ئەلتمان» کە دوو زانا و سەرمایەداری گەورەی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکردن، ئەوان زۆر باش لە مەترسییەکانی ئەم تەکنەلۆژیا تازەیە تێدەگەن، بەڵام گەورەترین بەربەست لە بەردەمیان ئەوەیە ئەو کۆمپانیا گەورانەی لەم بوارە کاردەکەن، متمانەیان بە یەکتری نییە و، هەریەکەیان ترسی ئەوەی هەیە بەرانبەر بە نهێنی، درێژە بە داهێنانەکانی ئەم بوارە بدات، پاشان ئەوی دی دوا بکەوێت، بۆیە کێشەکانی زیرەکیی دەستکرد بە هاوشێوەی مەترسییەکانی گۆڕینی کەشوهەوا و بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی بە پلەی یەکەم ئەوەیە کە «لیکتێگەیشتن و هەماهەنگی و پابەندبوون بە یاسا جیهانییەکان» لەسەر ئاستی جیهان بوونی نەماوە، بۆیە هەر دەوڵەتێك خەم لە دەوڵەتەکەی خۆی دەخوات و باشتر خۆی پڕچەك دەکات، کە لە ئێستا ئاستی بایەخدانی دەوڵەتان بە خۆپڕچەککردن گەیشتووەتە ٥٠٪ی داهاتی نیشتمانیی هەر دەوڵەتێك، کە ئەم ڕێژەیە لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەم بۆ کەمتر لە ٧٪ دابەزیبوو.

**● ئێمە وەك کورد و هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ سەردەمی کائینی دیجیتاڵی بکەین؟**

ئەوەی جێگەی هەڵوەستەی جددی و هەندێك جار بزەیەکی شەرمنانەیە، ئەوەیە کە ئەوەی تێکڕای بیرمەندان وەك گرێ کوێرە و ئاستەنگی گەورە بۆ ڕێگرتن لە دەرهاویشتە نەرێنییەکانی زیرەکیی دەستکرد و کۆی کێشە جیهانییەکان باسی دەکەن و لەسەری کۆکن بەوەی ئەگەر ئەو

**ئەوەی کۆی بیرمەندانی جیهانی لێی دەترسن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەناو تێکرای پرۆسەی سیاسیی هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەوەیە کە لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا «لێکتێگەیشتن و هاریکاریی و هەماهەنگی» لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا بوونی نییە**

**لە تورکیاش کە ئێستا ئاراستەیەک هەیە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و دەستپێکی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا، لەوێش دیسان مەترسیی ئەوە هەیە، کە ئەمجارەش وەک ساڵی ٢٠١٢ سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیل ئەم هەوڵەش لە بار بەرن**

هەنگاوانە هەڵنەگرن، چارەنووسی مرۆڤایەتی گەش نابێت، ئەوا وەك دواتر دێنە سەر ئەو کێشانە، ئەوا بە دەق و لە هەندێك ڕووەوە زیاتریش هەمان ئەو کێشانە لەناو کۆمەڵگەی سیاسیی کوردی لە هەر چوار پارچە و لەناو کۆمەڵگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە و کەسیش ئامادە نییە، گوێ لە بەرانبەرەکەی بگرێت و گفتوگۆ بکەن بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ ئەو کێشانە بدۆزرێتەوە.

لێرەوە ئەگەر سەرنج بدەین و بگەڕێینەوە بۆ قسەکەی ڤۆڵتێر کە دەڵێت: «ئەقڵی هاوبەش هەموو کاتێك هاوبەش نییە»، کە ڤۆڵتێر کاتێك ئەم قسەی کردووە، لە فەرەنسا نەبووە، بەڵکو لە بروسیا و لە تاراوگە ژیاوە. پرسیار ئەوەیە ئەگەر فەرەنسییەکان لێکتێگەیشتن و هاریکاری و هەماهەنگی لە نێوانیاندا هەبوایە، بۆچی وڵاتەکەی خۆیان بەجێدەهێشت؟ لەمەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ «نیك بۆسترۆم» فەیلەسووفی سویدی، لە وەڵامی پرسیارێکدا کە لە دیمانەیەکدا لێیان پرسی گرنگترین و مەترسیدارترین ئالنگارییەکان لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا چین؟ لە وەڵامدا گوتی: سێ هۆکارن کە بریتین لە:

١. نەبوونی پێکەوەسازان «التوافق» لە نێوان کۆمپانیا گەورەکانی زیرەکیی دەستکرد، ئەم پرسە هێندە مەترسیدارە لە کتێبەکەم بە ناونیشانی «سۆپەر ئینتلیجنس: ڕێگە، مەترسی، ستراتیژی» یەك فەسڵی تەواوم بۆ تەرخان کردووە.

٢. کێشەی دروستبوونی ململانێ و کێبڕکێی نێوان دەوڵەتان و کۆمپانیاکان لەسەر بەرەوپێشەوەبردنی داهێنانەکانی زیرەکیی دەستکرد، دروستبوونی ئەم کێبڕکێیە تەواو پرسی پێکەوە سازان قورس دەکات.

٣. نەبوونی کۆدێکی ئەخلاقی بۆ کۆنترۆڵکردنی زیانەکانی زیرەکیی دەستکرد، هەروەها ڕێگرتن لەوەی کە ڕێگە نەدەین کە دەوڵەتێك دەوڵەتێکی دیکەی پێ سزا بدات.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر کێشەی خۆمان وەك کێشەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و کێشەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بخوێنینەوە، دەبینین ئەوەی کۆی بیرمەندانی جیهانی لێی دەترسن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەناو تێکڕای پرۆسەی سیاسیی هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەوەیە کە لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا «لێکتێگەیشتن و هاریکاریی و هەماهەنگی» لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا بوونی نییە، ئەمەش بووەتە ئاستەنگێکی قورس کە مەترسیمان هەبێت، لەو گۆڕانکارییانەی بەم دواییە لە سووریا هاتوونەتە ئاراوە و کوردی ڕۆژئاوا نەتوانێت بە یەکگرتوویی لە چوارچێوەی «یەك شان، یەك ئاراستە، یەك ئامانج» سوود لەو دەرفەتە وەربگرن کە ئێستا هاتووەتە ئاراوە، بە هەمان شێوە لە باکووری کوردستان لە تورکیاش کە ئێستا ئاراستەیەك هەیە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و دەستپێکی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا، لەوێش دیسان مەترسیی ئەوە هەیە، کە ئەمجارەش وەك ساڵی ٢٠١٢ سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیل ئەم هەوڵەش لە بار بەرن.

چارەسەری کێشەی کورد لە سووریا و تورکیا، دەروازەیەك بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران دەکاتەوە، بەڵام ئەم خۆزگەیە هەر بە ناکاملی دەمێنێتەوە، ئەگەر نەتوانین وەك سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێ کردووە، لەسەر «یەك بەرنامە، یەك شاند، یەك ئاراستە» ڕێك بکەوین.


لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە عێراقیش کە ماوەی نزیکەی سێ مانگە هەڵبژاردنمان ئەنجام داوە، هێشتا بە ڕوونی دیار نییە، لە کاتێکی دیاریکراوی نزیکدا لایەنە سیاسییەکان ڕێك دەکەون بۆ ئەوەی بە زووترین کات کابینەی دەیەم پێك بهێنرێت.

جەختکردنەوەمان لەسەر ئەم لایەنە نەرێتییەی واقیعی کورد لەناو هاوکێشە کۆنەکەی سیاسەتی جیهاندا، هەڵوەستەیەکی ڕاشکاوانەیە لەسەر ئەوەی کورد بەم واقیعە سیاسییەی ئێستا مامەڵە لەگەڵ خۆی دەکات، کەوتووەتە دەرەوەی ئەو مێژووەی کە هەنگاو بۆ یۆتوبیا قووڵەکەی «نیك بۆسترۆم» هەڵدەگرێت، هەروەها کەوتووینەتە دەرەوەی ئەو مێژووەی کە مستەفا سلێمان داوامان لێدەکات، پێشوازی لە شەپۆلێکی نوێی وەرچەرخان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بکەین.

چارەسەری کێشەی کورد لە سووریا و تورکیا، دەروازەیەک بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران دەکاتەوە، بەڵام ئەم خۆزگەیە هەر بە ناکاملی دەمێنێتەوە، ئەگەر نەتوانین وەک سەرۆک بارزانی ئاماژەی پێ کردووە، لەسەر «یەک بەرنامە، یەک شاند، یەک ئاراستە» ڕێک بکەوین

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە عێراقیش کە ماوەی نزیکەی سێ مانگە هەڵبژاردنمان ئەنجام داوە، هێشتا بە ڕوونی دیار نییە، لە کاتێکی دیاریکراوی نزیکدا لایەنە سیاسییەکان ڕێک دەکەون بۆ ئەوەی بە زووترین کات کابینەی دەیەم پێک بهێنرێت





# ژیان لەگەڵ زیرەکیی دەستکرد لە ساڵی ٢٠٤١دا

## کاتێک مرۆڤی دیجیتاڵی کۆنترۆڵمان دەکات و دەمانکاتە کۆیلەی خۆی

کتێبی «زیرەکیی دەستکرد لە ٢٠٤١» کە لەلایەن پرۆفیسۆر «لی کای فو»ی توێژەری بواری «ئای تی» و بزنێسمانی بواری تەکنەلۆجیای زیرەکیی دەستکرد، هەروەها «چان چیوڤان» گەورە ڕۆماننووسی خەیاڵی زانستی نووسراوە، کتێبەکە دابەش کراوە بۆ ١٠ بۆچوونی جیاواز، بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای زیرەکیی دەستکرد لە ٢٠٤١ و ئەم ١٠ بۆچوونە جیاوازە لەناو ١٠ چیرۆکی خەیاڵی زانستی وێنا کراوە و پاشان لە هەر بەشێکدا شرۆڤەی زانستی پسپۆڕایەتیی «ئای تی» بۆ کراوە، ئەم نووسینە بەشێکە لە چیرۆکی یەکەم بە ناونیشانی «فیلە ئاڵتوونییەکە – The Golden Elephant» کە لێرەدا پوختەیەکی لێ بڵاو دەکەینەوە.



«بەروار ساڵی ٢٠٤١، گۆڕەپانی پەیکەری گانیش لە شاری بۆمبای هیندستان جمەی دێت و فیستیڤاڵی ڤارسیان بەڕێوە دەچێت. لەو ڕێوڕەسمەدا پەیکەری گانیش کە خواندی هیندستانییەکانە بە شۆڕاو دەشۆرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕەنگە ئاڵتوونییەکەی پەیکەرەکە پرشنگ بداتەوە و بدرەوشێتەوە.

لەبەرانبەر ئەم پەیکەرە گەورەیە و لەناو ژاوەژاوی ئەم فیستیڤاڵەدا، خێزانێکی هیندستان لەناو ئەپارتمانێکی شاری مومبای دەژین. ئەم خێزانە پێکهاتووە لە «باوك، دایك، کچێکی نەوجەوان و کوڕێکی تەمەن هەشت ساڵان». نایانا، کە کچی ئەمماڵەیە لە پۆلی ١٠ی بنەڕەتی دەخوێنێت، زۆر بە سەرنجەوە سەیری نەنکی دەکات کە بە دیار تەلەفزیۆنەوە دانیشتووە و چەپڵە لێدەدات و گۆرانی دەڵێت. بابە سەنجاب و دایە ڕایا لە مەتبەخەکەن و بە قاپ و قاچاخ تەپڵ لێدەدەن و سەما دەکەن، وەك ئەوەی ڕۆڵی پاڵەوانی فیلمێکی بۆلیوود بگێڕن. ڕۆهان برا بچووکە تەمەن هەشت ساڵییەکەش دەمی پڕە لە چپس و جارجارەش قومێك پیپسی بەسەردا دەکات، بەم منداڵییە هێندە قەڵەوە خراوەتە ژێر چاودێریی توندی پزیشك بۆ ئەوەی ڕێگەی نەدەن هێندە چەوری و شیرینی بخوات.

نایانا، بە پێچەوانەی ئەندامانی خێزانەکەی خەیاڵی لای شتێکی دیکەیە و هەموو بیری لای ئەوەیە چۆن ئەو ئەپڵیکەیشنە داونلۆد بکات کە دەستەخوشکەکانی لە پۆل پێیان وتووە، ئەم ئەپڵیکەیشنە تازەیە «FateLeaf» هەر پرسیارێکی لێ بکەیت (لەسەر ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) وەڵامت دەداتەوە.

براندی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەوەی نەشاردووەتەوە کە ئیلهامی لە نووسینەکانی «ئاگاسیا»ی گەورە حەکیمی هیندستان وەرگرتووە، کە هەزاران ساڵ پێش ئێستا زانیاریی تەواوی لەسەر هەر مرۆڤێك بۆ «ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو» لەسەر گەڵای دارخورما نەخشاندووە، بەڵام بە هۆی ئەو بارودۆخە نائاساییەی لە مێژووی هیندستاندا بوونی هەبووە، بەشێکی گەڵاکان فەوتاون. لە ساڵی ٢٠٢٥ گەورە کۆمپانیایەکی

تەکنەلۆژی هەستاوە بە سکانکردنی ئەو بەشەی لە گەڵای دارخورماکە، پاشان نەخشی سەر ئەو گەڵایەی بە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد و فێربوونی قووڵ «DeepLearning» هەموو زانیارییەکانی لە زمانی سانسکرینییەوە وەرگێڕاوە و شرۆڤەی کردووە، گەڵا ونبووەکانیشی دیسان دروست کردووەتەوە و لە ئەپڵیکەیشنێکدا کۆی کردووەتەوە و ئێستا لە ساڵی ٢٠٤١ لە میمۆری سمارت فۆنێکدا بۆ ٨،٧ ملیار کەسی سەر ئەم هەسارەیە بەردەستە.

نایانا ئەم ئەپڵیکەیشنەی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی لێی بپرسێت: سەهاج (ئەو کوڕە هاوپۆلەی کە سەرنجی ڕاکێشاوە) خۆشی دەوێت یان نە؟ بۆیە هەر کە داونلۆدی کرد، یەکەم پرسیاری بۆ ئەپڵیکەیشنەکە نووسی و لێی پرسی: ئایا سەهاج منی خۆش دەوێت؟ پێش ئەوەی وەڵامی بداتەوە، ئەپڵیکەیشنەکە مەسیجێکی بۆ نارد «وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە نرخەکەی ٢٠٠ ڕوپیەیە»، نایانا یەکسەر پەسەندی کرد و پرسیارەکەی نارد، بەڵام وەڵامەکەی زۆر دواکەوت.

نایانا، لە چاوەڕوانیی وەڵامی ئەپڵیکەیشنەکەدا، خەیاڵی ڕۆیشت بۆ ئەوەی هۆکاری چییە کە سەهاج نازناوی خۆی لە SharaChat گرووپی ئۆنلاینی پۆلەکەی نانووسێت، ئەوەی بیر کەوتەوە کە دەستەخوشکەکانی هاوپۆلەکەی لەناو گرووپەکە چپەچپیان لەسەر ئەوە کردووە، کە هۆکاری ئەوەی سەهاج نازناوی خۆی نانووسێت، ئەوەیە کە سەر بە چینێکی خوارەوەی کۆمەڵگەی هیندستانە، کە بەپێی سیستەمی نەریتی و چینەکانی هیندستان، هەر کەسێك لە دەرەوەی چوار چینەکەی سیستەمی قارنای هیندستان بێت، ئەوا بە هاووڵاتی لەقەڵەم نادرێت و بە دالیت «Dalit» ناو دەبرێت. ئەم چینە نزمە کە ژمارەیان ٢٠٠ ملیۆنە لە هیندستان و هیچ مافێکیان لە حکومەت و دامەزراوەکان و تەنانەت خوێندنی قوتابخانەکان نییە، لە ساڵی ٢٠١٠ حکومەتی هیندستان بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم نادادپەروەرییە یاسایەکی دەرکرد، کە ڕێژەی ١٥٪ی ئەم چینە دەتوانن بچنە قوتابخانە و لە دامەزراوەکانی حکومەت ڕێگەیان پێدەدرێت کاربکەن، هەر بۆیە لە دوای ئەم یاسایەوە کاتێك ئەندامانی چینی «دالێت» تێکەڵاوی کۆمەڵگە دەبن، بە ئاسانی ناناسرێنەوە، بۆیە هەساجیش نازناوەکەی خۆی نانووسێت، بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە کە سەر بە چینی دالێتە.

لە ناو قووڵایی ئەم خەیاڵەدا بوو کە دەنگی مەسجی ئەپڵیکەیشنەکە نایانای ڕاچڵەکاند و وەڵامی دابووە: «بەداخەوە، زانیاریی پێویست لای FatLeaf لەسەر ئەو کەسە وەکو پێویست نییە، بۆیە لە ئێستادا ناتوانێت وەڵامت بداتەوە».

نایانا بەم وەڵامەی ئەپڵیکەیشنەکە زۆر تووڕە بوو، بۆیە دەیان جاری دیکە هەمان پرسیاری ناردەوە و هەموو جارێکیش ٢٠٠ ڕوپیە لە حیسابە بانکییەکەی دادەشکێندرا، بەڵام وەڵام هەر ئەوەندە بوو «بەداخەوە، زانیاریی پێویست بەردەست نییە»، ئەمەش نایانای زۆر تووڕە کرد و سمارت فۆنەکەی فڕێ دا و چوو بۆ هۆڵی نانخواردن، کە سەیری کرد، ڕایای دایکی لە کۆتایی ئامادەکردنی نانی ئێوارەیە، بەڵام نایانا کە سەیری مێزی نانخواردنەکەی کرد، سەری سوڕما، کە بینی بۆ یەکەمین جارە خوانی ئەم ئێوارەیە لە خوانی ئێوارانی پێشوو ناچێت. لەسەر مێزەکە کۆمەڵێك خواردنی گرانبەهای چینی دانرابوون، کە هەموویان بە دلیڤەری هێنرابوون. بیری لەوە دەکردەوە سەنجابی باوکی کە هەموو کات لەسەر ڕووپیەیەك شەڕیان پێدەفرۆشێت، چۆن زاتی کردووە ئەم خواردنە گرانبەهایانە بکڕێت، لەمەش سەیرتر، سەیری کرد ڕایای دایکی دوایین مۆدێلی کراسێکی ئاوریشمی ستایل پاریسی لە بەردایە و گوارەی ئاڵتوونی لە گوێدایە و ملوانە و و گەوهەری لە ملدایە، نەنکیی زۆر دڵی خۆشە و پێدەکەنێت، لە هەمووی شت زیاتر کە بەسەیر هاتە بەرچاوی ئەوەبوو کە ڕۆهانی برا بچووکەکەی بە پرسیاری بێ مانا هەراسانی ناکات.

لەناو ئەم سەرسوڕمانە گەورەیەدا، نایانا بە دەنگی بەرز پرسیاری لە دایکی کرد: ئایا باوکم لە کارەکەی پلەی بەرز کراوەتەوە؟ ئایا لۆتەریمان بۆ دەرچووە؟ پێم بڵێن ئەم هەموو پارەیەتان لەکوێ بووە؟

دایکی سەیرێکی کرد و پێی گوت: جارێ وات لێنەهاتووە وا بە بێڕێزی لەگەڵ دایکت قسە بکەیت.

جارێکی دیکە نایانا ڕووی لە دایکی کردەوە و

**لەناو ئەم سەرسوڕمانە گەورەیەدا، نایانا بە دەنگی بەرز پرسیاری لە دایکی کرد: ئایا باوکم لە کارەکەی پلەی بەرز کراوەتەوە؟ ئایا لۆتەریمان بۆ دەرچووە؟ پێم بڵێن ئەم هەموو پارەیەتان لەکوێ بووە؟**



# نیک بۆستڕۆم کۆتایی بە مردن هێناوە

**لە یەکەمین گفتوگۆی کاراکتەری «تێیسیەس» لەگەڵ کاراکتەری «فیزافیکس» کە دوو کاراکتەرن لە کتێبی «یوتوبیای قووڵ» گفتوگۆ، کە لە سەردەمی سەدان ساڵی دوای ئێستا دەژین، کاتێک «فیزافکیس» لە «تێیسیەس» دەپرسێت کێ ئەو هەموو سەوزاییەی لە شارەکەمان دروستکردووە، لەوەڵامدا پێی دەڵێت ئەوە هەمووی «نیک بۆستڕۆم» دروستی کردووە، هەر بۆیە بەسەرسامییەوە دووبارە فیزافیکیس دەپرسێت بۆ هەتا ئێستا «نیک بۆستڕۆم» نەمردووە، ئەویش پێی دەڵێت نەخێر لەبەر ئەوەی ئەو دەرمانەی دۆزیوەتەوە کە «کۆتایی بەمردن» هێناوە.**

لێی پرسی: ئەم گۆڕانکارییە سەیرانە چین لەم ماڵە دەیانبینم؟ بۆ من لێی تێناگەم؟ یان دیارە من شێت بووم و ئەقڵم لە دەست داوە.

ئەمجارەیان دایکی بە پێکەنینەوە پێی گوت «کچم چی گۆڕاوە، ئەوەی گۆڕاوە، ئەوەیە خانمی شا، کە ژنێکی دراوسێمانە هاتە لام و زۆر بە وردی ئەپڵیکەیشنی کۆمپانیای دڵنیایی گانیش «Ganesh Insurance» بۆ باس کردم و پێی ڕاگەیاندم، کە ئەم کۆمپانیایە بە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد، ئەم ئەپڵیکەیشنەی زۆر بە وردی بۆ پلانی دڵنیایی ژیان بەپێی پێداویستییەکانی خێزان پێش خستووە و، بە تەنیا یەك پلاتفۆرمیش نییە، بەڵکو کۆمەڵێك بەشی جیاجیای تێدایە کە پێداویستییەکانی خێزان ڕێك دەخات، بۆ نموونە بەشێك بۆ دانانی پارەی پێویست و پێدانی پشکی دڵنیایی، بەشێکی دیکە هەلی وەبەرهێنانت پێشکەش دەکات، بەشێکی دیکە بازاڕێکی ئۆنلاینە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانە، بەشێکی دیکە ڕێگەت بۆ دیاری دەکات، چۆن مامەڵەی بازرگانی لە ناوچەکەی خۆت بکەیت.

نایانا، تۆزێك تاسا و بیری کردەوە و بە هێمنی لە دایکی پرسی: ئەی خوایە، چۆن ئەم ئەپڵیکەیشنە زانیاریی ورد و درشتی خێزانەکەمان دەزانێت؟

دایکی لە وەڵامدا پێی گوت: ئێمە بەشداریمان کردووە لەو داتا لینکەی کە دەگاتە هەموو ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی ئەندامانی خێزانەکەمان، وەك (ئەکەونتەکانمان لە هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بوونمان لە گرووپەکانی ئۆنلاین، ئیمیل و قسەکردنمان لە مۆبایل و هۆیەکانی دیکەی تۆڕی کۆمەڵایەتی و.. هتد.

نایانا، کە گوێی لەم قسانەی دایکی بوو، دەموچای سوور هەڵگەڕا و تووڕە بوو و گوتی: «چۆن بەبێ ئەوەی پرسم پێبکەن، منیشتان لەناو ئەو داتا لینکە تۆمار کردووە؟

باوکی لە وەڵامدا زۆر بە تووڕەیی پەنجەی بە ڕووی بەرز کردەوە و بەدەنگی بەرز پێی گوت: تۆ تەمەنت هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی خۆت بڕیار بدەیت. من باوکی تۆم و بۆم هەیە لەبری تۆ بڕیار بدەم و لەو داتا لینکیش تۆمارت بکەم.

نایانا، کە ئەم وەڵامە توندەی باوکی گوێ لێبوو، بە چاوێکی پڕ فرمێسك و دڵێکی خەمناکەوە لەبەر خۆیەوە گوتی: ئیدی هیچ شتێکی ئەم خێزانە نهێنی و تایبەتی نییە، ناتوانین هیچ کارێك بکەین، هەتا مۆڵەت لە دڵنیایی گانیش «Ganesh Insurance» وەرنەگرین. ئیدی ئەو کۆنترۆڵی ژیان و چارەنووسمان دەکات و، ڕۆژانە بە کەمکردنەوە و بڕینی پارەی

**ئێمە بەشداریمان کردووە لەو داتا لینکەی کە دەگاتە هەموو ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی ئەندامانی خێزانەکەمان، وەک (ئەکەونتەکانمان لە هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بوونمان لە گرووپەکانی ئۆنلاین، ئیمیل و قسەکردنمان لە مۆبایل و هۆیەکانی دیکەی تۆڕی کۆمەڵایەتی و.. هتد.**

دڵنیایی دەبێت بەو جۆرە ڕەفتار بکەین، کە ئەپڵیکەیشنێك داوامان لێدەکات، بەمجۆرە:

١. ئەم ئەپڵیکەیشنە بە مەسجێك باوکی نایانای ئاگادار کردەوە، ئەگەر واز لە جگەرەکێشان و خواردنەوەی ئەلکهول نەهێنێت، بە ڕێژەی ٧٠٪ پارەی دڵنیایی کەم دەکاتەوە، تەنیا مۆڵەتی ئەوەی هەیە، ڕۆژانە یەك پەرداخ شەرابی سوور بخواتەوە.

٢. ئەگەر سنوورێکی تەواو بۆ خواردنی چەوری و شکولاتە و شیرینی لەوماڵەدا دانەنرێت، ئەوا بە ڕێژەی ٥٠٪ پارەی دڵنیاییان لێ کەم دەکاتەوە.

٣. ئەگەر نایانا بەردەوام بێت لە خۆشەویستیی سەهاج و هاوژینی لەگەڵ پێکبهێنێت، ئەوا تەواوی پارەی دڵنیایی ژیان لەماڵەکە دەبڕێت.

نایانا دەڵێت: «ئێستا باوکم وازی لە جگەرکێشان و خواردنەوەی ئەلکهول هێناوە، ڕۆهانی برام چەوری و شکولاتە و شیرینی لێ قەدەغە کراوە و بە تەواوی کێشی ئاسایی بووەتەوە و تەندروستیی باشە، بەڵام من وازم لە سەهاج نەهێنا، لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵی چوومە دەرەوە و سەردانی گەڕەکەکەیانم کرد لە مومبای، ئەو گەڕەکەی کە بێجگە لە چینی دالیێت کەسی دیکە تیایدا ناژی و تیدا نامێنێتەوە، ئەپڵیکەیشنەکە دەیان جار ئاگاداری کردمەوە کە بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، دەنا سزای زۆر توندمان دەدات. سەهاج هەستی پێکرد لەژێر هەڕەشەدام، بۆیە پێی گوتم: «بۆ چینەکانی دیکە ئاساییە کە ژن لە چینی دالیێت بخوازن، هیچ باجێك نادەن، بەڵام ئەگەر کچێك شوو بکات بە کوڕێك لە چینی دالیێت، شکۆی خێزانەکەی لەناو کۆمەڵگە دێتە خوارەوە». لەم ساتەدا کە من گوێم بۆ قسەکانی سەهاج دەگرت، قسەیەکی گرنگی دایکمم بیر کەوتەوە کە پێی دەگوتم: «هەندێك پرسی گرنگ و بە نرخ شایستەی ئەوەیە موجازەفەی بۆ بکەیت و ئەوە دەهێنێت قوربانی بۆ بدەیت»، بۆیە بە دەنگی بەرز ئەو قەناعەتی دایکمم بە هەساج ڕاگەیاند و پێمگوت «هەموو قوربانییەك دەدەم».

بەشێك لە یەکەمین چیرۆکی کتێبی «زیرەکیی دەستکرد لە ٢٠٤١»دا




کتێبی «زیرەکیی دەستکرد لە ٢٠٤١»



**پ.د. لی كای فو**

**توێژەر و گەورە وەبەرهێنی بواری تەكنەلۆژیای زیرەكیی دەستكرد:**

# بردنەوەی ئەپڵیكەیشنی ئەلفاگۆ لە لی سیدۆل پاڵەوانی جیهانی یاریی GO ئەمە بە ئالنگاریی ئەقڵی قووڵی گوگڵ لە قەڵەم درا

**پ.د. كەیفۆ لی، لە ساڵی ١٩٨٨ دكتۆرای لە «ئای تی» بەدەست هێناوە و جیا لە توێژینەوە بەردەوامەكانی لە بواری پێشكەوتنەكانی تەكنەلۆژیای زیرەكیی دەستكرد، ماوەی نزیكەی ٣٥ ساڵیشە بە كردەیی وەك بزنێسمانێك لەم بوارە وەبەرهێنان دەكات و بەشدار بووە لە پێشكەوتنەكانی كۆمپانیاكانی «ئەپڵ، مایكرۆسۆفت، گوگڵ» و لە ئێستادا بە زیاتر لە سێ ملیار دۆلار وەبەرهێنانی لەبواری زیرەكیی دەستكرد هەیە و هاونووسەری كتێبی زیرەكیی دەستكردە لە ٢٠٤١، ئەم نووسینە بەشێكە لەو پێشەكییەی بۆ ئەو كتێبەی نووسیوە .**

پێدەچێت زیرەكیی دەستكرد گەوهەری تەكنەلۆژیای سەدەی بیست و یەكەم بێت، بەشێك لە ئێمە وەك پسپۆڕانی بواری كۆمپیوتەر و تەكنەلۆژیا بە دەیان ساڵ پێش ئێستا بیرمان لە زیرەكیی دەستكرد كردووەتەوە.

لەماوەی سێ دەیە و نیوی ڕابردوو، بواری توێژینەوە لەسەر زیرەكیی دەستكرد سنووردار بوو، تەنیا لە ناوەندە ئەكادیمییەكان و هەندێك براند و كاری بازرگانی سەركەوتوو بوو. بەكارهێنانە كردارییەكانی ئەپڵیكەیشنەكانی زیرەكیی دەستكرد لە سەرەتا بە هێواشی بەرەو پێشەوەچوو، بەڵام لەم دەیەیەی دوایی زیرەكیی دەستكرد بووە بڵاوترین تەكنەلۆژیا لە جیهاندا.

خاڵی وەرچەرخان لە دوای دروستكردنی ئەپڵیكەیشتی گەمەی «ئەلفاگۆ» لەلایەن كۆمپانیای «DeepMind» دەستپێكرد، ئەم ئەپڵیكەیشنە توانی لە لی سیدۆل پاڵەوانی جیهانی یاریی «GO» بباتەوە، ئەمەش بە گەمەی ئالنگاریی ئەقڵی قووڵی گوگڵ «Google Deepmind challenge» لە قەڵەم درا.

بە ملیۆنەها کەس هاندەری یاریی «GO»ـن، قەناعەتیان بەو جۆرەیە کە پێویستیان بە زیرەکی و لۆژیکی ڕاستەقینەی مرۆڤ هەیە، پێشکەوتنی ئەم یارییە لە زێن «Zen» بوودیزمەوە سەرچاوەی گرتووە، کە مانای «قووڵبوونەوەیە لە ڕامان و بیرکردنەوە»، هەر بۆیە کاتێك ئەلفاگۆ ئەم یارییەی بردەوە، هەموو جیهانی تووشی شۆك کرد.

ئەو ئەپڵیکەیشنە یەکێکە لە وەرچەرخانە گەورەکانی زیرەکیی دەستکرد، لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای فێرکردنی قووڵ کە بریتییە لە مەشق و ڕاهێنان لەسەر داتاگەلێکی زۆر گەورەیە بۆ ئەوەی خۆی فێر بکات.

بەراورد بە ٤٠ ساڵی ڕابردوو، یەك ترلیۆن جار هێزی کۆمپیوتەر گەورەتر بووە و ١٥ ملیۆن جار توانای کۆگاکردنی زیادی کردووە.

ئەپڵیکەیشنەکانی کۆمپانیای «Deepmind» ئەوەی پەیوەندی بە بواری زیرەکیی دەستکردەوە هەیە، بەم زووانە دەست دەخەنە ناو تەواوی کاروبارەکانی ژیانمانەوە، لەمەش زیاتر زیرەکیی دەستکرد لووتکەی ئەو کێرڤەی تێپەڕاند و کۆتایی بە سەردەمی پێشکەوتنە هێواشەکان هێنا، ئێستا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێشکەوتن و داهێنانەکانی زیرەکیی دەستکرد خێراتر دەبن، لە ئێستادا شەترەنجی زیرەکیی دەستکرد، تەنیا دوای چوار سەعات مەشقکردن، دەگاتە ئەو ئاستەی هیچ کەسێك لێی ناباتەوە.

- لەساڵی ٢٠٢٠ زیرەکیی دەستکرد توانی لوغزێکی بایۆلۆژی چارەسەر بکات کە ٥٠ ساڵە مرۆڤ خەریکە نەیتوانیوە چارەسەری بکات، کە ئەویش فلۆدین پرۆتینە «protein-folding»

- کائینی دیجیتاڵی، لە مرۆڤ زۆر باڵادەستترە لە قسەکردن، هەروەها لە تاقیکردنەوەی زانستی بۆ وەرگرتنی لە کۆلێژەکان سەرکەوتوو بووە و پلەی زۆر باشی بەدەست هێناوە.

- لە بواری دادوەری زۆر لە دادوەرەکانی مرۆڤ لە شێوازی بڕیاردانی دادپەروەرانە و بەویژدان ڕێکخراوتر بووە.

- لە بواری پزیشکی لە پسپۆڕانی بواری ڕادیۆلۆجی تیشك لە دەستنیشانکردن و خوێندنەوەی خانەی شێرپەنجە سەرکەوتووتر بووە.

- لە بواری کاری سەربەخۆ و ئۆتۆنۆم و بەتایبەتی درۆن و هەموو شێوازەکانی گەیاندن و پێشکەوتنی کشتوکاڵییان گۆڕیوە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە لەگەڵ پێشکەوتنی بەردەوامی ئەپڵیکەیشنەکانی زیرەکیی دەستکرد، ئایا ئەمە بەرەو کوێمان دەبات؟

لە کتێبەکەمدا «سوپەر پاوەری زیرەکیی دەستکرد: چین، سلیکۆن ڤالی، سیستمی نوێی جیهان- AI Superpowers: China، Silicon Valley، and the New World Order» کە لە ساڵی ٢٠١٨ نووسیومە، باسی ئەوەم کردووە کە داتا «پەترۆلێکی نوێیە» هێز بۆ زیرەکیی دەستکرد دروست دەکات. لە ئێستادا چین و ئەمریکا سەرکردایەتیی شۆڕشی زیرەکیی دەستکرد دەکەن. ئەمریکا سەرکردایەتیی پێشکەوتنی توێژینەوە زانستییەکان دەکات، چینیش دەستبەجێ مۆنۆپۆلی ئەو زانیارییانە دەکات و دەیکات بۆ ئەپڵیکەیشنی پێشکەوتوو بۆ دانیشتووانە زۆرەکەی.



ساتی بردنەوەی ئەلفگۆ لە لی سیدۆل

لەو کتێبەدا پێشبینی ئەوەم کردووە، کە پێشکەوتنی تازە لە دروستکردنی بڕیار بە ڕێگەی داتاگەلی گەورە بۆ دروستکردنی هۆشی ئامێری لە ڕۆبۆتی ئۆتۆنۆم و

**هەموو ئەوانەی لە خەیاڵی زانستی دەخرێنە ڕوو، ئەوەیە ڕۆبۆتێک دێت مرۆڤ کۆنترۆڵ بکات، یان بە سەریدا زاڵ بێت، بۆیە لەم سەرچاوەیەوە تەنیا دیوە شەڕخوازەکەی زیرەکیی دەستکرد نمایش دەکەن**

**لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو من لە بواری توێژینەوە لەسەر زیرەکیی دەستکرد، لەبەرەوپێشبردنی بەرهەمەکانی** Apple، Microsoft، Google **بەردەوام بووم و کارم کردووە**

**بڕی سێ ملیار دۆلارم لە وەربەرهێنانی تەکنەلۆجیا لەگەڕدایە**

**لە بواری حوکمڕانی و کاری دامەزراوەیی، زیرەکیی دەستکرد دەبێتە هۆکاری ئەوەی ڕۆتین و گەندەڵی کەم ببێتەوە**

ئۆتۆمبێلی بێ شۆفێر «Self-drive cars» دروست دەکات.

پێشبینی ئەوەم کردووە کە ئەپڵیکەیشنەکانی زیرەکیی دەستکرد لە پیشەسازیی دیجیتاڵی، دارایی، فرۆشتنی سەربەخۆ لە دووکان و مۆڵەکان، گواستنەوە، بەهایەکی گەورەی ئەوتۆی ئابووری دروست دەکات، کە هیچ مەزندەی ناکات.

تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد، بووەتە تەکنەلۆژیایەکی فرە بەکارهێنەر «Omni-use» و دەبێتە بەشێکی سەرەکی بە نزیکی هەموو پیشەسازییەکان، کاریگەرییەکەی بەسەر چوار شەپۆلدا دابەش بووە، سەرەتا بە دەستپێکردنی ئەپڵیکەیشنی ئەنتەرنێت، بە دوایدا گەیشتە ئەپڵیکەیشنی بواری بزنێس «وەك خزمەتگوزارییەکانی بواری دارایی، گەیشتە هۆش و بیرکردنەوە»، وەك بیرکردنەوە لە بونیادنانی شارە زیرەکەکان، لە ئێستاشدا گەیشتووتە ئەپڵیکەیشنی ئۆتۆنۆم «وەك دروستکردنی ئۆتۆمبێلی بێ شۆفێر».

پێشبینیکردن بۆ ئایندەی زیرەکیی دەستکرد ئاڵۆزە و ئاسان نییە، ئێمە لە سێ ڕێگاوە وەك سەرچاوە زانیاری لەسەر زیرەکیی دەستکرد وەردەگرین کە بریتین لە:

**١- بە ڕێگەی چیرۆکەکانی خەیاڵی زانستی**

ئەم بوارە فیلم و زنجیرە دراما و کتێب دەگرێتەوە، هەموو ئەوانەی لە خەیاڵی زانستی دەخرێنە ڕوو، ئەوەیە ڕۆبۆتێك دێت مرۆڤ کۆنترۆڵ بکات، یان بە سەریدا زاڵ بێت، بۆیە لەم سەرچاوەیەوە تەنیا دیوە شەڕخوازەکەی زیرەکیی دەستکرد نمایش دەکەن.

**٢- بە ڕێگەی هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵ**

ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵانەی لە میدیا سەبارەت بە زیرەکیی دەستکرد بڵاو دەکرێنەوە، بەردەوام سەرنج دەخنە سەر لایەنێکی پەراوێزخراوی ئەم تەکنەلۆژیایە، نەك بایەخ بە شێوازی پێشکەوتنی ڕێکوپێکی ئەم تەکنەلۆژیایە بدەن. میدیاکان ئەو هەواڵانە بڵاو دەکەنەوە، بۆ نموونە «ئۆتۆمبێلی بێ شۆفێر خەڵك دەکات بەژێرەوە، کۆمپانیاکانی زیرەکیی دەستکرد دەستتێوەردان لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەکەن، ئەوانەی زیرەکیی دەستکرد بەکار دەهێنن، درۆ و دەلەسە و فەیك نیوز بڵاو دەکەنەوە.

**٣- سەرچاوەی سەرکردەکانی فیکر**

لەوانەیە سەرکردەکانی فیکر لە بواری تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد باشترین بژارە بن بۆ ئەوەی پشتیان پێببەسترێت و لەم تەکنەلۆژیا گرنگە تێبگەن، بەڵام هەموو ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە سەرکردەی فیکرن لەم بوارە، بە داخەوە دەبینین پسپۆڕن لە «بزنس، سیاسەت، فیزیا» نەك لە تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد، هەر بۆیە مەزندەکانیشیان لە ڕووی وردبینی و زانستییەوە لاوازە، ئەوەشی وای کردووە، بارودۆخەکە خراپتر بێت، ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووسان مامەڵەیەکی زۆر خراپ لە پەرەگرافەکانی پسپۆڕانی ئەم بوارە دەکەن، بۆ بازارگەرمیی خۆیان کلیکەکانی ئەنتەرنێت، دێن پەرەگرافێك لە قسەکانی بیرمەندێك لە چوارچێوەکەی خۆی دەردەهێنن و بە ناوی ئەو بڵاوی دەکەنەوە، ئەمەش واتە کە دیدگای گشتی لەسەر زیرەکیی دەستکرد بگۆڕێت بۆ دیدگایەکی نەرێنی و بێ کەڵك.

لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو من لە بواری توێژینەوە لەسەر زیرەکیی دەستکرد، لەبەرەوپێشبردنی بەرهەمەکانی «Apple،Microsoft،Google» بەردەوام بووم و کارم کردووە و، بڕی سێ ملیار دۆلاریشم لە وەربەرهێنانی تەکنەلۆجیا لەگەڕدایە.

بۆیە قەناعەتی من بەو جۆرەیە زیرەکیی دەستکرد ئەو توانایەی هەیە ببێتە کۆڵەگەیەکی گرنگ بۆ کۆمەڵگە و بەهایەکی گەورە بۆ کۆمەڵگە دروست دەکات. بەپێی مەزندەکانی کۆمپانیای پرایس وەتەر هاوس «Pricewater-houseCoopers» لە ساڵی ٢٠٣٠ ئەم بەهایە دەگاتە ١٥,٧ ترلیۆن دۆلار، بەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی برسێتی و هەژاری کەم بکاتەوە. لە بواری حوکمڕانی و کاری دامەزراوەیی، زیرەکیی دەستکرد دەبێتە هۆکاری ئەوەی ڕۆتین و گەندەڵی کەم ببێتەوە، بۆیە دەبێت ڕێگەی تازە بدۆزینەوە بۆ ئەوەی زیرەکیی دەستکرد بەشداریی قووڵ پێشکەشی مرۆڤایەتی بکات و بە قووڵی بیر لە چارەسەرکردنی ئالنگارییەکانی بکرێنەوە.



مستەفا سلێمان

خاوەنی کۆمپانیاکانی DeepMind و Inflection ی زیرەکیی دەستکرد:

# ئەوەی پێی وابێت زیرەکیی دەستکرد لە بنەڕەتدا داتا و پڕۆگرامە، ئەوا دەبێت بەو جۆرەش مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ بکات کە لە بنەڕەتدا تەنیا کاربۆن و ئاوە

مستەفا سلێمان، بێجگە لەوەی خاوەنی هەردوو کۆمپانیای گەورەی «Deepmind و Inflection» کە سەرمایەکەی ١٠٠ ملیار دۆلارە، لە هەمان کاتدا نووسەری کتێبی شەپۆلی داهاتوو «the coming wave»شە، کە لە ساڵی ٢٠٢٣ پرفرۆشترین کتێب بووە لەسەر ئاستی جیهان و، لە موحازەرەیەکدا سەبارەت بەو پێشکەوتن و داهێنانەی کە زیرەکیی دەستکرد لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دروستی کردووە، جەختی لەوە کردەوە کە دەبێتە شەپۆلێکی داهاتوو و دەبێت مرۆڤایەتی پێشوازیی لێ بکات، ئەمەش پوختەی بەشێك لە قسەکانیەتی.

١٠-١٥ ساڵ پێش ئێستا، کاتێك باسمان لە زیرەکیی دەستکرد دەکرد، خەڵکانێکی زۆر پێیان وابوو کە ئەمە شتێکی پەراوێزە و هەرگیز نابێتە واقیع، توێژەرانی بواری تەکنەلۆژیا دەیانگوت: «ئێمە تەنیا کار لەسەر فێرکردنی ئامێر دەکەین، لەبەرئەوەی کارکردن لەسەر زیرەکیی دەستکرد، کارێکی نالۆژیکییە و هەرگیز نایەتەدی، بۆیە پێیان وابوو ئەوەی باسی دەکەین، بێجگە لە خەیاڵێکی زانستی «Science Fiction» شتێکی دیکە نییە و لە ماوەی ٥٠- ١٠٠ ساڵی داهاتووشدا نایەتەدی.

بەڵام وەك دەبینین زۆری نەبرد و، پێش ئەوەی زیرەکیی دەستکرد بە تەواوەتی کۆنترۆڵی مرۆڤ بکات، لە کۆمەڵێك بواری گرینگدا توانی تواناکانی مرۆڤ تێپەڕێنێت وەك «تێگەیشتن و ناسینەوەی وێنە، وەرگێران بۆ هەموو زمانەکان، گۆڕینی دەنگ بۆ تێکست و بەپێچەوانەوەش، باڵادەستبوون و زیرەکیی دەستکرد لە هەردوو

**پێش ئەوەی زیرەکیی دەستکرد بە تەواوەتی کۆنترۆڵی مرۆڤ بکات، لە کۆمەڵێک بواری گرینگدا توانی تواناکانی مرۆڤ تێپەڕێنێت**

گەمەی ئاڵۆزی «GO» و «شەترەنج»، بینینی ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەریی گەورەیان لەسەر قەناعەتی هەموو خەڵك دروست کردووە، بۆیە ئێستا ئەم پرسیارانە ئاراستەی ئەو پسپۆڕانە دەکەن کە لە بواری زیرەکیی دەستکرددا کار دەکەن :

- ئایا بڕوا بەوە بکەین کە زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت کێشەی گۆڕینی کەشوهەوا چارەسەر بکات؟
- ئایا خوێندنی سەربەخۆی تاکەکەسیی ئۆنلاین بۆ هەر کەسێك لەسەر ئەم هەسارەیە دابین دەکات؟
- ئایا پێشکەوتنی زیرەکیی دەستکرد دەبێتە هۆکاری دەستبەرکردنی خۆشگوزەرانی و چیدیکە پێویستمان بەکارکردن نەبێت؟
- ئایا دەبێت لە دەرهاویشتە خراپەکانی بترسین؟
- ئایا ئێستا ئێمە لە بەردەم مەترسیی کێبڕکێی کۆمپانیا گەورەکانی زیرەکیی دەستکردا نین؟
- ئایا بە هۆی فەیك نیوز و زانیاریی چەواشەکارانەوە بەرەو کۆتایی ژیان ناچین؟

لە وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانەدا دەگەڕێمەوە بۆ ئەو پرسیارەی کە هەموو بەیانییەك کاسپینی تەمەن شەش ساڵی برازام سەبارەت بە «Pi Game» لێم دەکات کە گەمەیەکی ئەلکترۆنییە و لە کۆمپانیاکەی خۆم بۆم دروست کردووە و لێم دەپرسێت: «مستەفا، زیرەکیی دەستکرد چییە؟» ئەم پرسیارە هی منداڵێکی بچووکە زۆر ڕاستگۆ و بوێرانە و گەشبینانەیە.

پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە «بۆچی ئێمە دوودڵین لەسەر زیرەکیی دەستکرد؟ ئایا بە ڕاستی ئەو شتە چییە کە ئێمە دەمانەوێت دایبهێنین؟

ئەم پرسیارە مانای ئەوەیە ئێمە دەمانەوێت شتێکی تازە دابهێنین کە بە شێوەیەکی ڕیشەیی جیاوازیی لەگەڵ هەر داهێنانێکی دیکەدا هەیە کە پێشتر بینیومانە و، بەرەو خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی مرۆڤایەتی هەنگاو هەڵدەگرین، بەرەو شتێك هەنگاو هەڵدەگرین کە دەبێت هەموو هەوڵەکانمان بکەینە یەك، بۆ ئەوەی بتوانین پێناسەی بکەین.

**ئەگەر مرۆڤ هیچ کارێک نەکات و ٢٤ کاتژمێر بە خەبەر بێت و تەنیا خەریکی خوێندنەوە بێت، لە ماوەی هەشتا ساڵدا دەتوانێت تەنیا هەشت ملیار وشە بخوێنێتەوە**

بۆ تێگەیشتن لە زیرەکیی دەستکرد، دەبێت خۆمان ماندوو بکەین، بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین، دەکرێت پێی بڵێین: «کائینێکی تازەی دیجیتاڵی – The new digital species»، دەبێت ئەمە زۆر بە گرینگی وەربگرین، لەبەر ئەوەی من وای دەبینم زیرەکیی دەستکرد دەبێتە هاوڕێیەکی دیجیتاڵیی زۆر نزیکمان «Digital Companions»، هاوبەشی تازەمان دەبێت لە هەموو بوارەکانی ژیانماندا.

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بەردەوام ژیان پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە و ئامێرەکانی بەردەستی فرەچەشن بوون. بەو جۆرە مرۆڤ گەیشتە ئەوەی بتوانێت ئامێر دروست بکات، ئەوە ئەو جۆرەی ئێمەیە کە «مرۆڤی ئاقڵمەندە»، هەر لە دەستپێکی دروستکردنی چەقۆ و تەوەری بەرد تا دەگاتە ئاگر و زمان، پاشان نووسین و هەنگاوهەڵگرتن بۆ شۆڕشی پیشەسازی و داهێنانی هەڵمی، دەیان داهێنانی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە و چەندین ئامێری زۆر گەورە دروست کران و هەمووشیان وەرچەرخانیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دروست کردووە.

بەڵام ٨٠ ساڵ پێش ئێستا لقێکی دیکەی تەکنەلۆژیا دەستی پێکردووە، ئەم دەستپێکە کە لەگەڵ داهێنانی کۆمپیوتەر دەستی پێکرد، گۆڕانکارییەکان بە خێراییەکی زۆر سەیر هەنگاوی هەڵگرت، هەر لە «کۆمپیوتەر، ترانزستور، سمارت فۆن، جیهانی ئەنتەرێت – Virtual life-، تێکەڵبوونی زانیاری و مەعریفە لەگەڵ هێزی کۆمپیوتەر» بوونە هۆکاری ئەوەی لەم شۆڕشە تازەیەدا بورکانێك لە داهێنان بێتە ئاراوە، کە ئێستا ئێمە بەرەو ئەو شەپۆلە نوێیە هەنگاو هەڵدەگرین، کە ئەگەر لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی پێشتردا بەراوردی بکەین، ئەوا ئەم شەپۆلە خێراترینە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

گەشتی مرۆڤ و تەکنەلۆژیا زۆر بە چڕی تێکەڵی یەکتر بوون، تەنیا لە ماوەی ١٨ مانگدا زیاتر لە یەك ملیار کەس ئەپڵیکەیشنی مۆدێلی زمانی گەورە « LLM» یان بەکارهێناوە، چەند ساڵێکی کەم پێش ئێستا خەڵك دەیانگوت «هەرگیز زیرەکیی دەستکرد نابێتە داهێنەر، واتە خودی خۆی داهێنان بکات»، بەڵام ئێستا دەرکەوت زیرەکیی دەستکرد ڕووبارێکی بێ

کۆتاییە لە داهێنان و ئەمڕۆ دەبینی «شیعر، میوزیك، ڤیدیۆ و ...هتد» بەرهەم دەهێنێت. دەیانگوت زیرەکیی دەستکرد ناتوانێت سۆز بەرهەم بهێنێت، بەڵام ئێستا ڕۆژانە بە ملیۆنەها کەس پەیوەندی دەکەن و لەگەڵ زیرەکیی دەستکرد قسە دەکەن و باسی خەون و ئاواتەکانی خۆیان دەکەن، لەمەش زیاتر ئێستا AI دەتوانێت ئۆتۆمبێل لێخوڕێت، دەتوانێت تۆڕەکانی وزە بەڕێوە بەرێت، دەتوانێت مۆلکیولی تازەش دروست بکات.

لە ساڵی ڕابردوو دوایین نموونەی ئەپلیکەیشنی «Deep mind AI inflection2.5» مان بەرهەم هێنا کە تیایدا زیاتر لە پێنج ملیار پرۆسێسی ماتماتیکی تیدا بەکار هاتووە، لە ساڵێکدا توانای AI دە هێندەی توانای پێشتری زیاد دەبێت، لە هەمان کاتدا قەوارەی ئەو مۆدێلانە «Model» دادەهێنرێن زیاتر دەبن، لە دەیان ملیۆن فێرکەر «parameters» دەگاتە دەیان ملیار پارامیتەر، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەڵدەکشێت بۆ دەیان ترلیۆن پارامیتەر.»

ئەگەر مرۆڤ هیچ کارێك نەکات و ٢٤ کاتژمێر بە خەبەر بێت و تەنیا خەریکی خوێندنەوە بێت، لە ماوەی هەشتا ساڵدا دەتوانێت تەنیا هەشت ملیار وشە بخوێنێتەوە، ئێستا لە سیستمی AI زۆر پێشکەوتوودا نەك تەنیا خوێندنەوە، بەڵکو تەنیا لە یەك مانگدا مەشق و ڕاهێنان لەسەر هەشت ترلیۆن وشە دەکات، هەموو ئەم زیادبوونە بە هەمان ئاراستە مانگ لە دوای مانگ زیاتر دەبن.

کێرڤی مێژووی تەکنەلۆژیا بەرەو قۆناغێکی داهاتووی نائاسایی لە هەڵکشاندایە، پرسیار ئەوەیە ئەمە لەسەر ئەرزی واقیع چی دەگەیەنێت؟ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت چۆن لە ئەنتەرنێتدا وێبگەڕ «browser» هەیە، یان وەك چۆن لە سمارت فۆن ئەپلیکەیشن هەیە، ئەوا لە کۆگای «Cloud» سۆپەر کۆمپیوتەر سەردەمێکی نوێ دێتە کایەوە کە AI لە هەموو شوێنێك بوونی دەبێت، دەگاتە ئاستی نزیکەی زیرەکیی تەواو «Intelligence Quotient»، هەروەها دەگاتە ئاستی زیرەکیی سۆزداریی زۆر جیاواز «Emo-tional Quotient»، لەم قۆناغەدا AI دەگاتە ئەو ئاستەی بە شێوەیەکی زۆر موقنیعانە تەقلیدی مرۆڤ بکات و وەك کائینێکی دیجیتاڵی لە هەموو بوارەکاندا هاوکاریی مرۆڤ بکات، لەمەش زیاتر AI توانای ئەوەی دەبێت نەك هەر لەگەڵ مرۆڤ کارلێك بکات، بەڵکو لە هەموو AIیەکانی دیکەی ناو کلاودی سۆپەر کۆمپیوتەرەکان کارلێك بکات.

لە ئێستا AI توانای هەیە لە هەموو زمانەکان تێبگات و قسەیان پێبکات، لە هەموو داتاکان تێدەگات و هەستی پێدەکات، ئەمە سەرباری ئەوەی هەر کەسێك دەتوانێت هەزاران جار لە ژیانیدا بەکاری بهێنێت.

AI زۆر ئاڵۆز و دینامیکییە، زۆر پێشکەوتووترە لەوەی تەنیا ئامێرێك بێت و بە تەواوەتی ملکەچی دەسەڵاتی مرۆڤ بێت، یان بتوانێت کۆنترۆڵی بکات.

بۆ ئەوەی بتوانین جڵەوگیریی ئەم شەپۆلە بکەین، ئەوا دەبێت هەموو هەوڵەکانمان بۆ ئەوەبێت کە توانای مرۆڤ بخەینە ناو سەنتەری شەپۆلەکە، هەروەها دەبێت هەوڵەکان چڕبکەینەوە بۆ ئەوەی ئەو دەرهاویشتە نا عەمدییانەی لێوەی دەردەچن، کۆنترۆڵیان بکەین. دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە کائینیی دیجیتاڵی، کائینێکی ئۆرگانی، یان بایۆلۆژی نییە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەوە بکەین، ئەم کائینە دیجیتاڵییە دەتوانێت چی بکات، ئەوا دەبێت وەك خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، بەم جۆرە:

- ئەم کائینە دیجیتاڵییە لە زمانی ئێمە تێدەگات، قسەشمان لەگەڵ دەکات.
- میمۆریی هەیە و دەتوانیت بە قەبارەی زۆر گەورە داتا کۆگا بکات.
- کەسایەتیی مەعنەوییان هەیە، توانای داهێنانیان هەیە، تا ڕادەیەکیش توانای بیرکردنەوە و دانانی پلانی سەرەتاییشیان هەیە.
- ئەگەر ڕێگەیان پێ بدرێت گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی سەربەخۆ «Autonom» کار بکەن، بۆیە پێشکەوتنی AI گەیشتووەتە ئەو ئاستەی هەموو ئەو سنوورانەی تێپەڕاندووە کە لەسەر ئامێرەکانی پێشتر هەمانبووە، هەر بۆیە ئەگەر ئێمە بڵێین AI تەنیا بریتییە لە پرۆگرام و ماتماتیك، ئەمە دروست وەك ئەوەیە بڵێین مرۆڤ لە بنەڕەتدا تەنیا بریتییە لە کاربۆن و ئاو.

**لە ئێستا AI توانای هەیە لە هەموو زمانەکان تێبگات و قسەیان پێبکات، لە هەموو داتاکان تێدەگات و هەستی پێدەکات، ئەمە سەرباری ئەوەی هەر کەسێک دەتوانێت هەزاران جار لە ژیانیدا بەکاری بهێنێت**

**پێشکەوتنی AI گەیشتووەتە ئەو ئاستەی هەموو ئەو سنوورانەی تێپەڕاندووە کە لەسەر ئامێرەکانی پێشتر هەمانبووە**



**چان چیوڤان**

**نووسەری بەناوبانگی خەیاڵی زانستی:**

# چۆن بتوانین فێری ئەوە بین بە خەیاڵ نیگەرانی ڕابگرین و پێشوازی لە داهاتوویەکی پرشنگدار بکەین؟

**چیان چیوڤان، کە لە بە «شتانلی چان»یش ناسراوە، یەکێکە لە ڕۆماننووسە ناودارەکانی جیهان لە بواری خەیاڵی زانستیدا و، هەتا ئێستا چەندین خەڵاتی باشترین ڕۆماننووسی خەیاڵی زانستی لەسەر ئاستی چین و جیهان پێی بەخشراوە و هاونووسەری کتێبی زیرەکیی دەستکردە لە ٢٠٤١، ئەم نووسینە پوختەی ئەو پێشەکییە کە بۆ هەمان کتێب نووسیویەتی و تیایدا باس لەوە دەکات، چۆن خەیاڵی زانستی سنوورەکانی نێوان واقیع و خەیاڵ تێدەپەڕێنێت و مرۆڤایەتی لە مەترسییەکان ئاگادار دەکاتەوە.**

لە ئابی ٢٠١٩، کاتێك چووم بۆ سەردانی پیشانگایەك بە ناونیشانی «زیرەکیی دەستکرد زیاتر لە مرۆڤ – AI More Than Human» لە سەنتەری باربیکان لە لەندەن، وەك ئەوە بوو، بارانێکی هاوینەی زۆر توند بەسەرمدا ببارێت. ئەم پیشانگایە هەستی منی ڕاشکاوانەتر کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا گۆڕانکاری دروست کرد، لەسەر زۆربەی لایەنگری و بۆچوونە هەڵەکانم بۆ زیرەکیی دەستکرد. ناونیشانە سادە و لەخشتبەرەکەی بەس نەبوو بۆ ئەوەی بتوانێت پێناسەیەکی فراوان بۆ ئەو نموونانە بکات کە ڕێکخەرانی پیشانگاکە بۆ پیشاندانی ڕەهەندەکانی زیرەکیی دەستکرد لە ژوورە جیاوازەکاندا نمایشیان کردبوون. لەناو ئەو نموونانەی نمایش کرابوون، کائینێکی ئەفسانەی فۆلکلۆری جووە بە ناوی «گۆلم- Golme»، هەروەها «دورایمون- Doraemon» پاڵەوانێکی ئەنیمەیشنی ژاپۆنیی بەناوبانگ، نموونەی ئەزموونی سەرەتای بۆ تێپەڕاندنی فیکری بنەڕەتیی مرۆڤ «ئەلفاگۆ- AlphaGO»، لەگەڵ کۆمەڵێك کاری جوانی دیجیتاڵیی هونەری کە لەلایەن گرووپی «Temlab» ئامادە کرابوون، هەموو ئەمانە ئاستی بەرزی و جوانیی ئەقڵی بیر هێنایەوە کە لەم پیشانگایەدا و لەو هەموو پسپۆڕییە جیاوازانە ڕەنگی دابووەوە.

بەپێی یاسای ئامارا «Amaras law» کە دەڵێت: «حەزمان لەوەیە لە هەڵسەنگاندنمان بۆ

کاریگەریی تەکنەلۆژیا لەسەر ئاستی کورتمەودا زێدەگۆیی بکەین، بەڵام لەسەر ئاستی دوورمەودا کاریگەرییەکان بێ بایەخ بکەین»، ئێمە زۆربەمان لەم ڕوانگەیەوە سەیری زیرەکیی دەستکرد دەکەین و پێمان وایە ڕۆبۆتێکی کوژەر لە فیلمی خاپوورکەر «Terminator» هەڕەشە لەسەر ئایندەی مرۆڤ دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەلگۆریزمێکی بێگیان هەرگیز ناتوانێت زیرەکیی مرۆڤ تێپەڕێنێت و بە شێوەیەك لە شێوەکان هەڕەشە لەسەر بوونی دروست بکات، ئەمانە تەنیا داهێنانی تەکنەلۆژیین و هیچ پەیوەندییەکیان بە شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ جیهان نییە، پەیوەندیشی بە تێگەیشتن و سۆز و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان و دۆزینەوە و ئیمکانیەتەکانی ژیانەوە نییە.

ڕاستییەك کە دەمەوێت لێرەدا ئاماژەی پێبکەم، ئەوەیە کە هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و ئامێر زۆر کۆنە، ئەو ڕۆبۆتە برۆنزییەی لە ئەفسانەی یۆنانی باسی لێدەکرێت، وەك لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی یانشی «Yan Shi»ی چینی دەرکەوتووە، ئەوەیە کە میکانیکێك پەیکەرێکی بە شێوەی مرۆڤ «Humanoid» بۆ تالوس دروست کردووە، ئەمەش ئەو ڕۆبۆتە برۆنزییەیە کە لە ئەفسانەی یۆنانیدا باس دەکرێت. ئەم ئەفسانەیە هەوڵێکە بۆ گەڕان بەدوای زیرەکیی دەستکرد، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی و پێش ئەوەی کۆمپیوتەر دابهێنرێت و جارێکی دیکە زیرەکیی دەستکرد بخاتەوە ناو فەرهەنگی تەکنەلۆژیا.

خەیاڵی زانستی، ئەو بوارەیە کە من کاری تێدا دەکەم، تا ڕادەیەك ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێرێت بۆ بەدیهێنانی نموونەی تێکەڵکردنی مرۆڤ – ئامێر. ڕۆمانی فرانکشتاین کە لە ساڵی ١٨١٨ بڵاو کرایەوە، بە یەکەمین ڕۆمانی خەیاڵی زانستی سەردەمی مۆدێرن دادەنرێت و، هەتا ئێستاش پرسیاری لەبارەوە دەکرێت. پرسیار ئەوەیە ئایا بە یارمەتیی تەکنەلۆژیا دەتوانرێت ژیانێکی زیرەك دروست بکرێت کە بە هەموو شێوەیەك لە ژیانی ئێستامان جیاواز بێت؟ ئایا پەیوەندیی نێوان دروستکەر و دروستکراو چۆن دەبێت؟ ئەمە بە تەواوەتی نموونەی زانا شێتەکەیە کە داهێنانەکانی خۆی بەسەر جیهاندا دەسەپێنێت کە پێش ٢٠٠ ساڵ ماری شیلی لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی «فرانکشتاین» بۆی باس کردووین.

هەندێك ڕەخنەی ئەوە لە خەیاڵی زانستی «Science Fiction» دەگرن، بەوەی زۆر جار بە دیدێکی تەسك و نەرێنی زیرەکیی دەستکرد پیشان دەدات، بەڵام ئەم ڕەخنەیە تەنیا بەشێکی پرسەکەیە، لەبەر ئەوەی خەیاڵی زانستی ئەو توانایەی هەیە کار بکات، بۆ ئەوەی هۆشداریمان بداتێ، لەمەش زیاتر چیرۆکی خەیاڵی زانستی ئەو توانایەی هەیە کە بەربەستی شوێن و سەردەم تێپەڕێنێت و لەوانەشە تەکنەلۆژیا و زانستی مرۆیی و، هەروەها بیێتە هۆی سڕینەوەی سنووری نێوان خەیاڵ و واقیع و، وروژاندنی سۆز و بیرکردنەوەی قووڵ لای خوێنەر. لەمبارەیەوە یۆڤال نوح هەراری دەڵێت: «خەیاڵی زانستی گرنگترین جۆری هونەری ئەم سەردەمەی ئێمەیە».

بۆ من وەك نووسەرێکی «خەیاڵی زانستی» ئەو ئالنگارییەی کە دەبێت ڕووبەڕووی ببینەوە، دروستکردنی چیرۆکی خەیاڵی زانستییە، ئەم چیرۆکانە تەنیا ڕاستییە شاراوەکان ئاشکرا ناکەن، بەڵکو لە هەمان کاتدا توانا خەیاڵییە بوێرەکانیش دەخاتەڕوو.

خەیاڵەکانم لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە دەستی پێکرد، ئەمەش بە هۆی ئەو کارە کلاسیکییانەی خەیاڵی زانستی وەك «A Space، Star Trek، Star war Odyssey» و لە تەمەنی ١٠ ساڵیمەوە ئەم خەیاڵە زانستییانە بوونە دەروازەیەك بۆ من، بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە، چیتر لە سەرووی ئەمانە لەم جیهانە نەزانراوە بوونی هەیە، بڕوام وایە پێش ئەوەی دەست بە نووسینی هەر چیرۆکێکی خەیاڵی زانستی بکرێت، ئەوا کلیلی شاراوەی چیرۆکەکە ئەوەیە کە ئاراستەی مێژووی جێنەرەکە و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەی بکرێت.

ڕێگەی مەزندەکردنی خەوەکانمان بۆ ئاییندە ئاسان نییە. ئەو ئالنگارییەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەوەیە ئێمە لەناو تازەترین توێژینەوەکانی زیرەکیی دەستکرد نقووم بووین، بۆیە دەبێت بە شێوەیەکی واقیعیانە مەزندەی ئەوە بکەین، ئایا دوای ٢٠ ساڵی دیکە بە زانست و لۆژیك دیمەنی زیرەکیی دەستکرد چۆن دەردەکەوێت؟

ئالنگارییەکی دیکە مەزندەکردنی ئایندەی مرۆڤایەتییە و پرسیار ئەوەیە ئەگەر بمانەوێت، بزانین، یان مەزندەیەك دروست بکەین، بۆ ئەوەی چۆن لە داهاتوودا تاکەکان کارلێك لەگەڵ کەلتوورە جیاوازەکان و ناسنامە جیاوازەکان دەکەن لەناو ئەو شۆکەی زیرەکیی دەستکرد دروستی دەکات.

**ئەلگۆریزمێکی بێگیان هەرگیز ناتوانێت زیرەکیی مرۆڤ تێپەڕێنێت و بە شێوەیەك لە شێوەکان هەڕەشە لەسەر بوونی دروست بکات**

**خەیاڵی زانستی، ئەو بوارەیە کە من کاری تێدا دەکەم، تا ڕادەیەك ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێرێت بۆ بەدیهێنانی نموونەی تێکەڵکردنی مرۆڤ – ئامێر**

**خەیاڵی زانستی ئەو توانایەی هەیە کار بکات، بۆ ئەوەی هۆشداریمان بداتێ، هەروەها ئەو توانایەی هەیە کە بەربەستی شوێن و سەردەم تێپەڕێنێت**

**ئێمە لەناو تازەترین توێژینەوەکانی زیرەکیی دەستکرد نقووم بووین، بۆیە دەبێت بە شێوەیەکی واقیعیانە مەزندەی ئەوە بکەین، ئایا دوای ٢٠ ساڵی دیکە بە زانست و لۆژیك دیمەنی زیرەکیی دەستکرد چۆن دەردەکەوێت؟**

د. یەجین چۆی
سەرۆکی بەشی زانستی کۆمپیوتەر لە زانکۆی واشنتۆن:

# AI زیرەکییەکی لە ڕاددەبەدەر و گێلی و نەزانییەکی شۆکهێنەر

د.یەجین چۆی، بە ڕەچەڵەك هاووڵاتی کۆریای باشوورە و ئێستا ڕەگەزنامەی ئەمریکی هەیە و سەرۆکی بەشی زانستی کۆمپیوتەرە لە زانکۆی واشنتۆن و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە چارەسەرکردنی زمانی سرووشی دیدگای کۆمپیوتەر بۆ فێربوونی زمان و هەروەها لە بەرنامەی «تێد»و پرزەنتەیشنێکی هەیە بە ناونیشانی «بۆچی زیرەکی و توانای زیرەکیی دەستکرد مەزندە ناکرێت و نەزانی و گێلییەکەشی شۆك هێنەرە؟ لەسەر ئەم پلاتفۆرمە جیهانییە زۆر بە بوێری و ڕاشکاوانە هەڵوەستەی کردووە و مەترسییەکانی زیرەکیی دەستکردی خستووەتەڕوو، بە گرینگمان زانی پۆختەکەی لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتە بڵاو بکەینەوە.



بەرلەوەی باس لە تەکنۆلۆژیای زیرەکیی دەستکرد بکەم، باشترین دەستپێك ئەوەیە بە گوتەیەکی ڤۆلتێر دەست پێبکەم کە دەڵێت: «ئەقڵی هاوبەش هەموو کاتێك هاوبەش نییە - common sense is not so common»، ئەم لۆژیکە پەیوەندییەکی قووڵی بە زیرەکیی دەستکردەوە هەیە، کە دواتر دەگەڕێمەوە سەری.

هیچ کەسێك لەم جیهانەدا ناتوانێت نکۆڵی لە هێزی زیرەکیی دەستکرد بکات، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا هێزی زیرەکیی دەستکرد گەیشتووەتە ئەوەی:

- توانی بەسەر پاڵەوانی جیهانی گەمەی «GO» سەربکەوێت.
- توانی لە تاقیکردنەوەی وەرگرتنی زانکۆکان سەرکەوتوو بێت و پلەی زۆر باش بەدەست بهێنێت.
- توانی لە تاقیکردنەوەی سەندیکای پارێزەران سەرکەوتوو بێت و ببێت بە ئەندامی سەندیکای پارێزەران و کاری پارێزەرایەتی و دادوەری بکات.

لە ڕوانگەی ئەم هێزە گەورەیەی زیرەکیی دەستکرد پیشانی مرۆڤایەتی داوە، هەندێك مەزندەی ئەوە دەکەن، کە دواین نموونەی زیرەکیی دەستکرد توانای ئەوەیە هەیە مەشق و ڕاهێنان لەسەر دەیان هەزار یەکەی پرۆسێسی گرافیك «Graphics Processing Unit» بکات، ئەم مۆدێلە کە زۆر جار وەك ئەپلیکەیشنی «LLM» ئاماژەی پێدەکرێت، پێشینەی زیرەکیی گشتیی دەستکرد «AGI» نمایش دەکات و گرەوەی ئەوەی لەسەر دەکرێت، ئەگەر ئەم تەکنەلۆژیایە هەڵەیەکی بچووکیش بکات، ئەوا بە بەکارهێنانی داتا و سەرچاوەی زیاتر دەتوانرێت ئەو هەڵەیە چارەسەر بکرێت.

بەڵام بە ڕوانگەی من، پرسەکە زۆر لەمە قووڵترە و دەبێت قووڵتر لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بکەین. لە ئێستادا ئێمە ڕووبەڕووی سێ ئالنگاری دەبینەوە کە بریتین لە:

١- کێن ئەوانەی مەشق و ڕاهێنان بە زیرەکیی دەستکرد دەکەن؟

٢- ئەو هێزە گەورەیەی زیرەکیی دەستکرد چۆن بەکاردێت؟

٣- کام مامەڵەیە لە هەمووان خراپترە لەگەڵ زیرەکیی دەستکرد؟

سەبارەت بە مەشق و ڕاهێنان لە ڕێگەی داتاگەلێکی زەبەلاحەوە لە زیرەکیی دەستکرد، لەم پرسەدا دەبێت ڕاشکاوانە ئەوە بڵێم چارەنووسی مرۆڤایەتی لەژێر ڕەحمەتی ژمارەیەك کۆمپانیای زەبەلاحی تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکردایە، ئەمەش لەبەر ئەوەی مەشق و ڕاهێنان بە

زیرەکیی دەستکرد تێچوویەکی یەکجار زۆری هەیە و پێویستی بە وەبەرهێنانێکی زۆر گەورەیە، ئەم توانایە لەبەر دەستی توێژەرانی ناو کۆمەڵگە گەورەکەی ئەکادیمیا و سەنتەرەکانی توێژینەوە نییە. بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە دەوروژێت: «ئایا بێ بوونی ئەقڵێکی هاوبەشی مرۆڤایەتی دەتوانرێت زیرەکیی دەستکرد بگاتە ئەو ئاستەی جێگەی متمانەی مرۆڤ بێت؟ ئایا زیادکردنی بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد وەك هێزێکی وێرانکەر تەنیا ڕێگەیە، یان ڕێگەیەکی دروستە؟ ئایا دەتوانین مەشق و ڕاهێنان بەو جۆرە بە زیرەکیی دەستکرد بکەین، کە باشتر لە پێوەر و بەهاکانی مرۆڤایەتی تێبگات و نەیانبەزێنێت؟

ئەم پرسیارانە بێ وەڵامن، لەبەر ئەوەی ئەوانەی لە بازنەی زیرەکیی دەستکرد کاردەکەن و بەرهەمەکەیان بەسەر مرۆڤایەتیدا فەرز دەکەن، کەمینەیەکن لە مرۆڤایەتی و تەنیا چەند کۆمپانیای زەبەلاحی تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکردن.

بۆیە لێرەوە دەگەڕێمەوە بۆ نموونەی داود و گالوس «David and Goliath» کە لە «سفری تەورات» ئاماژەی پێکراوە. لەم چیرۆکەی ئێستاماندا گالوس نموونەیە بۆ ئەپڵیکەیشنی زمانە گەورەکە «LLM» کە ئیلهام لە کتێبە کۆنەکەی هونەری شەڕ «The Art of War»ی «سان زوو» وەردەگرێت». ئەم کتێبە ٦٠٠ساڵ پێش زایین نووسراوە و پێکهاتووە لە شەش هەزار بڕگە و هەر بڕگەیەك باس لە تایبەتمەندییەکی شەڕ دەکات». ئەم کتێبە پێمان دەڵێت «چۆن دوژمنەکەت بە باشی دەناسی، چۆن کاتی شەڕ دیاری دەکەیت، چۆن چەکەکانت پەرە پێدەدەیت».

ئەگەر هەڵوەستە لەسەر خاڵی یەکەم بکەین «چۆن زیرەکیی دەستکرد بە باشی بناسین؟» لە دەستپێکدا ئاماژەم بەوە کرد، ئێستا ئاستی زیرەکی و توانای زیرەکیی دەستکرد گەیشتووەتە ئەوەی تاقیکردنەوەکانی سەندیکای پارێزەران و زانکۆکان بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنێت، ئایا دەتوانین بڵێین ئەم ئاستەی زیرەکیی دەستکرد گەیشتووەتە ئاستی ئەقڵی هاوبەش «Common sense» کە بەرهەمی کۆی مێژوو و ئەزموونی مرۆڤایەتییە؟ لەوانەیە هەندێك بڵێن: بەڵێ، گەیشتووەتە ئەو ئاستە، بەڵام هەرگیز ناتوانین بگەینە ئەو قەناعەتە، لێرەدا ئەگەر گریمانە بکەین و لە ChatGPT بپرسین: «من پێج پارچە جلم شتووە، دەیبەمە دەرەوە بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆژ وشکی بکەمەوە، بە پێنج کاتژمێر بە تەواوەتی وشك دەبنەوە، ئایا ئەگەر ٣٠ پارچە جلم هەبێت، بە چەند کاتژمێر وشك دەبنەوە؟ ئەوا نەك هەر «چات جی پی تی» بەڵکو گەورەترین ئەپڵیکەیشنی زیرەکیی دەستکردیش بێنین، پێمان دەڵێت: «بە ٣٠ کاتژمێر وشك دەبنەوە».

یان ئەگەر پرسیاری ئەوەی لێبکەم، «دەمەوێت بەسەر ئەو پردە بڕۆم، بەڵام سەر پردەکە - بزمار، برغوو، شووشەی شکاوی لێیە، ئەگەر بەسەریدا بڕۆم تایەی پاسکیلەکەم پەنچەر دەبێت؟ بێگومان لەمەش تێناگات و دەڵێت: «سەر پردەکە ئەو شتانەی لێ نییە».

با لەم پرسیارە سادانە بگەڕێین، با گریمانەی ئەوە بکەین، زیرەکیی دەستکرد لە تاقیکردنەوەی سەندیکای پارێزەران دەرچووە و کاری پارێزەرایەتی دەکات و، لە تەفسیری بۆ ماددەیەکی یاسایی هەڵەی کرد، چی ڕوودەدات؟ لە کاتێکدا هەرکەس دەتوانێت تاقی بکاتەوە، کە لەم شتە سادانەی ئاماژەم پێکردن، هەڵەی کردووە. بۆیە دەتوانین ڕاشکاوانە بڵێین: «زیرەکیی دەستکرد چەند زیرەکییەکەی مەزندە بۆ نەکراوە، بە هەمان شێوە گێلییەکەشی شۆکهێنەرە».

لایەنێکی دیکەی مەترسی و نەرێنی کە پێشبینی مەترسیی زۆر گەورەی لێدەکرێت، ئەوەیە کە زیرەکیی دەستکرد بە داتا و میکانیزمی وێرانکەر مەشق و ڕاهێنانی پێ بکرێت. هەندێك کە بە گەشبینییەوە سەیری هێزی شەڕانخواز دەکەن و پاکانەی ئەوە دەهێننەوە کە ئەم لایەنەش دەکرێت بە زیادکردنی داتاگەلێکی دیکەی زەبەلاح چارەسەر بکرێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بۆچی هەر لەسەرەتاوە بە داتا و میکانیزمی وێرانەکەر لە زیرەکیی دەستکرد مەشق و ڕاهێنانی پێ بکرێت؟ وەڵامی گونجاو بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە دەبێت هەموومان بگەینە ئەو ئەقڵە هاوبەشەی کە مرۆڤایەتی پێویستی بەوە نییە داتای وێرانکەر لە زیرەکیی دەستکرد مەشق و ڕاهێنانی پێبکرێت هەتا دواتر بیر لە چارەسەرکردنی بکەینەوە.

**چارەنووسی مرۆڤایەتی لە ژێر ڕەحمەتی ژمارەیەک کۆمپانیای زەبەلاحی تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکردایە**

**ئەوانەی لە بازنەی زیرەکیی دەستکرد کاردەکەن و بەرهەمەکەیان بەسەر مرۆڤایەتیدا فەرز دەکەن، کەمینەیەکن لە مرۆڤایەتی و تەنیا چەند کۆمپانیای زەبەلاحی تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکردن**

**ئێستا ئاستی زیرەکی و توانای زیرەکیی دەستکرد گەیشتووەتە ئەوەی تاقیکردنەوەکانی سەندیکای پارێزەران و زانکۆکان بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنێت**

**لایەنێکی دیکەی مەترسی و نەرێنی کە پێشبینی مەترسیی زۆر گەورەی لێدەکرێت، ئەوەیە کە زیرەکیی دەستکرد بە داتا و میکانیزمی وێرانکەر مەشق و ڕاهێنانی پێ بکرێت**



### پڕۆفیسۆر محەمەد عومەر مەولوود

دادوەری پێشووی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# جەنابی سەرۆک بارزانی چەند جار بەدواچوونی بۆ لێژنەکەی نووسینەوەی دەستوور دەکرد و هەوڵیشی دەدا بۆ لابردنی ئەو کۆسپانەی دەهاتنە بەردەم بەردەوامبوونی پرۆسەکە

لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان سەرۆك بارزانی ڕایگەیاند، دەبێت یەکەم کاری ئەو خولەی پەرلەمان نووسینەوەی دەستوور بێت، لەسەر گرنگی ئەم پرسە و ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم پەسەندکرنی دەستوورەکە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆر محەمەد عومەر مەولوود دادوەری پێشووی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان و ئەندامی هەموو لێژنەکانی پێشووی نووسینەوەی دەستوور و شارەزا و پسپۆڕ لە یاسای فیدراڵییەت سازدا.

*** لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا، سەرۆك بارزانی ڕایگەیاند دەبێت یەکەم کاری پەرلەمانی داهاتوو نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان بێت، ئایا گرینگی دەستوور بۆ هەرێمێك لە ناو دەوڵەتێکی فیدڕاڵیدا چییە؟**

- بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێت سەرەتا گرینگی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان ڕوون بکەینەوە و داواکاری و ئەو دڵسۆزی و تەئکیدەی جەنابی سەرۆك بارزانی بخەینەڕوو، کە بۆچی هەموو کات و لە هەموو خولەکانی پەرلەمانی کوردستان داوای یەکەم و کاری سەرەکیی جەنابی سەرۆك بارزانی لە پەرلەمان نووسینەوەی دەستووری کوردستان بووە. دەستوور کۆڵەگەیەکی زۆر گرینگە بۆ هەموو قەوارەیەکی سیاسی، جا ئەو قەوارەیە چ دەوڵەت بێت، یان هەرێمێکی فیدڕاڵی، (بۆیە لەمەودوا کە ناوی دەوڵەتمان هێنا بابەتەکە هەرێمی فیدڕاڵیش دەگرێتەوە) و ئەو گرینگییە لە چەند خاڵێك سەرچاوە دەگرێت کە لێردا باسیان دەکەین:

یەکەم: دەستوور بە ناسنامەی دەوڵەت یان هەرێم دادەنرێت: دەستوور جۆری دەوڵەت دیاری دەکات کە ئایا سەرمایەدارییە، یان سۆشیالیستییە و ئایا دیموکراتییە، یان دیکتاتۆرییە، یان ئایا دەوڵەتێکی ئایینییە یان عەلمانییە، هەروەها سیستەمی پەرلەمانی پیڕەو دەکات، یان سیستەمی سەرۆکایەتی، یان سیستەمی تێکەڵ.

دووەم: دەستوور تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت دابەش دەکات بەسەر سێ دەسەڵات، دەسەڵاتەکانی (یاسادانان و کارگێڕی و دادوەری) و سنووریش بۆ هەر یەکێکیان دادەنێت، بەپێی پڕەنسیپی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان.

سێیەم: دەستوور مافەکانی هاووڵاتیان لە بوارەکانی شارستانی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دیاری دەکات، هەروەها ئازادییەکانی هاووڵاتیان دەستنیشان دەکات، ئەوەش بۆ پاراستنی هاووڵاتیانە لە دەستدرێژیی دەسەڵات، چونکە دەستوور هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵات و ئازادی دەپارێزێت.

چوارەم: دەستوور پرەنسیپی سەروەریی یاسا دەچەسپێنێت، لەبەر ئەوەی دەستوور باوکی یاساکانە، بۆیە نابێت هیچ یاسایەك بە پێچەوانەی دەستوور دەربچێت.

پێنجەم: دەستوور شەرعییەت بە دەسەڵاتی حوکمڕان دەبەخشێت، چونکە بوونی دەستوور وا دەردەخات کە ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی پاشاگەردانی نییە، بەڵکو پابەندە بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و لە سەرووی هەموویان پرەنسیپی دەستاودەستی ئاشتییانەی دەسەڵات.

شەشەم: دەستوور چوارچێوەیەکی باش دەڕەخسێنێت بۆ گەشەپێدانی وڵات لە هەموو بوارەکان، لەبەر ئەوەی دەستوور جێگیربوونی سیاسی پەیدا دەکات، ئەوەش دەبێتە هۆکاری گەشەکردن و پێشکەوتن و ئاوەدانبوونەوە، لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتە دەبێتە جێگایەکی باش بۆ هاندانی سەرمایەداران کە بە مەبەستی وەبەرهێنان ڕووی لێبکەن.

**پرۆژەی دەستووری ساڵی (٢٠٠٩)ی هەرێمی کوردستان کە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە، بە هەوڵ و داکۆکیی سەرۆک بارزانی بووە**

حەفتەم: دەستوور دەق لەسەر دەستگا و ئامرازی پێویست دەکات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە نێوان دەسەڵاتەکان و، لە نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیان لەلایەکی دیکە، بۆیە دەبینین کە زۆربەی زۆری دەستوورەکان ئەگەر نەڵێین هەموویان، دەق لەسەر دامەزراندنی دادگایەکی دەستووری دەکەن بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو کێشە و ناکۆکییانەی کە دێنەپێش.

هەشتەم: بوونی دەستوورێکی دیموکراسی دەبێتە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی جیهان بە چاوێکی پڕ لە ڕێز و بەرز سەیری ئەزموونی حوکمڕانی ئەو وڵاتە بکەن. هەر بۆیە داواکارییەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی لە کورتە وەڵامێك دەخەمەڕوو: داواکاریی سەروك بارزانی کە یەکەم کاری خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دەبێت نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان بێت، زۆر لە جێی خۆیەتی، بۆ ئەوەی هەرێم ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی و ڕزگاری بێت لەو بۆشاییە دەستووری و یاساییەی کە هەیە، لەبەر ئەوەی سەرۆك بارزانی زۆر بەپەرۆشە بۆ سەرکەوتنی ئەزموونی حوکمڕانی لە کوردستان، هەروەها سەرۆك بارزانی زۆر بەپەرۆش بوو کە ڕۆژێك زووتر دەستووری هەرێمی کوردستان بنووسرێتەوە و بخرێتە ڕاپرسی، تاوەکو قەوارەی سیاسی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستوورێکی شایستە بە خەبات و قوربانییەکانی میللەتی کورد. بەندە وەك ئەندامێك لە لێژنەی نووسینەوەی دەستوور شاهیدیی ئەوە دەدەم کە جەنابی سەرۆك بارزانی چەند جار بەدواچوونی بۆ کاروباری لێژنەکە دەکرد و هەوڵیشی دەدا بۆ لابردنی ئەو کۆسپانەی دەهاتنە بەردەم بەردەوامبوونی پرۆسەکە، لێرەدا هیوادارم کە داواکارییەکەی سەرۆك بارزانی جێبەجێ بکرێت و ئاواتەکەی لەو بوارە بێتەدی.

**دەسەڵاتی گەل لە دەسەڵاتی پەرلەمان گەورەترە، بۆیە دەبووایە پرۆژەکەی دەستوور بدرێتە ڕیفراندۆم، نەک بگەڕێندرێتەوە بۆ پەرلەمان**

*** ئاشکرایە دەستووری هەرێمەکان دەبێت هاوتەریبی دەستووری فیدراڵی بێت. چۆن دەستووری هەرێمەکان بە هاوشان لەگەڵ دەستووری فیدراڵی کاروبارەکانی هەرێمەکان ڕێک دەخات؟ ئایا لە خوار دەسەڵاتە حەسرییەکانەوە ئەو مافانەی هەرێمەکان چین کە بە دەستووری خودی هەرێمەکان ڕێک دەخرێن؟**

- لە سیستەمی فیدراڵی هەرێمەکانی دەوڵەت لەپاڵ دەستووری دەوڵەتی یەکگرتوو، دەستووری خۆیان دەبێت، بۆیە دەبینین کە ماددەی (١٢٠) لە دەستووری (٢٠٠٥) لە عێراق دەڵێت: «دەبێت هەرێمی کوردستان هەڵسێت بە دانانی دەستووری خۆی کە پەیکەری دەسەڵاتەکانی هەرێم ڕێک دەخات و تایبەتمەندییەکانیان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان دیاری دەکات، بە مەرجێک کە دژ بەم دەستوورە نەبێت». لە دەوڵەتی فیدراڵیی دەسەڵاتەکان دابەش دەکرێت لە نێوان حکومەتی یەکگرتوو و حکومەتەکانی هەرێمەکان بە جۆرێک کە حکومەتی یەکگرتوو دەسەڵاتە حەسرییەکان بە کار دەهێنێت و هەرێم دەسەڵاتەکانی دیکە (ناحەسری) بەکار دەهێنێت، بۆیە دەستووری یەکگرتوو کاروباری دەوڵەتی یەکگرتوو ڕێک دەخات و، باس لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی و حکومەتی یەکگرتوو واتا دەسەڵاتەکانی یاسادانان و کارگێڕی و دەسەڵاتی دادوەری و تایبەتمەندی هەر یەکێکیان دەستنیشان دەکات.

تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتەکانی حکومەتی یەکگرتوو جیاوازن لە تایبەتمەندییەکانی حکومەتی هەرێم، چونکە حکومەتی یەکگرتوو تایبەتمەندە بە دەسەڵاتە حەسرییەکان کە پێویستن بە سەروەریی دەرەوە و ناوەوەی دەوڵەت، وەکو سیاسەتی دەرەوە و بابەتی دراو و ئاسایشی ناوخو و...هتد، بۆیە دەبینین کە ماددەی (١١٠) لە دەستووری (٢٠٠٥) هەمیشەیی عێراق دەسەڵاتە حەسرییەکان کە لە تایبەتی حکومەتی یەکگرتوون هەژمار دەکات، لە بەرانبەردا حکومەتی هەرێم لەبەر ئەوەی تەنیا خاوەنی سەروەریی ناوخۆیە تایبەتمەندە بەو بابەتانە کە پێوەستن بە کاروباری ناوخوی هەرێم، وەکو بابەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و تەندروستی و ئاوەدانکردنەوە و بەڕێوەبردن و وەبەرهێنان لە بواری نەوت و کانزاکان بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی یەکگرتوو و بابەتەکانی ڕێگاوبان و گەشەپێدان لە هەموو بوارەکانی ژیان و پاسەوانیی هەرێمەکەش.

*** هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فرە نەتەوە و فرە ئایینە، ئایا میکانیزمی گونجاو بۆ دیاریکردنی مافی ئەو پێکهاتانە چین، یان لە ڕەشنووسەکانی پێشتری دەستووری هەرێمی کوردستان چۆن چارەسەر کراوە؟**

- هەرێمی کوردستان بێجگە لە میللەتی کورد چەند پێکهاتەی دیکەی تێدایە وەکو براکانمان لە تورکمان و عەرەب و کلدان و سریان و ئاشوری و ئەرمەن، لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە پێویستە دەستووری هەرێم ددان بە ماف و ئازادییەکانی ئەو پێکهاتانە بنێت و مافەکانیان لە بواری زمان و ڕۆشنبیری و کەلتوور زامن بکات، هەروەها پێویستە هاووڵاتیانی ئەو پێکهاتانە یەکسان بن لەگەڵ هاووڵاتیانی کورد لە هەموو ماف و ئازادییەک و ئەگەر لە ناوچەیەکی دیاریکراو یەکێک لەو پێکهاتانە زۆرینەی دانیشتووانی هەبوو، پێویستە حکومەتی خۆجێیی لەلایەن ئەو پێکهاتەیە بەڕێوەببردرێت، هەتا دەگاتە ئۆتۆنۆمییش، ئەگەر هاتوو ناوچەکە فراوان بوو. لێرەشدا پێویستە ئاماژە بە پرۆژەی دەستووری ساڵی (٢٠٠٩)ی هەرێمی کوردستان بکەین، کە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە، کە ئەمەش هەر بە هەوڵ و داکۆکیی سەرۆک بارزانی بوو، لە بارەی یەکسانیی هاوڵاتیان کە ماددەی (٢٠)ی پرۆژەکە دەڵێت: «یەکەم: هەموو کەس بەرانبەر بە یاسا یەکسانە.

دووەم: هەموو چەشنە جیاکارییەک لەسەر بناغەی (نەژاد، ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، پێگەی کۆمەڵایەتی، وڵاتنامە، بنەچە، ئایین، بیروباوەڕ، هزر، تەمەن، باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، یان کەمئەندامی قەدەغەیە». هەروەها بەشی سێیەم لە دەروازەی دووەمی پرۆژەی دەستوورەکە تەرخان کراوە بۆ مافە نەتەوەیی و ئایینییەکانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان و زیاتر لەوەش ماددەی (٣٥) لەو بەشە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە «ئەم دەستوورە مافی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و کارگێڕی دەستەبەر دەکات بۆ تورکمان، عەرەب، کلدان، سریان، ئاشووری، ئەرمەن بە مافی ئۆتۆنۆمییشەوە بۆ هەر پێکهاتەیەک کە لە هەر شوێنێك زۆرینەی دانیشتووانی هەبێت».

*** لە دوای ساڵی ١٩٩٢ هەتا ئێستا چەندین جار لێژنە بۆ نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان دانراوە و،تەنانەت لە ساڵی ٢٠٠٩ پەرلەمان پەسندی کرد و، بەنیازبوون لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی**

**دەستوور تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت دابەش دەکات بەسەر سێ دەسەڵات، دەسەڵاتەکانی (یاسادانان و کارگێڕی و دادوەری) و سنووریش بۆ هەر یەکێکیان دادەنێت، بەپێی پرەنسیبی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان**

**لەبەر ئەوەی دەستوور باوکی یاساکانە، بۆیە نابێت هیچ یاسایەک بە پێچەوانەی دەستوور دەربچێت**

**بوونی دەستوورێکی دیموکراسی دەبێتە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی جیهان بە چاوێکی پڕ لە ڕێز و بەرز سەیری ئەزموونی حوکمڕانی ئەو وڵاتە بکەن**

**٢٠٠٩ بخرێتە ڕاپرسییەوە، بەڵام دواخرا. بۆچی حزبە سیاسییەکان ئەوەندە ئاستەنگ بۆ تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی کوردستان دروست دەکەن؟**

- ئەوە بەڕاستی هەم بابەتێکی زۆر ناتەندروستە، هەم جێگای ڕەخنەیەکی گەورەیە کە هەتا ئێستا لە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (٣٣) ساڵ لەسەر ڕاگەیاندنی سیستەمی فیدراڵی لە لایەن پەرلەمانی کوردستان و لە پاش تێپەڕبوونی (٢٠) ساڵ لەسەر دامەزراندنی دەستووری فیدراڵیی عێراق کە لە ماددەی (١٢٠) ئەمر دەکات، بەوەی کە دەبێت هەرێمی کوردستان دەستووری خۆی دابنێت، بەڵام هەرێمی کوردستان تەقەی سەری دێت و نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی. شایانی باسە لە ساڵی (٢٠٠٢)ـەوە هەوڵ دراوە بۆ دانانی دەستوورکە کە هەندێک پەرلەمانتار لەگەڵ هەندێک لە شارەزایانی بواری دەستوور خەریکی نووسینەوەی ڕەشنووسی ئەو دەستوورە بوون. لە سەرەتا لێژنەک بە سەرۆکایەتیی خوا لێخۆشبوو (دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس) سەرۆکی ئەو کاتی پەرلەمانی کوردستان دامەزرا و لێژنەکە توانی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم ئامادە بکات و لە ٢٠٠٢/١١/٧ پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (٢٦) پرۆژەکەی پەسەند کرد و دوای ئەوە لە ساڵی (٢٠٠٥) لێژنەیەکی دیکە (لە چواردە پەرلەمانتار کە نوێنەرایەتیی حزبەکانی کوردستانیان دەکرد لەگەڵ چوار شارەزا لە بواری دەستوور) دامەزرا، ئەگەرچی لە دوای هەوڵێکی زۆر، هەروەها وەرگرتنی ڕای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و زۆر لە کەسایەتییەکانی هەرێم ئەو لێژنەیە پرۆژەیەکی ڕێکوپێک و تۆکمەی ئامادە کرد و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کرا و، لە ٢٠٠٩/٦/٢٤ پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی ٩٥ پەرلەمانتار لە ٩٦ ئەندام کە ئامادەی دانیشتنەکە بوون پرۆژەکە پەسەند کرا و بڕیار درا کە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ ریفراندۆمی لە لایەن گەلی کوردستان لەسەر بکرێت و داوا لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق کرا، ئەو ریفراندۆمە ئەنجام بدات، بەڵام کۆمیسیۆن وەڵامی داوە کە ناتوانێت لەم بەروارەدا ریفراندۆم بۆ ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدات، هەر بۆیە پرۆسەکە لەو شوێنە ڕاوەستا و هەر وەکو عارەب دەڵێت «في كل تأخير آفة»، دوابەدوای ئەو ڕاوەستانەش هەندێک حزب و لایەنی کوردستان کە بەشداربوون لە ئامادەکردنی پرۆژەکە پاشگەز بوونەوە لەو پرۆسەیە بە چەند هەنجەتێکی جۆراوجۆر و بێ بنەما و لە سەرووی هەموویان کە سیستەمی سیاسی بەپێی پرۆژەکە سیستەمێکی سەرۆکایەتییە، نەک پەرلەمانی، هەر چەندە ئەو هەنجەتەیان هیچ ئەسڵ و ئەساسی نەبوو. هەر بۆیە پرۆژەکە بەو شێوەیە مایەوە و هەتا خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا و بڕیار درا، پرۆژەکە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و جارێکی دیکە دەستکاری بکرێت، لێژنەیەکی پەرلەمانی تازەش بۆ ئەم مەبەستە دامەزرێنرا، بەڵام لە دوای چەندین دانیشتن و بە هۆی ناکۆکی سیاسی پرۆسەکە بە یەکجاری پەک خرا.

لێرەدا پێویستە بڵێین، گەڕاندنەوەی پرۆژەکە دوای پەسەندکردنی لە لایەن پەرلەمان و ناردنی بۆ ریفراندۆم لەلایەن خەڵکی کوردستان کارێکی زۆر پێچەوانە بوو لەگەڵ پرەنسیپە دەستوورییەکان، لەبەر ئەوەی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە، بە واتایەکی دیکە دەسەڵاتی گەل لە دەسەڵاتی پەرلەمان گەورەترە، بۆیە دەبوایە پرۆژەکە بدرێتە ریفراندۆم، نەک بگەڕێندرێتەوە بۆ پەرلەمان. هەروەها سەبارەت بە هەڵوێستی حزبەکان لە پاشگەزبوونەوە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەر پرۆژەکەی ٢٠٠٩، هەروەها گەڕاندنەوەی پرۆژەکە بۆ پەرلەمان لە جێگای خۆیدا نەبوو لەبەر ئەوەی هیچ هۆیەکی ئەوتۆ نەبوو بۆ ڕاگرتنی ئەو هەڵوێستە، نەخاسمە ئەگەر بزانین کە سیستەمی سیاسی بەپێی پرۆژەکە سیستەمێکی دیموکراسی پەرلەمانییە و بەپێی ماددەی (٤٠)ی پرۆژەکە پەرلەمان سەرچاوەی دەسەڵاتە لە هەرێمی کوردستان و بە تەنیا بە خۆی خاوەن بڕیارە لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی هەرێمی کوردستان. بە قەناعەتی بەندە هۆکاری ئەو هەڵوێستە لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئارەزووی هەندێ حزب و لایەن لە بەردەوامبوونی ئەو بارودۆخە پاشاگەردانی و ناجێگیرە و بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی لە سەرووی بەرژەوەندیی گشتیی میللەتی کورد دابنێن، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی دووبەرەکی کە بەداخەوە لە دێر زەمانەوە بەرۆکی میللەت کورد بەرنادات.

لە کۆتاییشدا من وەکو هاووڵاتییەکی کورد لە هەرێمی کوردستان هیوادارم و ئاواتەخوازم کە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بتوانێت دەستوورێکی ڕێکوپێک و تێروتەسەل بۆ هەرێمی کوردستان بنووسێتەوە، کە شایەنی خەبات و ماندووبوونی خەڵکی کوردستان بێت.

**لە پاش تێپەڕبوونی (٢٠) ساڵ لەسەر دامەزراندنی دەستووری فیدراڵیی عێراق کە لە ماددەی (١٢٠) ئەمر دەکات، بەوەی کە دەبێت هەرێمی کوردستان دەستووری خۆی دابنێت، بەڵام هەرێمی کوردستان تەقەی سەری دێت و نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی**

**پێویستە دەستووری هەرێم دەدان بە ماف و ئازادییەکانی ئەو پێکهاتانە بنێت و مافەکانیان لە بواری زمان و ڕۆشنبیری و کەلتوور زامن بکات**

**ئاواتەخوازم کە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بتوانێت دەستوورێکی ڕێکوپێک و تێروتەسەل بۆ هەرێمی کوردستان بنووسێتەوە، کە شایەنی خەبات و ماندووبوونی خەڵکی کوردستان بێت**

# ڕەوشی سیاسیی نوێ لە ناوچەکەدا پێویستی بە بیرکردنەوەی سیاسیی نوێ هەیە

**دەسەڵاتی دیکتاتۆری ستەمکاری ئەسەد لە سووریا بە هەمان شێواز و سیناریۆی ڕووخانی حکومەتی ئەفغانستان و وەرگرتنەوەی دەسەڵات لەلایەن تاڵیبانەوە ڕووخا**

**لە غەززە شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ حەماس و لە لوبنان لەگەڵ حزبوڵڵا و، بڕیاری نەهێشتنی میلیشیاکانی سەر بە ئێران لەو ناوچەیەدا، هۆکاری بە خێرایی کۆتاییهاتن بە پرۆژەی هیلالی شیعەی ئێران و دەسەڵاتی ئەسەد لە سووریا بوو**

سەرەڕای مانەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر بە هۆی ناکۆکی و ململانێی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، لە کۆتاییدا دەسەڵاتی دیکتاتۆری ستەمکاری ئەسەد لە سووریا بە هەمان شێواز و سیناریۆی ڕووخانی حکومەتی ئەفغانستان و وەرگرتنەوەی دەسەڵات لەلایەن تاڵیبانەوە ڕووخا.

ڕژێمی ئەسەد هەر لە سەرەتاکانی بەهاری عەرەبی و، تەنانەت پێشتریش بنەمای بەردەوامبوونی نەمابوو، بەڵام دەستپێکی ژماردنی کاتژمێری فەوتان و کۆتاییهاتنی لە ڕووداوەکانی «لافاوی ئەقسا» لە ٧ی ئۆکتۆبەر دەستپێکرد و، پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل بوو بە بابەتی سەرەکی و ژمارە یەك، بە جۆرێك هەموو دۆسیێ و بابەتی دیکە دەبوایە لە خزمەتی پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل بووایە.

پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل هاوکێشە و تەرازووی خودی بەرژەوەندییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی چۆنایەتی گۆڕی و ئەوە بوو لە غەززە شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ حەماس و لە لوبنان لەگەڵ حزبوڵڵا و، بڕیاری نەهێشتنی میلیشیاکانی سەر بە ئێران لەو ناوچەیەدا، هۆکاری بە خێرایی کۆتاییهاتن بە پرۆژەی هیلالی شیعەی ئێران و دەسەڵاتی ئەسەد لە سووریا بوو.

لە پرۆسەی کۆتاییهاتن بە ئەسەد کۆمەڵێك هێزی دەرەکی لەوانە تورکیا، ئیسرائیل، وڵاتانی کەنداو و ئێران، ئەمریکا و ڕووسیا، جگە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەشداربوون. بەتایبەتی بە شێوەیەکی فەرمی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ٢٢٤٥ لە ١٨ی دیسەمبەری ٢٠١٥ سەبارەت بە ئاگربەست و چارەسەری سیاسیی ڕەوشی سووریا درابوو.

گومان لەوەدا نییە کە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرێك لە هەر شوێنێکدا بێت، مانای کۆتاییهاتن بە ڕژێمی دیکتاتۆری نییە، بەڵام لە سووریا ڕەوشێکی نوێی هاتووەتە کایەوە، کە ناکۆکی و ململانێی ناوخۆیی قورس و دژوارتر دەخاتە بەردەم چارەنووسی گەلانی سووریا بە گەلی کوردیشەوە لەو دەوڵەتەدا.

دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری کە تیرۆری دەوڵەتی دژ بە گەلەکەی ئەنجام دەدا، کۆتاییهات، بەڵام ئۆپۆزسیونێکی چەکدار کار بۆ جێگرەوی دەکات، کە بەشێکی بەرچاوی لە لیستی تیرۆری نێودەوڵەتین و، ناکرێ بە لۆژیکی قایلبوون بەو واقیعە و بەو شوناسەی کە هەڵیگرتووە، بێ سنووردانان ئەستۆپاکیی پێبدرێت و، نموونەی قایلبوون بە تاڵیبان لە ئەفغانستان بە بیانوو بۆ ئەم بابەتە بهێنرێتەوە. هەر بۆیە قۆناغێکی سیاسیی پڕ ململانێ لە بەردەم گەلانی سووریایە بە ئاراستەی کۆتاییهاتن بە لێکەوتەکانی دیکتاتۆری و گرینگیی بوونی قۆناغی عەدالەتی ڕاگوزەر و چاوگێڕانەوە بە ڕێکخستنەوەی پەیکەری قەیراناویی دەوڵەت و دانانی دەستووری نوێ.

بەڵام ئەم ئاراستەیە تەنانەت ئەگەر بێتە کایەوە، لە چوارچێوەی ناکۆکیو ململانێدا دەبێت، لە ڕەوشێکدا پاشخانی دەسەڵاتی ئەمری واقیع پاش ڕژێمی ئەسەد بریتییە لە کۆمەڵێك میلیشیا کە تا ئێستا لە لیستی تیرۆری نێودەوڵەتین.

پێشهاتە و گۆڕانکارییە نوێکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کارتێکردنی لەسەر دۆزی ڕەوای گەلی



**د. کاوە مەحموود**
سکرتێری حزبی شیوعیی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوە

کوردستان لە ناوچەکەدا هەیە، بۆیە ئەرکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانە لە هەر چوارپارچەکەدا خوێندنەوەی نوێی بۆ ڕەوشی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی هەبێت، بەتایبەتی لە ڕۆژئاوا، کە پێویستە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی هێزی کوردستانی لە ڕۆژئاوا دوور لە دەستتێوەردانی لایەنی دەرەکی و کوردستانی دیکە، بپارێزرێت.

هاوکات لەگەڵ ئامادەبوون بۆ بەرەنگاری و پاراستنی دەسەڵات لە ڕۆژئاوا، کارکردن بۆ کاری هاوبەش و یەکڕیزیی سەرجەم هێزە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا و دەستپێکردنی لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی ئەو هێزانە پێویستە، بە جۆرێك وەك یەك پێکهاتەی سیاسی لە گفتوگۆکان سەبارەت بە چارەنووسی سیاسیی دەوڵەتی سووریا و پاراستنی مافەکانی گەلی کورد و نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکەی سووریا بەشدار بن.

ئاسۆی دوارۆژی سیاسی لە ناوچەکەدا بە هێنانەسەرکاری حوکمی دیکتاتۆری ئایینی و مەزهەبی و حوکمی شۆڤینی نەتەوەی سەردەست لە باتی حوکمی دیکتاتۆریی سەربازی و خێزانی حوکمڕان، سەقامگیر نابێت.

قۆناغی ئایندە کارکردنە بۆ بنیادنانەوەی دەوڵەت لە ناوچەکەدا کە لە چوارچێوەی گرێبەستێکی سیاسیی نوێدا بێت و، سەرجەم نەتەوە و پێکهاتەکان پەیڕەوی ئیرادەی ئازادانەی خۆیان بکەن و، ڕێگای دەوڵەتی هاووڵاتیبوون لەسەر بنەمای ڕێزکردنی ئیرادەی خەڵك و دابینکردنی ماف و ئازادییەکان و نەهێشتنی دیاردەی پەراوێزخستن دەکرێت، نەك لە ڕێگای سەپاندنی خواست و ئیرادەیەك کە پشت بە عەقڵییەتی نەتەوە و تایفەی زۆربە و هێزی سەربازی ببەستێت.

لەم هەلومەرجەدا کە ڕووداو و پێشهاتەی نوێ لە سەرجەم ناوچەکەدا چاوەڕوان دەکرێت و هەموو ئەگەرەکان لە ئارادایە، خوێندنەوەی ڕووداوە نوێکان بە شێوەیکی واقیعبینانە ئەرکێکی هەنووکەیی بزووتنەوەی رزگارێخوازی گەلەکەمانە، کە لە هەر چوار پارچەی کوردستان پێویستی بە یەکڕیزی و یەك گوتاری سیاسی هەیە.

بە پێی زۆربەی خوێندنەوەکان گۆڕانکارییەکان لە چوراچێوەی سووریا کۆتایی نایەت و لەو وڵاتەدا هەموو ئەگەرەکان لە ئارادان و، چاوەڕێی ئەوەش دەکرێت کارتێکردنی ڕەوشی سیاسیی نوێ، یەمەن و عێراق و تەنانەت ئێرانیش بگرێتەوە، ئەمەش پێویستی بە کاری هاوبەش و یەکڕیزی و یەك گوتاری سیاسی لە باشووری کوردستان هەیە و، ئەمەش بە متمانەوەرگرتنەوەی خەڵکی کوردستان بەدی دێت.

هەروەها باشوور پێویستی بە دیالۆگێکی نیشتمانی کوردستانی ڕەخنەگرانە و هەنگاوەکانە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات و دارشتنی سیاسەتی گونجاو بۆ بەرژەوەندیی خەڵك و کاراکردنی دامەزراوەکان و کۆتاییهاتن بە دابەشبوونی هێزی پێشمەرگە و دیاردەی زۆنچێتی و پەلەکردن لە کاراکردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی نوێ لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی نوێی جیاواز لە بەرنامەکانی پێشتر و گرتنەبەری جۆرە میکانیزمێکی نوێ، دوور لە بنەمای تەنیا ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی پلە و پۆست.

**ئەرکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانە لە هەر چوارپارچەکەدا خوێندنەوەی نوێی بۆ ڕەوشی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی هەبێت**

**ئاسۆی دوارۆژی سیاسی لە ناوچەکەدا بە هێنانەسەرکاری حوکمی دیکتاتۆری ئایینی و مەزهەبی و حوکمی شۆڤینی نەتەوەی سەردەست لە باتی حوکمی دیکتاتۆریی سەربازی و خێزانی حوکمڕان، سەقامگیر نابێت**



د. ئەردەشیر پەشەنگ
توێژەر و پسپۆڕ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە تاران بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی پێگە و ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ ئەوەی هەمووان لە سووریا و ناوچەکەدا کۆبکاتەوە و بە زمانی گفتوگۆ و دیالۆگ متمانە دروست بکاتەوە

**هەرچەندە ڕووداو و پەرەسەندنەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەندە خێرایە کە زۆربەی چاودێران و توێژەرانی سیاسی فریای پێشبینی و پێشهاتەکان ناکەون، بەڵام هەموو ئەگەرەکان بەو ئاراستەیەدا دەچن، کە بارودۆخەکە بۆ کوردستانی ڕۆژئاوا و هەرێمی کوردستانیش گرینگە، بۆیە دەبێت بە عەقڵانی و وریاییەوە مامەڵە بکرێت، تاوەکو بە شێوەیەکی لۆژیکییانە مامەڵە لەگەڵ لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکان و وەرچەرخانەکەدا بکرێت و، خۆشمان بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادە بکەین. بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرسە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر ئەردەشیر پەشەنگ توێژەر و پسپۆڕ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە تاران سازدا.**

*** ڕووداو و پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی سووریا و ڕووخانی بەشار ئەسەد و ڕژێمی بەعس دوای هێرشە کتوپڕەکەی دەستەی تەحریر شام، ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو بوو، بەتایبەتی بۆ ئێران کە هاوپەیمانی ستراتیژیی بەشار ئەسەد بوو. بە تێڕوانینی ئێوە هۆکاری ئەم ڕووداوە کتوپڕانە چی بوون؟**

- بابەتی ڕووخانی ئەسەد و ڕژێمەکەی تەنیا شەڕێکی ناوخۆیی نزیکەی دوو دەیە و لاوازیی سوپاکەی نەبوو، بەڵکو دەرهاویشتەی کۆمەڵێك هەلومەرجی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ناوخۆیی بوو. ئاشکرایە ڕووداوەکان لە ٧ی ئۆکتۆبەرەوە ڕوویان دا، کاتێك حەماسی هاوپەیمانی ئێران هێرشی بۆ سەر ئیسرائیل دەست پێکرد، کە ڕووداو و پەرەسەندنی شەڕ و ئاڵۆزیی خێرا و فراوانی لە ناوچەکەدا لێکەوتەوە، ئەوە بوو شەڕی حەماس -ئیسرائیل درێژەی کێشا و بە تێکشکانی حەماس کۆتایی هات و، هەر زوو حزبوڵڵای لوبنانی و حووسییەکانی یەمەن و هەندێك لە میلیشیاکانی بەرەی موقاوەمەی عێراقی هاتنە نێو جەنگەکە و، دواتر هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر پێگەکانی حزبوڵڵا و میلیشیا ئێرانییەکان لە دیمەشق و تەواوی سووریا و بگرە هێرشی مووشەکی نێوان ئێران و ئیسرائیل دەستی پێکرد، تاوەکو کەوتنی دیمەشق کە ئەو وڵاتە خۆی ماندوو بووە لە شەڕی نێوخۆییدا، لە بەرانبەریشدا هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەتی دەستەی تەحریر شام کە بە هاوپەیمانێتی تورکیا بەهێز ببوون. لەم ڕوانگەیەوە دەبینین هێزە زلهێزەکان کە لە ناوچەکەدا سەربازگە و بارەگای سەربازیی گەورەیان هەیە و هێزە ئیقلیمییەکانی وەکو تورکیا و ئێران ڕۆڵیان هەیە، لە نێوخۆشدا هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و ململانێی خوێناوی و تێکشکانی ڕێککەوتنەکانی ڕاگرتنی شەڕ هەمووی ڕۆڵی گەورەیان لەم دۆخەی ئێستای شامدا هەیە، کە بە تەئکید لە چاوەڕوانیی هیچ یەك لەو هێزانەدا نەبوو، تەنیا لە ماوەی ١١ ڕۆژدا کۆتایی بە ڕژێمێکی سەربازیی بەعسیی تەمەن ٥٠ ساڵ بهێنرێت، هەر ئەمەش بوو وای کرد، تەنانەت ئێرانی هێزە کاریگەرە ئیقلیمییەکە نەتوانێت فریای بەشار ئەسەد بکەوێت و سووریا نەچێتە ژێر دەستی هاوپەیمانێکی تورکیای ڕکابەریەوە، ئەو سووریایەی بۆ ئێران تایبەتمەندییەکی زۆری هەیە، خۆری ئاوا بوو.

*** کەواتە ڕووخانەکەی بەشار ئەسەد و سەرکەوتنەکەی دەستەی تەحریر شام و دامەزراندنی حکومەتە کاتییەکەی ئەحمەد شەرع زیانی گەورەی بۆ ئێران و هیلالی شیعی دەبێت؟**

- سووریا تەنیا وڵاتێك نەبوو لە بەرەی دژ بە ڕۆژئاوادا، بەڵکو هاوپەیمانێکی ستراتیژی بوو بۆ ئێران، ئەو وڵاتە بۆ تاران پێگەیەکی نەك تەنیا ستراتیژی، بەڵکو شوێن و خاکێکی جیوپۆلەتیك بووە بۆ بەرەی موقاوەمە و هەڵکشانی پێگە و دەسەڵاتەکانی میلیشیاتە چەکدارەکان و گواستنەوەی وشکانی لە عێراق و سووریاوە بۆ لوبنان و حزبوڵڵای لوبنانی و، لەوێشەوە بۆ سەر سنوورەکانی فەڵەستین، کە ئێران دەیتوانی لەم ڕێگەیەوە هەژموونی خۆی بەسەر تەواوی ناوچەکەدا بسەپێنێت، لە ئێستادا دوای هاتنی دەستەیەکی چەکداری هاوپەیمانی تورکیا کە لە دێرزەمانەوە ئێران و تورکیا لە ناوچەکەدا لە ڕووی سەربازی و سیاسی و ئابوورییەوە

**ڕووخانی دیکتاتۆرەکان لە بەرژەوەندیی کورددایە بەتایبەتی کە ئەو دیکتاتۆرانە ددانیان بە مافە ڕەواکانی کورددا نەناوە**

**بوونی دوو دەوڵەت لە عێراقدا ئەگەر لە سێبەریشدا بێت، بابەتێکی قبووڵکراو نییە، بۆیە لە بەرژەوەندیی عێراقدایە لانیکەم چەک لە دەستی میلیشیاکانی بەرەی موقاوەمە دەربهێنرێت**

**ئەو هێزانەی سەرکەوتوون و بەرەو دیمەشق دەسەڵات و نفووزیان لە هەڵکشاندایە، بە جۆرێک لە جۆرەکان هاوپەیمانی تورکیای نەیاری کوردانی ڕۆژئاوان**

**ئەوەی مەترسی بوو بۆ کوردەکان لە دوای شەڕی داعش، ئەوە بوو کە چیتر ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا لەسەردەمی ترامپ ئەو کارەی بە کورد نەما و بەشێکی زۆری سەربازەکانیان کشاندەوە**

**کوردی ڕۆژئاوا لە بەرانبەر هەڵکشانی نفووزی تورکیا لە سووریا مەترسیی لەدەستدانی زۆر لەو دەستکەوتانەی هەیە کە لە ١١ ساڵی ڕابردوودا بەدەستی هێناوە**

کێبڕکێیەکی گەورەیان هەر لە قەفقازەوە تاوەکو عێراق و سووریا و ناوچەکە هەیە، بە تەئکید زیانێکی گەورەیە بۆ تاران، بەتایبەتی کە ئەو گرووپە لە ڕووی فکری عەقائیدییەوە دژ بە نیگای شیعەگەری و کۆماری ئیسلامیی ئێرانن، بۆیە ئێران پەیام و لێدوانی توندی لەسەر هەموو ئەم ڕووداو و پەرەسەندنانە هەیە.

*** با بێینە سەر دەرهاویشتەکانی کەوتنی ئەسەد، ئایا ڕۆڵ و پێگەی هەریەك لە تورکیا و ئێران لە داهاتووی سووریادا چی دەبێت؟ ئایا هێزە سیاسییەکانی کورد لەم بارودۆخە تازەیەدا دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەدا بکەن کە لە دیمەشقدایە؟**

- هەر ڕووداو و پەرەسەندنێك گۆڕانکاریی نوێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، چ بە ئەرێنی بێت، یان بە نەرێنی، لە ڕووی سەربازی و سیاسی و پێگە و نفووز و ئابووری و دیپلۆماتیکەوە وەرچەرخانێك دروست دەکات، هاوشێوەی ڕاپەرینەکەی ساڵی ١٩٩١ و ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عێراق و بەهاری عەرەبی و هەموو ئەو ڕووداوە کتوپڕ و گەورانەی دیکە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا ڕوو دەدەن. ئەم وەرچەرخان و گۆڕانکارییانەش کاریگەریی گەورەیان لەسەر کورد دەبێت، بەتایبەتی کوردی ڕۆژئاوا کە لە ئاکامی بەهاری عەرەبی دەسەڵات و نفووزیان پەرەی سەند، لە ئێستاشدا بەو پێیەی کاراکتەرێکی سەرەکین لەسەر خاك و، ئەمریکاش تا ڕاددەیەك پاڵپشتییان دەکات و لەم بارودۆخە نوێیەدا پێویستی پێیانە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی، هەر خۆی لە خۆیدا ڕووخانی دیکتاتۆرەکان لە بەرژەوەندیی کورددایە کە ئەو دیکتاتۆرانە دانیان بە مافە ڕەواکانی کورددا نەداوە، بەڵام لە بەرانبەریشدا ئەم دۆخە لایەنی نەرێنیشی هەیە، بەوەی ئەو هێزانەی سەرکەوتوون و بەرەو دیمەشق دەسەڵات و نفووزیان لە هەڵکشاندایە، بە جۆرێك لە جۆرەکان هاوپەیمانی تورکیای نەیاری کوردانی ڕۆژئاوان، پێش ڕووخانەکە لە ١٣ ساڵی ڕابردوودا و دوای ڕووخانەکەش تورکیا ئەم دژایەتییە توندەی بەرانبەر هێزە کوردییەکان نەشاردووەتەوە.

هێزە سیاسییە کوردییەکان کە پێش ساڵی ٢٠١١ هیچ بوارێکیان نەبووە و ئینکار لە وجوودیان دەکرا. بەرهەمی بەهاری عەرەبی بوو کە هێزەکانی سووریای دیموکرات و پەیەدە و ئەنەکەسەی دروست کرد، سەرهەڵدانی داعش و شەڕی داعشیش بۆ کوردی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان گرینگییەکی زۆری هەبوو بۆ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا و بۆ هەموو ئەو میحوەرانەی دژی داعش بوون و کاریان کرد بۆ تێکشکاندنی خەلافەتی بەناو ئیسلامیی داعش، بەڵام ئەوەی مەترسی بوو بۆ کورد لە دوای شەڕی داعش، ئەوە بوو کە چیتر ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا لەسەردەمی ترامپ ئەو کارەی بە کورد نەما و بەشێکی زۆری سەربازەکانیان کشاندەوە، ئەم مەترسییە دەمێنێت بەوەی هەر کاتێك ترامپ هاتە سەر حوکم و بڕیاری دا، هێزەکانی بکشێنێتەوە، ئیتر کورد دەکەوێتە بەردەم تورکیا و هێزە شۆڤێنییەکانی دیکەی دژ بە کورد، ئا لێرەدا کوردی ڕۆژئاوا دەبێت زۆر بە لۆژیکی و عەقڵانی مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکات، چونکە کوردی ڕۆژئاوا لە بەرانبەر هەڵکشانی نفووزی تورکیا لە سووریا مەترسیی لەدەستدانی زۆر لەو دەستکەوتانەی هەیە کە لە ١١ ساڵی ڕابردوودا بەدەستی هێناوە. ئەرکی سەرەکیی هێزی باڵادەستی ڕۆژئاوای کوردستانە کە (هێزەکانی سووریای دیموکرات)ـە مامەڵەیەکی واقیعییانە لەگەڵ ئەنەکەسە بکات کە پەیوەندیی لەگەڵ پارتی و تورکیا تا ڕاددەیەك باشە، بۆ ئەوەی فشارەکان لە سەر ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن تورکیاوە کەم ببێتەوە و متمانە بدات بە تورکیاش کە چیتر پەیوەندییان لەگەڵ قەندیل نەماوە. هەنگاوی دووەمی دەبێت بەرەو ئەحمەد شەرع کە بە (جۆلانی) ناسراوە دەست پێبکات، بەو پێیەی کوردیش بەشێکی سەرەکیی گەلانی سووریان و ئەم حاکمە نوێیەش گۆڕانکاریی گەورە بەسەر لێدوان و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانیدا هاتووە و، بگرە بە باشی باسی کورد دەکات، کوردەکانیش قوربانین و زوڵمیان لێ کراوە و مافی خۆیانە مافیان هەبێت، ئەمەش پێچەوانەی ئاراستەکانی حافز ئەسەد و بەشار ئەسەدی کوڕە کە تا ئەم دواییانەش دەیانگوت کورد میوانە لە سووریا.

*** باسی گرینگیی پێکەوە کارکردنی هێزە سیاسییەکانی کورد لە ڕۆژئاوات کرد، تەنانەت سەرۆك بارزانی لەسەر قسەکانی ئەحمەد شەرع پەیامێکی هەبوو، بەوەی دەرفەتێکی باش بۆ گەلی کورد لە سووریا هاتووەتە پێشەوە و پێویستە**

**بە دیالۆگ و زمانی گفتوگۆ چارەسەری کێشەکان بکرێت. ئایا تا چەند ئەم پەیامەی سەرۆك بارزانی گرینگ بوو؟**

- سەرۆك بارزانی و ئەو ڕۆڵ و پێگە گەورەیەی لای هەمووان هەیەتی، چ لە سووریا بێت، یان لای ئەردوگان، یانیش لای ئەنەکەسە بێت، بۆ ئەوەی هەمووان بە زمانی گفتوگۆ و دیالۆگ لە نێوخۆی سووریا و تورکیا و ناوچەکەدا کۆ بکاتەوە و چارەسەری کێشەکان بکەن و لێك نزیکبوونەوە و متمانە دروست ببێت. ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لە ڕزگاربوونی کۆبانێ لە هێرشی داعش و گواستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ هاوکاریکردنی شەڕڤانەکان بۆ ئەو پەیوەندییە دەگەڕایەوە کە گیانفیدایانە بە هانای براکانیانەوە هاتن و کۆبانێ بە ڕەمزی موقاوەمە و فیداکاریی کورد لە دژی تیرۆریست و دوژمنانی کورد مایەوە، هەر واش بووە، هەر کاتێك کورد لە وەرچەرخانە گەورەکاندا بەشێك لە مافەکانی بەدەست هێناوە، ئەو کاتە بووە کە یەکگرتوو بووە، ئەم یەکگرتوویيەش بۆ دانوستان و گفتوگۆکانیان لەگەڵ هێزە گەورە و ئیقلیمییەکان گرنگیی خۆی هەیە، چ لە بەرانبەر مەترسییەکانی ناوچەیی بێت وەکو تورکیا، یان لە بەرانبەر هێز و میلیشیاتە چەکدارەکانی دیکەی عەرەب بێت، بەتایبەتی کە جیۆپۆلەتیکی کوردی ڕۆژئاوا زۆر جیاوازە لە جیۆپۆلەتیکی هەر سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان، لە ڕۆژئاوا جیۆپۆلەتیکی یەکدەست نییە و لە نێوان شار و گوندە کوردییەکاندا گوندی گەورەی عەرەبی هەیە، تەنانەت لە دەوروبەری حەسەکە و دێرەزۆر و ڕەقە هێزی سوپای نیشتمانیی سووریا کە هاوپەیمانی تورکیایە بوونێکی بەهێزیان هەیە، بەداخیشەوە هیچ ڕێگرییەك نابینم بەرانبەر هێرشەکانی ئەم گرووپانە، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە هاودەنگی و هەماهەنگیی نێوخۆیی لە کوردستانی ڕۆژئاوا و بگرە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی پارتی کە هاوسنوورە لەگەڵ ڕۆژئاوا، بۆ کەمکردنەوەی فشارە ناوخۆییەکانی سووریا و هێرشە ئیقلیمییەکان دروست ببێت، چونکە نابێت ڕۆژئاوا هەموو ئومێدەکانی بە ئەمریکایەکەوە ببەستێت کە ترامپ سەرۆکایەتیی دەکات، کە ئەم سەرکردەیە، پێشبینی و پێشهاتەکانی بۆ ئایندە دیار و ڕوون نییە.

*** تاچەند ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوانە کاریگەریی گەورە لەسەر عێراق و دروستبوونی جەنگ لە نێوان میلیشیاکانی بەناو بەرەی موقاوەمە و ئیسرائیل دروست دەکات؟ ئایا ئەمە سەرەتایەکە بۆ لاوازبوونی پەیوەندیی نێوان تاران و بەغداش؟**

- ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەندە بە خێرایی و کتوپڕ ڕوو دەدات، ڕەنگە پێشبینیکردن و دیاریکردنی چارەنووسی ناوچەکە و عێراقیش ڕوون و دیار نەبێت و زۆربەی چاودێر و لێکۆڵەوەرەکان لێی بەجێ دەمێنن. چەند مانگ پێش ئێستا کەس نەیدەزانی کە ڕێبەرەکانی حەماس هەموویان بکوژرێن، یان حەسەن نەسروڵڵا بکوژرێت، تەنانەت ڕووخانی بەشار ئەسەد بەو خێرایی و کتوپڕە لە سەرووی چاوەڕوانکراوەکان بوو. کێ پێشبینیی دەکرد شەڕی ئێران و ئیسرائیل لە شەڕی بەوەکالەتەوە ببێتە شەڕێکی ڕاستەوخۆ؟ کێ دەیزانی هەنییە لە ناو تاران دەکوژرێت؟ باشە بەشار ئەسەدێك بە ٥٠ ساڵ حوکم و بەو هەموو سەرباز و جبەخانەیەوە کە پێشتر ٧٠٠ هەزار کەس کوژران، کەچی بە ١١ ڕۆژ بەبێ شەڕی گەورە دیمەشق بە دەستەوە بدات و بەوشێوەیە هەڵبێت، تەنانەت ئەحمەد شەرع لە لێدوانەکانیدا ترسی پلان و گەمەیەکی لە مێشکدا بوو. لە عێراقیشدا بوونی حەشدی شەعبی کە فەلسەفەی وجوودیان دژایەتی لەگەڵ داعش بووە، هەشت ساڵە داعش نەماوە و ئێستا ئەم هێزانە کە ناوی خۆیان ناوە بەرەی موقاوەمە و ملهوڕی دەکەن، هاوشێوەی حزبوڵڵای لوبنانی دەوڵەت لەناو دەوڵەتدایە، ئەمە لە عێراق لەلایەن زۆربەی عەرەبی سوننە و تەنانەت زۆر هێزی شیعەوە ڕەت دەکرێتەوە. بوونی دوو دەوڵەت لە عێراقدا ئەگەر لە سێبەریشدا بێت بابەتێکی قبووڵکراو نییە، بۆیە لە بەرژەوەندیی عێراقە لانیکەم چەکیان لە دەست دەربهێنرێت و حەشدی شەعبی لاواز بێت، هەموو ئەم گۆڕانکارییانەش دەکرێت لە بەرژەوەندیی کورد بێت، بەو مەرجەی دوو هێزە سەرەکییەکەی هەرێمی کوردستان یەکگرتوو بن و ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان سەرۆك بارزانی و خوالێخۆشبوو مام جەلال دروست ببێتەوە، بەپێچەوانەوە هەر هەل و دەرفەتێك دروست ببێت، بە باشی سوودی لێ وەرناگیرێت.

**هەر کاتێك کورد لە وەرچەرخانە گەورەکاندا بەشێك لە مافەکانی بەدەست هێناوە، ئەو کاتە بووە کە یەکگرتوو بووە**

**نابێت ڕۆژئاوا هەموو ئومێدەکانی بە ئەمریکایەکەوە ببەستێت کە ترامپ سەرۆکایەتیی دەکات، کە ئەم سەرکردەیە، پێشبینی و پێشهاتەکانی بۆ ئایندە دیار و ڕوون نییە**

**هەموو ئەم گۆڕانکارییانەش دەکرێت لە بەرژەوەندیی کورد بێت، بەو مەرجەی دوو هێزە سەرەکییەکەی هەرێمی کوردستان یەکگرتوو بن و ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان سەرۆك بارزانی و خوالێخۆشبوو مام جەلال دروست ببێتەوە**

# کورد لە ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرەو کوێ؟

ڕۆژهەڵاتی «ناوەڕاست» دەستەواژەیەکی بەکارهێنراوی ئەورووپییەکانە بە گوێرەی جوگرافیای خۆیان دایانتاشیوە، ئەو ناوچەیە خودان خەسڵەتی جۆراوجۆری جوگرافی و مێژوویی و ئابووری و جیۆپۆلەتیکییە، کە وای کردووە ببێتە چڕترین ناوچەی دونیا لە پەرەسەندنی سیاسی و گۆڕانکاریدا، ناوچەکە جێگەیەکی زۆر گرینگی ستراتیژیی هەیە و سێ کیشور پێکەوە دەبەستێتەوە، هەر سێ ئایینە ئاسمانییە دیارەکانی ئێستای دونیا (جوو، مەسیحی، ئیسلام) لەوێندەرێ دەرکەوتوون. هەرچەندە زمانی عەرەبی لە هەمووان بەربڵاوتر بە دەڤەرەکەدا بڵاو بووەتەوە، بەڵام زمانەکانی «فارسی و تورکی و کوردی و پشتۆ و بەلوچ» و هی دیکە بوونی بەرچاویان هەیە و کەلتووریان زیاتر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەخشیوە، لە بواری ئابووریشدا ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوت و گازی سرووشتی و کانزای جۆراوجۆر و یەدەگی زۆریشی لەو سامان و کانزایانە مایەی چاوتێبڕینی زلهێزەکانی دونیا و بەردەوامبوونی گرژی و تێکچڕژان و دەبەریەکراچوونی زیاتری بەرژەوەندییەکانە.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو بیچمەی ئێستای پتر زادەی سەدەی بیستەمە، لەو ناوچەیەدا دەوڵەت و قەوارەی جیاجیا هەڵکەوتن، ئەوەی لە سایکس-پیکۆ، زلهێزەکان و دواتر براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی نەیانتوانی بیسەپێنن، پاشان بە زەبر سەپاندیان-دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە فەڵەستین ١٩٤٨- بە نموونە، گۆڕانکاریی دیکەش لە سۆنگەی کۆتایی جەنگی سارد ١٩٨٩-١٩٩١ هاتنە گۆڕێ و مەسەلەی دەستکاریکردنی سنوورەکانیان هێنایە گۆڕێ و دەوڵەتی نوێ لە بڤەوە بوو بە بکە، لەم ناوچەیەدا بەردەوام ململانێ و ئاڵۆزیی درێژخایەنی تێدایە، بەتایبەتی ململانێکانی ئیسرائیل و فەڵەستین و پرسەکانی سووریا-عێراق- ئێران و وڵاتانی جۆراوجۆری دیکەش دەگرێتەوە. هەروەتر دۆزی کوردیش ئەگەر پێشتر زۆر لە ئالی سیاسی بەهەند وەرنەگیرابێ، بەڵام ئێستا کەس ناتوانێت ڕەهەند و کاریگەرییەکانی پوشبەسەر بکات، هۆکارە سەرەکییەکان کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتین لە:

- ململانێی ئیسرائیل و فەلەستین: کە سەنتەری ناکۆکی لەسەر خاك و ناسنامەی نەتەوەیی و دەوڵەتدارییە.
- دابەشبوونی تایەفی- ئایینی: ناوچەکە دابەشبوونی بەرچاوی سوننە و شیعەی هەیە، کە کاریگەریی لەسەر ململانێکان هەیە.
- دۆزی کورد: کە لە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیا دامێنگیری ئەو چوار دەوڵەتە نییە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بەڵکو ڕەهەندی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە، دیارە هەلومەرجی هەرێمی کوردستانی عێراق جیاوازە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سیاسەتی ئیداری و سەربازی و ئابووریی خۆی کار دەکات، بەڵام گرژییەکان لەگەڵ حکومەتی

**دۆزی کوردیش ئەگەر پێشتر زۆر لە ئالی سیاسی بەهەند وەرنەگیرابێ، بەڵام ئێستا کەس ناتوانێت ڕەهەند و کاریگەرییەکانی پوشبەسەر بکات**



**د.قادر محەمەد حەسەن**
پرۆفیسۆری مێژوو لە کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەڵاحەدین
بۆ گوڵانی نووسیوە

ناوەندیی عێراق لەسەر داهاتی نەوت و دەسەڵات و سەروەریی فیدراڵییانە و ناکۆکییەکان لەسەر ناوچە دابڕێنراوەکان و خواستەکانی سەربەخۆیی حکومەتی هەرێم بەردەوامن و ئاسۆی چارەسەریان تەڵخ و تەماوییە. لە کوردستانی ڕۆژئاوا هێزە کوردییەکانی وێندەرێ بەتایبەت هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) کۆنترۆڵی بەرچاویان بەسەر بەشێکی بەرچاوی کوردستانی ڕۆژئاوا و باکووری سووریادا هەیە، هەرێمێکی نیمچە ئۆتۆنۆمییان دامەزراندووە کە بە ڕۆژئاڤا ناسراوە و ئاراستەی تێکۆشانیان خستووەتە سەر مۆدێلی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیك، ئەو دەڤەرەی ئەوان لێی باڵادەستن، هەم لە لایەنی ستراتیژی و هەمیش لە ئالی ئابوورییەوە لە بایەخدارترین هەرێمەکانی سووریایە، پەیوەندیی نێوانیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تازەی دیمەشق و حکومەتی تورکیا تا ئێستا ئاڵۆزە، بەتایبەتی تورکیا تاقمە کوردەکانی وێ بە پەیوەست بە پەکەکە (پارتی کرێکارانی کوردستان) دەزانێت، کە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دادەنێت.

- تورکیا: کورد لە تورکیا کە زۆرترین ڕێژەیان هەیە لە چاو پارچەکانی دیکە، هەرچەندە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە ڕۆڵیان بەرچاو بووە بۆ پاڵپشتیی دامەزرێنەری کۆمار، بەڵام لە دەستکەوتەکان دەستخەڕۆ کران، بۆیە کورد لەوێ لە مێژە ڕووبەڕووی سەرکوت و سنووردارکردنی ماف بوونەتەوە، دەوڵەتی تورکیا بێ سڵکردنەوە دژایەتیکردنی نەتەوەخوازی کوردی بە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی زانیوە، پێشهاتە سیاسییەکانی ئەم دواییە پێدەچێت تورکیاش وا لێ بکات کە بگاتە ئەو قەناعەتەی لەم مەسەلەیەدا خۆی بگونجێنێ.

- لە ئێران: کورد ڕووبەڕووی هەڵاواردن و سنووردارکردنی بەرچاوی مافە کەلتووری و سیاسییەکان بووە تەوە. حکومەتی ئێران بزووتنەوە و پارتە سیاسییە کوردییەکانی سەرکوت کردووە و خامۆشییەك کە لە ئالی کوردی وێندەرێ هەیە، هی ڕازی بوون نییە، بەڵکو هی سەرکوت و نەبوونی دەلیڤەیە. کورد لەوێ ڕووبەڕووی هەڵاواردنی نەتەوەیی و جیاکاریی تایەفی بووەتەوە.

- بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکانی زلهێزەکان، لەوانەش ئەمریکا و ڕووسیا و یاریزانە ناوچەییەکان..

- هۆکارە ئابوورییەکان: سامانی نەوت و نایەکسانیی ئابووری بەشدارن لە ناسەقامگیری..

**● ڕۆڵی تورکیا لە دۆسیێی سووریادا**

ئەمریکا لە مامەڵەکردن لەگەڵ تورکیا کە ئەندامی هاوپەیمانی ناتۆیە، بەدوای هاوسەنگییەکی لەباردا دەگەڕێت و لە هەمان کاتدا بەهۆی سیاسەتی تورکیا لە سووریا و پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی تورکیا و هەندێك وڵاتی عەرەبی ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە. هێشتا مەلەفی سووریا ئاڵۆزە بەو پێیەی ئەمریکا

**دۆزی کورد لە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیا دامێنگیری ئەو چوار دەوڵەتە نییە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بەڵکو ڕەهەندی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە**

**کورد لە تورکیا کە زۆرترین ڕێژەیان هەیە لە چاو پارچەکانی دیکە، هەرچەندە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە ڕۆڵیان بەرچاو بووە بۆ پاڵپشتیی دامەزرێنەری کۆمار، بەڵام لە دەستکەوتەکان دەستخەڕۆ کران**

**حکومەتی ئێران بزووتنەوە و پارتە سیاسییە کوردییەکانی سەرکوت کردووە و خامۆشییەک کە لە ئالی کوردی وێندەریێ هەیە**

**ئەمریکا پاڵپشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات دەکات کە لەلایەن کوردەوە ئاراستە دەکرێن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تورکیادا ناکۆکە، تورکیاش پاڵپشتیی بەرەی ئازادیی شام دەکات، کە هەندێک لەو هێزانە لە لیستی تیرۆری ئەمریکادان**

پاڵپشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات دەکات کە لەلایەن کوردەوە ئاراستە دەکرێن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تورکیادا ناکۆکە، تورکیاش پاڵپشتی بەرەی ئازادیی شام دەکات، کە هەندێك لەو هێزانە لە لیستی تیرۆری ئەمریکادان.

دوای پتر زەقبوونەوەی ڕۆڵی تورکیا و بەتایبەت پاش کەوتنی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا لە ٢٠٢٤/١٢/٨ هەندێك پێیان وایە ئەگەری دەرکەوتنی دەوڵەتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێشتا زۆر نییە، هەرچەندە گومانی تێدا نییە کە ئەو پەرەسەندنانە جێپەنجەی خۆیان لەسەر ناوچەکە بەجێ دەهێڵن، لە ئەنجامدا گۆڕانکاریی گرینگی ناوچەیی و تەنانەت جیۆسیاسیشی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام هەناسەی سیاسی تورکیا بەرگەی تەنگەنەفەسیی سەرهەڵدانی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی ناگرێت، بەدوور نازانرێت ئەمریکا، یان هەر ئەندامێکی دیکەی ناتۆ پشتگیری لە دەستپێشخەرییەکی لەو شێوەیە بکەن، چونکە کورد هاوپەیمانێکی گرینگ بووە بۆ ئەمریکا و هەروەتر ناتۆش، بەتایبەتی لە شەڕی دژی تیرۆر، بەڵام پەیوەندیی ستراتیژی لەگەڵ تورکیا کە خۆی ئەندامی ناتۆیە، بۆ هەموو لایەك گرینگتر دەبێت، ڕووسیاش کە پێش ڕوخانی ئەسەد هاوکارییەکانی لەگەڵ کورد لە سووریا زیاد کردبوو، ئەو یەپەگە و پەکەکە وەك ڕێکخراوی تیرۆریستی ناناسێت و لە ساردبوونەوەی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و تورکیا، بووژانەوەی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و کورد ڕووی داوە، بەڵام بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی لە سووریا تا ڕادەیەك سنووردارە، هەرچەندە ڕوسیا پشتی ڕژێمی بەشار ئەسەدی بەردا، بەڵام دەشێ بوونی خۆی لە ناوچەکە بە شێوازی دیکە درێژە پێبدات..

چاوەڕوان دەکرێت کوردی ڕۆژئاوا دوای کۆتاییهاتنی ململانێکانی ئەو وڵاتە، پتر لە مافی ئۆتۆنۆمی بەهرەمەند بن، بەڵام داواکارییەکانیان بۆ سەربەخۆیی تەنیا کاتێك سەرکەوتوو دەبێت کە سووریا وەك وڵاتێك بە تەواوی لە گرێژنە بچێت، دیارترین ئالنگارییەکانی پێش ئەوان ئەوەیە کە چۆن بتوانن درێژە بەو سیستمی حوکومڕانییە بدەن کە هەیانە، ئەگەر بشکرێت هەم لە ئالی ئاسۆیی و هەم لە لایەنی ستوونی پەرەی پێ بدەن، نەخشەی سیاسیی سووریای دوای ئەسەد ئەگەر بە پێودانگی بەرەی نێوخۆیی بێت، یا ئیسلامی پەڕگیر یان عەرەبچیی شۆڤێنی و تایەفی، یانیش هەردووکیان ڕەنگرێژی دەکەن، خۆ ئەگەر بە پێودانگی هەرێمی و ناوچەیی بێت ئەوا تورکیا یاریکەری سەرەکی و عەرەبی کەنداویش بەتایبەتی قەتەر هەمەکارەیی و نەخشەسازیی بۆ دەکەن، پێم وابێ ڕۆڵی زلهێزە نێو دەوڵەتییەکان کەمتر دەبێت، لە هەموو ئەو بیاڤ و بوارانەشدا ئاسۆیەکی ڕوون بۆ کوردی وێندەرێ زۆر ڕۆشن نییە، بەتایبەت کە تورکیا زۆر بە ڕوونی ئەوەی خستووەتە ڕوو کە لە ڕووی سەربازییەوە دژایەتیی هەر هەنگاوێك دەکات ئاراستەکەی بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بێت.

**● دۆخی سووریا ئاڵۆز و فرەلایەنە، شەڕێکی ناوخۆ و ئەکتەرەکانی ناوخۆ و نێودەوڵەتی بوون**

- لەو هەرایەی سووریادا چەندین گرووپ تێوەگلان کە هەریەکەیان ئامانج و هاوپەیمانیی جیاوازیان هەیە، ئێستا کە ڕژێمی ئەسەد کەوتووە، ئاسۆی ڕوونی سووریا دەرنەکەوتووە و میلیشیاکان هەمەکارەن و پێکهێنانی حکومەتی مەدەنی و دیموکرات و پشتبەستو بە هەمەچەشنی و فرەیی کۆمەڵگەی سووری جارێ ماوەتی، ململانێی سووریا گرژییە جیۆپۆلەتیکییە فراوانترەکان نیشان دەدات و پرسیاری قووڵ لەبارەی حوکمڕانی، سەروەری و ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە چارەسەرکردنی قەیرانە مرۆییەکاندا دەوروژێنێت.

- هەرچی ئێرانە ڕووبەڕووی دیمەنێکی سیاسیی ئاڵۆز دەبێتەوە، کە ڕایەڵەکانی بە مەیدانخوازیی جۆراوجۆر تەندراون، لەوانە: حوکمڕانیی تاکڕەوانە کە هەڵوێستەکانی بەرامبەر ئازادییە سیاسییەکان و نارەزایەتییە مەدەنییەکان ڕوونە، ئەمەش گرژی لە نێوان حکومەت و خەڵك لەلایەك و دەوڵەت و تاقمە چاکسازیخوازەکاندا دروست دەکات. ئەم هۆکارانە یەك دەگرنەوە و ژینگەیەکی سیاسیی ناجێگیر دروست دەکەن، کاریگەرییان لەسەر هەردوو سەقامگیریی ناوخۆیی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبێت.

- هەرچی دۆخی عێراقە ئەوا ئەو ئالنگارییانەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی دەبنەوە ئاڵۆز و فرەلایەنەن، هەندێك لە پرسە سەرەکییەکان بریتین لە: ناسەقامگیریی سیاسی، نیگەرانییە

ئەمنییەکان و ئاستەنگە ئابوورییەکان، بەتایبەتی کە ئابووریی عێراق زۆر پشت بە هەناردەکردنی نەوت دەبەستێت، ئەمەش وای کردووە بەرەورووی تاکرەهەندیی هەناردەکردن ببێتەوە.

## ● کورد بە دۆزێکی ڕەوا دەمێنێتەوە

دۆخی کورد وێڕای هەموو ئەو پەرەسەندنانە بە دۆزێکی ڕەوا دەمێنێتەوە، لە تورکیا کە حکومەت بانگەشەی دەستکردن بە دیالۆگی دەکرد، کەچی ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ، لەگەڵ کوردانی نێوخۆیدا لێکتێگەیشتنێکی وای نییە کە هیوای لەسەر هەڵچنرێت، لەلایەکی دیکەش لە گەڵ کوردانی دەسەڵاتداری سووریا کە هاوسنووریانن، ناکۆکە و دانویان پێکەوە ناکوڵێت، لە عێراقیش فۆڕمی نوێی حوکمکردن و کێشەی خاك و متمانە لەگەڵ حکومەتی هەرێم پێویستی بە جارێکی دیکە بەخۆداهاتنەوە و بیرکردنەوە دەبێت، بۆ ئەوەی بەشداری و چارەنووسی گەلی کورد لە نێو دەسەڵاتداریەتیی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین مسۆگەر بکرێت.

ئەوەی کە بەڕۆشنی دەکرێ تا ڕاددەیەك ئاسۆیەکەی ببینین، ئەوەیە کە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەم شێوەیە نامێنێتەوە کە پتر لە سەد ساڵە کۆت و بەند کراوە، بەڵکو بەرەو دروستکردنی قەوارە و سەربەخۆیی دەچێت، جا ئەو قەوارەیە لە کوردستانی باشوور دەست پێ بکات یان لە ڕۆژئاوا یان پارچەکانی دیکە، ئەمساڵ دەست پێ بکات یان چەندان ساڵی دیکە، ئەو قەوارەیە سەرەتا فیدراڵی بێت یان کۆنفیدراڵی، چونکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ کە ئەمریکا و ئیسرائیل دەیانەوێت چوارچێوەبەندیی بکەن، نابێ بەو شێوەیە بەردەوام بێت کە کۆلۆنیالیزمی نەریتی (الأستعمار التقليدي) پێکی هێناوە، کەمینەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی کەمینە ئەتنییەکان، ئێستا زۆر لە جاران زیاتر بایەخیان پێ دەدرێت، ئاخر ئەوان دەیانەوێت لە سنووری خۆیاندا بۆ خۆیان سەربەخۆبن، هەم نابنە مەترسی بۆسەر ئەوانی دیکە و هەمیش پتر ئامادەن بۆ تێلیبوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ساز لەگەڵ دونیا و دیدگای هاوچەرخ.

## ● کورد چۆن براوەبێت:

پێویستە کورد تەبایی نێوخۆیی بکاتە چەقی ستراتیجیی هەنگاونان و کار، دەبێ باوەڕ بەوە بهێنین کە هەریەك لەو دەوڵەتانەی کوردستانی بەسەردا دابەش کراوە، دۆخی تایبەت بە خۆی هەیە، کوردی هەر پارچەیەك پێویستە بۆ خۆیان ئەو ڕێوشوێنەی بۆیان گونجاوە لە پێناوی بەدەستهێنانی مافەکانیاندا وەگەڕ بخەن، زۆر پێویستە لە قۆناغی داهاتوودا هەموو سیاسەتمەداران خۆیان هەمەکارە و هەمووشت نەبن، بەڵکو سوود لە ڕاوێژ و ئەزموون و تێگەیشتنی شارەزایان و مامۆستایانی زانکۆ و سەنتەرەکانی توێژینەوە ببینن، هەموو هەنگاوێکیان بە خوێندنەوە و تێگەیشتنی قووڵ بێت کە سەرجەم ڕەهەندەکانی هەنووکەیی و ئاییندەیی بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی مێژوو لەبەر چاوبگرن، کورد چەند پەرە بە دۆستایەتیی میللی و سیاسیی خۆی بدات لەگەڵ وڵاتانی سەردەستە (چ گەل چ دەوڵەت) هەر کەمە، چونکە ئێستا لە نیشتمانە فراوانە دادانپێدانراوەکەدا هاوبەشمانن و لە ئاییندەشدا ئەگەر زۆریش نزیك نەبێت، ئەوە دراوسێمانن و جوگرافیاش جێگیرە، دەبێ سیاسەت بە گوێرەی ئەو جێگیرییە دابڕێژرێت نەك بە پێچەوانەوە، هەروەتر پێویستە لەگەڵ زلهێزەکاندا پەیوەندیی هاوسەنگ هەبێت کە ڕایەڵەی بەرژەوەندییان چ لە نێو کوردستان و چ لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کوردستانی بەسەردا دابەش کراوە، لەبەرچاو بگیرێت و زۆر کار لەسەر ئەوە بکرێت کە کورد وەکو خاوەنی دۆزێکی ڕەوا لەلایەن ئەمریکاوە بناسرێت و هاوسەنگەری لە شەڕی دژی تیرۆر بکرێتە پردی دروستکردنی هاوئاهەنگی بۆ چارەسەرکردنێکی ڕەوای دۆزی کورد، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەرگیز بەبێ چارەسەرکردنی ئەو دۆزە مێژووییە ئۆقرەیی و سەقامگیری بەخۆوە نابینێت، بۆیە سەردەمی داهاتومان هێندەی سەردەمی خەباتی سیاسی و دانوستانە، هێندە هی پارتیزانی و سەنگەر لێکدیگرتن نییە، کە سەد ساڵە ئێمە و ئەوانیشی (دەوڵەتانی کوردستان بەسەردا دابەشکراو) تێری کردووە لە قوربانی و قڕکردن و قۆرخکاریی سیاسی و، قەتیسمان لە دامێنی ئاشتی و ئاوەدانیدا شایستەیە، کە دیارە کورد لە هەموویدا هەر ستەملێکراو و وڵات پامالکراو و مافخوراو بووە، ئەوەی کردبێتی لە پێناوی مانەوە و پاراستنی شوناس و شکۆ و شیاوی نەتەوەیی و مرۆییانەی خۆیدا بووە.

**چاوەڕوان دەکرێت کوردی ڕۆژئاوا دوای کۆتاییهاتنی ململانێکانی ئەو وڵاتە، پتر لە مافی ئۆتۆنۆمی بەهرەمەند بن، بەڵام داواکارییەکانیان بۆ سەربەخۆیی تەنیا کاتێک سەرکەوتوو دەبێت کە سووریا وەک وڵاتێک بە تەواوی لە گرێژنە بچێت**

**نەخشەی سیاسیی سووریای دوای ئەسەد ئەگەر بە پێودانگی بەرەی نێوخۆیی بێت، یا ئیسلامی پەرگیر یان عەرەبچیی شۆڤێنی و تایەفی، یانیش هەردووکیان ڕەنگرێژی دەکەن**

**لە تورکیا کە حکومەت بانگەشەی دەستکردن بە دیالۆگی دەکرد، کەچی ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ، لەگەڵ کوردانی نێوخۆیدا لێکتێگەیشتنێکی وای نییە کە هیوای لەسەر هەڵچنرێت**

## شەهریار شێخلەر

توێژەر و پسپۆڕ لە بواری وزە بۆ گوڵان:

# وەزارەتی نەوتی عێراق بەپێی ئەجندە و مەرامی سیاسیی ئەو لایەنانە کار دەکات کە دژی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانن

**حکومەتی عێراق وێڕای زیانی ٢٠ ملیار دۆلار کە لە ئاکامی ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە بوودجەی گشتیی عێراق و هەرێمی کوردستانی گەیاندووە، هێزگەلێکی زۆریش هەن کە دژی هەرێمی کوردستان مکووڕن لەسەر ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، بڕیاریشە دوای پشووەکانی پەرلەمان یەکێك لە کارەکانی پەرلەمانی عێراق پەسەندکردنی هەموارکردنەوەی یاسای بوودجەی گشتیی عێراق و ئەو ماددەیە بێت کە تایبەتە بەتێچوونی بەرهەمهێنانی نەوت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەگەرەکانی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت و کۆتاییهاتن بەو دۆسێیە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ شەهریار شێخلەر توێژەر و پسپۆڕی بواری وزە سازدا.**

*** دوای ڕەوانەکردنی پڕۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای بودجە و بەتایبەت ئەو ماددەیەی کە تایبەتە بە تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوت، کە ماوەی دوو ساڵە لە نێوان هەردوو وەزارەتی نەوتی فیدڕاڵی و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆری لەسەر دەکرێت، ئایا ئومێد هەیە بۆ ئەمساڵ (٢٠٢٥) هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەست پێبکاتەوە؟**

- سەرەتا پێم باشە باس لەوە بکەین، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی لەگەڵ جێفری پایت، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری وزە، هاوڕابوون لەسەر گرنگیی چارەسەرکردنی کێشەکان و نەهێشتنی ئاستەنگەکانی بەردەم هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە زووترین کاتدا، چونکە وەستانی، زیانێکی زۆری لە بوودجەی گشتیی عێراق داوە. هەروەها بە هۆی دانوستانەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی و هەروەها لۆبیی کۆمپانیا نەوتییەکان لە دەرەوە و، بەتایبەت ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تەنانەت گوشاری سیناتۆرەکانی ئەمریکا و بەشێکی ئیدارەی بایدن، ئێستا گوشارێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان هەرچی خێراترە چارەسەر بکرێت. بەگشتی دۆخەکە ئێستا لە هەموو کات گونجاوتر و لەبارترە بۆ ئەو بابەتە، بۆیە من زۆر هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەڵام هەروەك هەموو دەزانین عێراق دەوڵەتێکی دامەزراوەیی نییە و لایەنی مزاجی شەخسی و ئەجندەی دەرەکی و حزبی لە دانان و جێبەجێکردنی پلان و ڕێککەوتنەکاندا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە، یەکێکیش لەو ئەجندایانە کە هەمیشە لە کاتە هەستیارەکاندا ڕۆڵی گرنگی

**بەغدا لە گەمارۆ و برسیکردن و ڕێگریکردن لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بەردەوامە**



پێ دەدرێت، دژایەتیکردنی کوردە لە بەغدا، تا ئەو جێگەیەی تەنانەت بەسەر لایەنی ئابووری و بەرژەوەندیی هاوبەش و سیاسەتەکەیدا زاڵە، بۆیە نابێت کاریگەریی نەرێنیی ئەو لایەنانەش لەبیر بکەین کە تا ئێستاش تەنیا ڕێگری سەرەکی بوون لە هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان بۆ بازاڕەکانی دەرەوە.

لە کاتێکدا لە ماوەی ڕاگیرانی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان لە ٢٥ی مانگی ٣ی ٢٠٢٣، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام هەوڵی داوە بە هاوکاری و لێکتێگەیشتن لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی ڕێگە بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان بکاتەوە و، جارێکی دیکە نەوتی کوردستان ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکرێتەوە، بەڵام دەبینین لایەنە عێراقییەکان و بەشێکی زۆر لە وەزارەتی نەوتی عێراقیش، هەرجارەو بە بیانوویەك ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم ڕێککەوتنەکانی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ و کۆمپانیاکانی سەرکار لە نەوتی هەرێمی کوردستان دادەنێن. لە کۆتا ڕووداودا ئەوەتا دادگای کەرخ داوایەکی وەزارەتی نەوتی عێراقی ڕەت کردەوە، بەوەی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی نەوت گرێبەستی یاساییە، ئەوەش هەرچەندە سەلمێنەری قسەکانی حکومەتی هەرێم و کۆمپانیان نەوتییەکانە لە چەند ساڵی ڕابردوو لەسەر دروستی و یاساییبوونی گرێبەستەکان، بەڵام گرینگە لە لایەن وەزارەتی نەوت و لایەنەکانی عێراقیش ددانی پێدا بنرێت و جێبەجێ بکرێت.

بۆیە سەرەڕای هەموو ئەو خاڵ و دەستکەوت و بەرەوپێشچوونانە لە دۆسیەی نەوتی کوردستان، هەرچەند بەهیوایین بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان بۆ دەرەوە، بەڵام نابێت لە پلان و هەنگاوە نەرێنییەکانی بەشێك لە لایەنە عێراقییەکان بێخەم بین و، پێمانوابێت ئەوان لێدەگەڕێن ئەو بابەتە خێرا و ئاسان چارەسەر بکرێت و نەوتی کوردستان بگەڕێتەوە ناو بازاڕەکانی جیهان.

*** لە دوای پشووەکانی پەرلەمان ئەگەر یاسای بودجە هەموار کرایەوە و ئەو بڕگەیەی ناکۆکیی لەسەرە کە تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوتە لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان، چارەسەر بێت، ئایا تا چەند ئەم دۆسێیە دەچێتە پێشەوە؟**

- دوو ساڵە گفتوگۆ و دانوستاندن دەکرێت لە نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقدا، شاند دێت و

**مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی لەگەڵ جێفری پایت، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری وزە، هاوڕابوون لەسەر گرنگیی چارەسەرکردنی کێشەکان و نەهێشتنی ئاستەنگەکانی بەردەم هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە زووترین کاتدا**

**عێراق دەوڵەتێکی دامەزراوەیی نییە و لایەنی مزاجی شەخسی و ئەجندەی دەرەکی و حزبی لە دانان و جێبەجێکردنی پلان و ڕێککەوتنەکاندا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە**

**دادگای کەرخ داوایەکی وەزارەتی نەوتی عێراقی ڕەت کردەوە، بەوەی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی نەوت گرێبەستی یاسایی**

**زستان ڕۆیشت و خەڵکی کوردستان پشکی خۆی لەو نەوت و بەنزین و غاز و سووتەمەنییەکانی دیکە کە بەپێی بودجە لە هەموو عێراق بە کوردستانیشەوە لەویّ پاڵپشتی دەکرێت و دابەش دەکرێت، لە هەرێمی کوردستان وەرنەگیراوە**

**خواستی چارەسەر لە بەغدا نابینرێت و بەداخەوە زۆربەی لایەنە کوردستانییەکانیش زیاتر خەریکی شەڕی میدیایی و هەڵمەت دژی یەکترین و، لەسەر چارەسەری ئەو کێشەیە لەگەڵ بەغدا پێداگر و هاوکار و پاڵپشتی حکومەت نین**

دەچێت و لە ڕێککەوتن نزیک دەبینەوە، بەڵام ئەوان گرفت و ئاستەنگێکی دیکە دەدۆزنەوە، وا زستان ڕۆیشت و خەڵکی کوردستان پشکی خۆی لەو نەوت و بەنزین و غاز و سووتەمەنییەکانی دیکە کە بەپێی بودجە لە هەموو عێراق بە کوردستانیشەوە لەویّ پاڵپشتی دەکرێت و دابەش دەکرێت، لە هەرێمی کوردستان وەرنەگیراوە. هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نەوتییەکان ڕێککەوتنیان لەسەر تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوت کردووە و هاتووەتە سەر ١٦ دۆلار، لەگەڵ شتێکی کەم بۆ گواستنەوەی تا ئەو کاتەی کۆمپانیایەکی پسپۆڕی نەوتی بیانیی بێلایەن هەڵسەنگاندن بۆ سەرجەم کێڵگە نەوتییەکان دەکات، کەچی لەمەشدا خاوێتی دەبینین. بەپێی قەرارەکە دەبوایە لە ماوەی ٦٠ ڕۆژدا ڕاپۆرتی کۆمپانیاکە پێشکەشی حکومەت و پەرلەمانی عێراق بکرایە، بەڵام تاکو ئێستا هیچ دیار نییە و پێناچێت بەم زووانەش جێبەجێ بکرێت. هەروەها دەزانین ئێستا پەرلەمانی عێراق چووەتە پشووی زستانەوە و کاتێك کۆدەبنەوە، کۆمەڵێك یاسای وەکو هەڵبژاردن و کۆمیسیۆنی نوێی هەڵبژاردنەکان و بابەتی دیکە هەیە کە بۆ ئەوان گرنگترن، بۆیە لەناو پەرلەماندا کێشە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای بودجە دروست دەکەن، یان بۆ دواتر دوای دەخەن.

دەتوانین بڵێین خواستی چارەسەر لە بەغدا نابینرێت و بەداخەوە زۆربەی لایەنە کوردستانییەکانیش زیاتر خەریکی شەڕی میدیایی و هەڵمەت دژی یەکترین و، لەسەر چارەسەری ئەو کێشەیە لەگەڵ بەغدا پێداگر و هاوکار و پاڵپشتی حکومەت نین لە پرسە هەستیار و نیشتمانییەکانی وەکو ئەو بابەتە گرنگەدا. بۆیە بە بڕوای من ئەگەر بمانەوێت نەوتی کوردستان جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ناو بازاڕەکانی جیهان، پێویستە گوشار و هێزی هەموو لایەنە کوردییەکان کۆبکرێتەوە و هەوڵ بدرێت لە یەکەم کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا هەموارکردنەوەی یاسای بوودجە وەك ئەوەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە پەسەند بکرێت.

*** پێت وانییە لەژێر پەردەوە هۆکاری دیکە هەیە بۆ چارەسەرنەکردنی ئەم دۆسیّ هەستیارانە، چونکە وا پێدەچێت لە چوارچێوەیەکی داخراودا بەردەوام بیانوو و پاساوی دیکە بهێنرێتەوە؟**

- ئەمە ئەو پرسیارەیە کە بە بڕوای من دەبێت دەسەڵاتی سیاسی و پەرلەمانتار و شاندەکانی دانوستاندن لەسەری بوەستن، بەغدا بۆ وا دەکات؟ من پێم وایە لەبەر چەند هۆکارێکە کە لێرەدا بە کورتی و پوختی ئاماژەیان پێ دەدەم :

١- زۆربەی لایەنە سیاسییە شیعەکان پێیان خۆش نییە سوودانی و حکومەتەکەی چارەسەری زۆربەی کێشەکان بکات و سەرکەوتوو بێت، بەتایبەت لە ڕێککەوتنی لەگەڵ کورد و سوننەدا، بۆیە هەوڵ دەدەن بەربەست و کێشە لەبەردەم ڕێککەوتنەکان، بەتایبەت ڕێککەوتنە ستراتیژییەکانی وەك بوودجە و هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان و هتد ساز بکەن.

٢- هەر ئەم لایەنە سیاسییە شیعییانە و وەزارەتی نەوتی عێراقیش حەز ناکەن جارێکی دیکە نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردە بکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی زیان و شکستی وڵاتیش بێت، چونکە خوازیاری گەشەکردنی زیاتری ئابووری و بەتایبەت پیشەسازیی نەوت و غاز و وزەی هەرێمی کوردستانیان نین، بۆیە هەوڵ دەدەن ئەو بابەتە زیاتر دوا بخرێت و جێبەجێ نەکرێت.

٣- لە ئێستادا عێراق توانای بەرهەمهێنانی زیاترە لە پشکی دیاریکراوی لە ڕێکخراوی ئۆپێك، بۆیە نەوتی هەرێمی کوردستان بە چاوی نەخوازراو و نەوتی زڕ دەبینێت. وەك ئاماژەیەك عێراق کاتێك نەوتی کوردستانی ڕاگرتووە کە ئامادەیە و چەندساڵیشە هەناردە دەکرێت، بەڵام بۆ بەرزکردنەوەی زیاتری توانای بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت بە ئارەزووی خۆی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان دەکات و بوودجەی بۆ تەرخان دەکات. بەغدا تەنانەت لەگەڵ کۆمپانیا کوردییەکان بۆ گەشانەوەی کێڵگە نەوتییەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ نەوت و غازیش گرێبەستی کردووە، بەڵام ئامادە نییە سوود لە نەوتی کوردستان وەربگرێت و هەناردەی بکاتەوە، ئەوەش واتا نەویستنی نەوتی کوردستان.

٤- گەڕانەوەی گەورە کۆمپانیای «بی پی» بۆ کێڵگەکانی کەرکووك کە دەتوانێت پەیامێکی سیاسیی بەهێزی بێت و هۆکارێکی دیکە بێت بۆ دژایەتیی نەوتی کوردستان. خۆ ئەگەر ئەم کۆمپانیایە نەوتی کەرکووك بۆ زیاتر لە یەك ملیۆن بەرمیل بگەشێنێتەوە، ئەوا لە بۆرییەکەی کەرکووك - جەیهانەوە توانایەکی وا بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان نامێنێتەوە، ئەوکات بەغداش هیچ خواستێکی بۆ بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان نامێنێت.

٥- چارەسەرنەکردنی دۆسیّی نەوت و غاز و بوودجە و مووچە وەکو ستراتیژیەتێك سەیر دەکرێت، بۆ گەمارۆدان و لاوازکردنی حکومەتی هەرێم

و نەپەرژانی بۆ دۆسێی یەکلاکردنەوەی ناوچە دابڕاوەکان و قەرەبووکردنەوەی ئەنفال و داواکردنی دەیان ماف و شایستەی دارایی.

٦- لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر نەوتی هەرێمی کوردستان بچێتە دەرەوە ئەوا بەغدا ناچارە نەك تەنیا مووچە بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت، بەڵکو دەبێت پشکی هەرێمیش لە بوودجە بنێرێت، بەوەش حکومەتی هەرێم بەهێزتر دەبێت و کەرتەکانی ئابووریی کوردستان زیاتر گەشە دەکەن، بۆیە ئەوان هەوڵ دەدەن تەنیا مووچە بنێرن نەك بوودجە، بۆیە هەناردەکردنەوەی نەوت لایان پەسەند نییە.

٨- دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە ساڵی ٢٠٢٥ ساڵی هەڵبژاردنە لە عێراق و بەگشتی لە ساڵی هەڵبژاردنەکاندا گوشار و فشارەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان زیاد دەکرێن، بۆ بەدەستهێنانی دەنگی شەقامی عەرەبی، چ لە دژایەتییەکە، یان بۆ پەردەپۆشکردنی شکستەکانیان لە باقیی پارێزگاکانی دیکەی عێراق .

*** بەم تێڕوانین و بۆچوونەی بەغدا بێت، گفتوگۆکانی تایبەت بە یاسای نەوت و گاز کە زۆر کەسایەتی و لایەنی سیاسی وای بۆ دەچن، چارەسەری کردنەوەی گرێ کوێرەکانە، لەم بارودۆخەدا یان هەر هیچ نەبێت لەم خولەی پەرلەماندا دەرناچێت، لەو بارەیەوە ڕاتان چییە؟**

- سەد ساڵە پیشەسازیی نەوت لەم وڵاتەدا هەیە و یەکێکە لە ئەندامە سەرەکییەکانی ئۆپێك، کەچی هێشتا یاسای نەوت و گازی فیدراڵی نییە، ئەمە هەروا نەهاتووە، ئەوان خوازیاری ئەم یاسایە نین، چونکە دەتوانێت تیشك بخاتە سەر شێوازی گرێبەست و بەڕێوەبردن و هەناردەکردنی نەوت و زۆربەی لایەنەکان. ئەوان ئەوەیان ناوێت و دەیانەوێت بە دڵخوازی خۆیان و بەپێی بەرژەوەندیی کەسی و حزبی بەڕێوەی بەرن. هەروەها لە ئێستادا ئەوان ئامادە نین پڕۆژە یاسایەك پەسەند بکەن بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت بە هاوبەشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند لەو بوارە گرینگەدا دابەش بکەن.

هەروەك هەموومان دەزانین عێراق وڵاتێکە کە لەگەندەڵیدا نغرۆ بووە و گەندەڵی لە دۆسێی نەوت لە عێراق لە هەموو وڵاتێکی دنیا زیاترە و بە سەدان بەڵگە و دیکۆمێنت لە بەردەستدایە کە چ گەندەڵی و بەفیڕۆچوونێکی داهاتی نەوت لەم وڵاتەدا ئەنجام دەدرێت، هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، پاش ساڵانێك دژایەتیی شێوازی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نەوتییەکان لەسەر شێوازی هاوبەشی لە بەرهەم، کە لایەنە عێراقییەکان بە نایاسایی ناویان دەبرد و بڕیاری دادگای عێراق لە مانگی ڕابردوو داواکەی ئەوانی ڕەت کردەوە و، خۆیان لەسەر شێوازی کڕینی خزمەتگوزاریی تەکنیکی (تی پی ئێس) پێداگرییان دەکرد وەك شێوازی یاسایی، بەڵام لە کۆتا گرێبەستەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان لە شێوازی هاوبەشی لە خێر، سوودیان وەرگرتووە، کە جیاوازییەکی وای لەگەڵ گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستاندا نییە، واتا لە نەبوونی یاسادا ئەوان بەپێی کۆبوونەوە و ڕێککەوتنەکانیان تەنانەت شێوازی گرێبەستەکان دەگۆڕن، بەڵام ئەگەر یاسا هەبێت ئەو هەموو بە میزاج ئیدارەدانە ڕادەگیرێت، واتا خواست لە نێو لایەنە سیاسییەکانی وا، شانس و توانای ئیدارەدانی کەرتی عێراقیان هەیە بۆ پەسەندکردنی یاسایەکی شەفافی نەوت و گاز نابینرێت.

لە لایەکی دیکەوە بە بڕوای من هەرچی لە کاتی هەڵبژاردنەکان نزیکتر ببینەوە، پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەرەو دۆخێکی نادیارتر و پێشبینی نەکراوتر دەچێت، بۆیە پڕۆژە یاسایەکی لەم شێوەیە ببرێتە پەرلەمانێکی ئاخنراو بە نەفەسی دژایەتیکردنی کورد و بەتایبەتی بە هۆی لاوازی و پەرشوبڵاویی پەرلەمانتارانی کورد، ئەوا حەتمەن بە زیانی کورد و هەرێمەکە تەواو دەبێت. بۆیە من ئاواتەخوازم ئەو یاسایە هەر دەرنەچێت، چونکە کاتێك دەچێتە پەرلەمان هەر بەڵای بوودجەی فیدراڵیی بەسەر دەهێنن و دەیکەنە یاسایەکی دەست و قاچ شکاو و، یاسایەك کە شەرعییەت بە مەرکەزی دەدرێت، بۆیە دەبینین کە تائێستا بەلانی کەم چوار ڕەشنووسی ئەو پڕۆژە یاسایە داڕێژراوە، بەڵام تەنانەت ئەو ڕەشنووسەی یاسای نەوت و غازی فیدراڵیی ساڵی ٢٠٠٧ کە لەگەڵ کورد ساز کرابوو، زۆر ڕۆشنفکرانە و فیدراڵی بووە، ئەوانیتر بە بیرۆکەی مەرکەزییەت و لادانی کورد بووە لە پشکی خۆی لەو کەرتە، بۆیە کاتێك سەیری زهنییەت و مامەڵەکردنیان لەگەڵ ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی دەکەین، بە زەحمەتی دەزانم عێراق نییەتی ئەوەی هەبێت، یان بیەوێت یاسایەکی نەوت و گازی فیدراڵیی هاوشێوەی یاسای نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابڕێژێت، یان ڕێگە بدات لە یاسایەکی نەوت و گازی فیدراڵیدا ئەو دەسەڵاتە دەستوورییانە بۆ هەرێمی کوردستان و پارێزگا نەوتییەکان بگەڕێنێتەوە.

**زۆربەی لایەنە سیاسییە شیعەکان پێیان خۆش نییە سوودانی و حکومەتەکەی چارەسەری زۆربەی کێشەکان بکات و سەرکەوتوو بێت، بەتایبەت لە ڕێککەوتنی لەگەڵ کورد و سوننەدا**

**ئەم لایەنە سیاسییە شیعییانە و وەزارەتی نەوتی عێراقیش حەز ناکەن جارێکی دیکە نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردە بکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی زیان و شکستی وڵاتیش بێت**

**بەغدا تەنانەت لەگەڵ کۆمپانیا کوردییەکان بۆ گەشانەوەی کێڵگە نەوتییەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ نەوت و غازیش گرێبەستی کردووە، بەڵام ئامادە نییە سوود لە نەوتی کوردستان وەربگرێت و هەناردەی بکاتەوە، ئەوەش واتا نەویستنی نەوتی کوردستان**

**چارەسەرنەکردنی دۆسێی نەوت و غاز و بوودجە و مووچە وەکو ستراتیژیەتێک سەیر دەکرێت، بۆ گەمارۆدان و لاوازکردنی حکومەتی هەرێم و نەپەرژانی بۆ دۆسێی یەکلاکردنەوەی ناوچە دابڕاوەکان و قەرەبووکردنەوەی ئەنفال و داواکردنی دەیان ماف و شایستەی دارایی**

ستروان ستیڤنسۆن

نووسەر و وانەبێژی پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئیدارەی داهاتووی ترەمپ کۆششە دیپلۆماتییەکانی لە سووریا زیاتر دەکات

ستروان ستیڤنسۆن، سەرۆکی کۆمەڵەی ئەوروپییە بۆ ئازادیی عێراق و پێشتر ئەندامی پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپا و نوێنەری سکوتلەندا بووە بۆ ساڵانی (١٩٩٩-٢٠١٤) و سەرۆکی شاندی پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپا بووە بۆ عێراق لە ساڵانی ( ٢٠٠٩-٢٠١٤) و نووسەر و وانەبێژی نێودەوڵەتییە لە بواری پرسەکانی پەیوەست بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ڕووخانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.



## دیمانەی تایبەت

**پێویستە پشتیوانییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ دووبارە بنیادنانەوەی سووریا مەرجدار بن بە بەدیهێنانی بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو بە ئاراستەی هێنانەئارای چارەسەری سیاسی و باشترکردنی دۆخی مافەکانی مرۆڤ**

*** زۆرێک لە شرۆڤەکاران ڕووداوەکانی ئەم دواییەی سووریا و ڕووخانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد بە زەمینلەرزەیەکی جیۆسیاسی ناو دەبەن. ئەوەی مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە پێشهات و پەرەسەندنەکانی زۆر خێرا و چاوەڕواننەکراو بوون، با سەرەتا لەوەوە دەست پێبکەین، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا «بە تایبەتی ئیدارەی داهاتووی ئەم وڵاتە بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ» و وڵاتانی ئەورووپا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕژێمە سیاسییە نوێیەی سووریادا دەکەن، و چ ڕۆڵێک لە دارشتنی ڕێڕەو و ڕەوتی ڕووداوەکان و پاشەڕۆژی ئەم وڵاتەدا دەبینین؟**

- من پێم وایە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئیدارەی داهاتووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ، کۆششە دیپلۆماتییەکانی زیاتر بکات لە ڕێی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، یان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی نێو سووریادا، ئەویش لە پێناو کارکردن بۆ بەدیهێنانی چارەسەرێکی سیاسیی گونجاو لەگەڵ بڕیاری ژمارە ٢٢٤٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کێشەی ئەم وڵاتە، کە ئەم بڕیارەش داواکاریی قۆناغێکی ڕاگوزەری سیاسی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و چاکسازیی دەستووری بۆ سووریا لەخۆ دەگرێت. ئەو هاوپەیمانێتییە بە سەرۆکایەتی دەستەی تەحریری شام لە ئارادایە لە ئێستادا کۆنترۆڵی سووریای کردووە، ڕایگەیاندووە کە پێویستە پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان سەرژمێری ئەنجام بدرێت و دووبارە سیستمی دادوەری بنیاد بنرێتەوە. ئەوان پێیان وایە ئەم پرۆسەیە بۆی هەیە چوار ساڵ بخایەنێت، لە هەمان کاتدا پێم وایە ئەو سزا نێودەوڵەتییانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە دژی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد سەپاندنیان «بە هۆی

**بۆی هەیە ئیدارەی سەرۆک ترەمپ بە گوێرەی هەلومەرجە ئەمنییە هەرێمایەتییەکە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا و ڕووسیاوە، بڕیار لە جێگیکردن یان گۆڕانکاریکردن لە هێزە سەربازییەکانی بدات**

**بەردەوامبوونی پشتیوانییە سەربازی و دیپلۆماتییەکان کە زامنی ئاسایشی هەرێمە کوردییەکان بکەن و لە هەمان کاتدا ڕێزگرتن بۆ دەوڵەتە هەرێمایەتییەکانی وەک عێراق، هاوکار دەبێت بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ خەونەکانی کورددا بگونجێندرێن،**

**ئەو ئیدارە خۆبەڕێوەبەرییە کوردییەی لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا دروست بووە، کە بە دەستەواژە باوەکە بە ڕۆژئاڤا ئاماژەی پێ دەکرێت، تا ڕاددەیەک بونیادێکی سەقامگیری حوکمڕانیی لە چەند بەشێکی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریادا بنیاد ناوە**

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤەوە لەلایەن ئەم ڕژێمەوە» بەردەوام دەبن، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆی هەیە وەك کارتێکی گوشار و لە میانەی گفتوگۆکاندا هەندێ لە سزاکان هەڵبگیرێن. واتە ئەگەری ئەوە هەیە، جەخت بکرێتەوە لەسەر دەستەبەرکردنی بەردەوامیی هاوکارییە مرۆییەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە بە پەلەکانی خەڵکی سووریا، لە نێویاندا خۆراك و هاوکاریی پزیشکی و پشتیوانیکردن لە پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان، بەڵام پێم وایە پێویستە پشتیوانییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ دووبارە بنیادنانەوەی سووریا مەرجدار بن بە بەدیهێنانی بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو بە ئاراستەی هێنانەئارای چارەسەری سیاسی و باشترکردنی دۆخی مافەکانی مرۆڤ، هەروەها ڕەنگە ئەمریکاش خوازیاری ئەوە بێت، هێزە تایبەتییەکانی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بهێڵێتەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی پاشماوەکانی داعش و پاڵپشتیکردن لە هاوپەیمانە مەحەلییەکانی، بەتایبەتی هێزەکانی سووریای دیموکراتی (هەسەدە)، بۆی هەیە ئیدارەی سەرۆك ترەمپ بە گوێرەی هەلومەرجە ئەمنییە هەرێمایەتییەکە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا و ڕووسیاوە، بڕیار لە جێگیکردن یان گۆڕانکاریکردن لە هێزە سەربازییەکانی بدات. ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان بەوە داوە، وڵاتانی ئەوروپاش دەتوانن چ ڕۆڵێك ببینن، کە من پێم وایە دەکرێت یەکێتیی ئەوروپا دەستپێشخەرییەکی دیپلۆماتی بخاتە ڕوو، بەوەی ناوبژیوانی، یان ئاسانکاری بکات بۆ ئەنجامدانی دیالۆگ بە ئاراستەی ئاشتەوایی سیاسی، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە ڕۆڵی خۆی وەك کۆمەکبەخشێکی سەرەکی لە بواری هاوکارییە مرۆییەکان و پشتیوانیکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنیی سووریا و هەوڵدانی بۆ پاراستنی سەقامگیریی ئەو وڵاتانەی پەنابەرە سوورییەکان لەخۆ دەگرن، وەك ئەردەن، لوبنان و تورکیا، هەروەها یەکێتیی ئەوروپا دەتوانێت کار بکات بۆ چارەسەرکردنی پرسی پەنابەران لە پەیوەندی بە دووبارە نیشتەجێکردنەوەیان و ئاوێتەکردن و گەڕاندنەوەیان و پشتیوانیکردن لەو دەستپێشخەرییانەی دەبنە هۆی دروستکردنی دۆخێکی لەبار بۆ گەڕانەوەیەکی سەلامەت، واتە هەم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەم یەکێتیی ئەوروپا دەتوانن پرسی هەڵگرتنی سزاکان وەك کارتێکی گوشار بەکار بهێنن، لە هەمان کاتدا دەتوانن هەماهەنگی بکەن لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان بۆ هێنانەئارای بەرپرسیارێتی و ڕاگرتنی کارە دوژمنکارییەکان، پێویستە هەردوو لایان لە نزیکەوە لەگەڵ هاوپەیمانە هەرێمایەتییەکانی وەك تورکیا، و ئیسرائیل و دەوڵەتانی کەنداو کار بکەن، هاوسەنگیی پەیوەندییەکان ڕابگرن، کە هەموو ئەمانەش گرینگن بۆ ئیدارەدانی داینامیکییەتی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا.

*** باستان لە پێویستیی کارکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ هاوپەیمانە هەرێمایەتییەکاندا کرد. ئاماژەتان بە هێزی سووریای دیموکراتی کرد، کە ئاشکرایە کوردەکان تێیدا باڵادەستن. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن دەکرێت خەونەکانی کورد بگونجێندرێن لەگەڵ بەرژەوەندییە پێك ناکۆکەکانی هێزە ناوچەییەکانی وەك تورکیا و عێراق و بەرژەوەندیی هێزێکی مەزنی وەك ئەمریکا کە بوونێکی سەربازیی گەورەی لەو وڵاتەدا هەیە؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە عێراقەوە، کە ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ کردووە، ئەوەیە ئاشکرایە لە نێو ئەم وڵاتەدا ڕێگەچارەیەك بۆ خۆبەڕێوەبەری کورد بەدی هێنراوە لە چوارچێوەی فیدراڵیزمدا، کە ددانپێدانان بە هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی خۆبەڕێوەبەر لە باکووری عێراق لەخۆ دەگرێت، بوونی گفتوگۆی بەردەوام لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا لە پەیوەندی بە پرسەکانی پەیوەست بە دابەشکردنی داهاتی نەوت، ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و هاوکاریی ئەمنی گرینگییەکی گەورەی هەیە، لەم ڕووەوە پێم وایە پێویستە بڕەو بدرێت بە چارەسەرە سازشئامێزەکان کە ببێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی خۆبەڕێوەبەریی هەرێمی کوردستان، بە بێ ئەوەی ببێتە هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق. ئەوەی پەیوەست بێت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە، ئەوا ئاشکرایە کە لە ڕووی مێژووییەوە ئەمریکا ڕۆڵی هەبووە لە پشتیوانیکردن لە هێزە کوردییەکان لە بەرانبەر هەڕەشە هاوبەشەکانی وەك داعشدا، لەم ڕوانگەیەوە بەردەوامبوونی پشتیوانییە سەربازی و دیپلۆماتییەکان کە زامنی ئاسایشی هەرێمە کوردییەکان بکەن و لە هەمان کاتدا ڕێزگرتن بۆ دەوڵەتە هەرێمایەتییەکانی وەك عێراق، هاوکار دەبێت بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ خەونەکانی کورددا بگونجێندرێن، بەڵام

تورکیا هەر خۆبەڕێوبەرییەکی کوردی، بەتایبەتی هەر بزوتنەوەیەکی سەربەخۆیی وەك هەڕەشە لێك دەداتەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی بەشێك لە دانیشتووانی وڵاتەکەی کوردن. هەرچۆنێك بێت، تورکیا پەیوەندییەکی بەرچاوی ئابووریی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەتایبەتی لە بواری وزەدا. کەواتە پێویستە کار بکرێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان و لەبەرچاوگرتنی نیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیا لە ڕێی میکانیزمی ئەمنیی هاوبەشەوە، کە ئەمانە دەبنە هۆی خاوکردنەوەی گرژییەکان. ئێمە دەزانین بەم دواییە، دوو ئەندام پەرلەمانی دۆست بە کورد سەردانی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان کرد، کە سەرۆکی پەکەکەیە و لە ئێستادا لە دورگەی ئیمرالی لە زینداندایە، ڕاپۆرتەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە ئۆجەلان گوزارشتی لە خواستی خۆی کردووە بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ حکومەتی تورکیا.

*** کەواتە ئەگەر بە دیاریکراوی باس لە خۆبەڕێوەبەریی نێو سووریا بکەین، ئایا پێتان وایە لە نێو بارگرژییە جیۆپۆلەتیکییەکاندا کە پەیوەستن بە کوردەوە لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایندەی ئەم خۆبەڕێوەبەرییە چۆن دەبێت؟**

- ئەو ئیدارە خۆبەڕێوەبەرییە کوردییەی لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا دروست بووە، کە بە دەستەواژە باوەکە بە ڕۆژئاڤا ئاماژەی پێ دەکرێت، تا ڕادەیەك بونیادێکی سەقامگیری حوکمڕانیی لە چەند بەشێکی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریادا بنیاد ناوە، جەخت دەکاتەوە لەسەر کۆنفیدرالیزمێکی دیموکراسی و حوکمڕانیی لۆکاڵی و یەکسانیی جێندەری و بایەخدان بە ژینگە، کە ڕەنگە لە ئێستادا هەموو ئەمانە ڕووبەڕووی دژواری ببنەوە، بەهۆی ئەو نادڵنیاییە سیاسییەی لە ئەنجامی ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد و ئەو حوکمڕانییەی لە دیمەشق بەهۆی هاوپەیمانێتیی هێزە یاخیبووەکان بە سەرکردایەتی دەستەی تەحریری شام هاتووەتەئاراوە، دواتر من پێم وایە دۆخی کورد لە سووریا پەیوەندییەکی نزیکی هەیە بە کوردەکانی تورکیا و عێراق و ئێرانەوە، کە بە هەموویان دۆزی کوردیان لەسەر ئاستی ناوچەکە دروست کردووە، بە شێوەیەکی تایبەتی تورکیا هەر خۆبەڕێوبەرییەکی کوردی لە نزیك سنوورەکانی بەهۆی شەڕ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان بە هەڕەشەیەکی ئەمنی دەزانێت، پێشتریش تورکیا ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لە نێو سووریادا ئەنجام داوە بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی ئەوەی پێی وایە دەوڵەتێکی بچووکە بە سەرکردایەتی پەکەکە، ئێرانیش کە دانیشتووانێکی بەرچاوی کوردی هەیە، تووشی لاوازییەکی زۆر بووەتەوە، بە هۆی کەوتنی ڕژێمەکەی ئەسەد و ئەو گورزە بەزەبرانەی بەر وەکیلە هەرێمایەتییەکانی (حزبوڵڵا و حەماس) کەوتووە. هەرچۆنێك بێت، کاردانەوەی پێشبینی نەکراوی بڕیاربەدەستانی ئێرانیش هۆکارێکی دیکەی ئاڵۆزبوونی دۆخەکەیە، هەروەها هەرێمی کوردستانیش لە باکووری عێراق پەیوەندیی جیاوازی هەیە بە گرووپە کوردییەکانی سووریاوە. دواتر ڕاستە داعش لە نێو سووریادا خاکی لە ژێر دەستدا نەماوە، بەڵام چالاکییە یاخیگەرییەکانی وەك سەرچاوەی نیگەرانی ماونەتەوە و ئێستاش ترسی ئەوە هەیە کە ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد بوار بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش بڕەخسێنێت. توانای هێزە کوردییەکان بۆ ئیدارەدانی ئەم هەڕەشەیە بە بێ پشێیوانییەکی گەورەی نێودەوڵەتی بۆی هەیە کاریگەری هەبێت لەسەر پێگەی گفتوگۆکردنیان لە دەستەبەرکردن، یان خۆبەڕێوەبەرییەکی فەرمی، یان فیدراڵییەکی خوازراو لە نێو سووریادا.

*** ئێوە باسی ئێرانتان کرد، یان کاریگەریی ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لەسەر ئێران، کەواتە چۆن گۆڕانی هێز لە سووریا «بە تایبەتی دوای هەڵاتنی بەشار ئەسەد» ڕەنگدانەوەی دەبێت لە پەیوەندیی ئێران بە هاوپەیمانە هەرێمایەتییەکانیەوە «بە تایبەتی حزبوڵڵا لە لوبنان و گرووپە چەکدارە شیعییەکان لە عێراقدا، ئایا پێشبینی دەکرێت ئێران چ هەنگاوێك هەڵبگرێت بۆ پارێزگاریکردن لە هاوپەیمانەکانی لە نێو ئەم هەلومەرجە نوێیەدا؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ڕووخانی دەسەڵاتەکەی بەشار ئەسەد لە سووریا گورزێکی ستراتیژی بوو لە دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکە و لە پەیوەندییەکانی بە هاوپەیمانەکانیەوە، وەك حزبوڵڵا لە لوبنان و گرووپە شیعە چەکدارەکان لە عێراقدا، ڕژێمەکەی ئەسەد لە سووریا قووڵایی ستراتیژی بوو بۆ ئێران، کە ڕێڕەوێکی وشکانیی گرینگی بۆ ئێران دەستەبەر دەکرد بۆ ئەوەی چەك و دارایی بۆ حزبوڵڵا دەستەبەر بکات، کە کەوتنی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد ئەم ڕێڕەوەی وێران کرد، لەوەش زیاتر، کەوتنی ئەسەد بووە هۆی لەناوبردنی هەوڵەکانی ئێران بۆ برەودان بە هێزی خۆی لە نێو وڵاتانی ناوچەکەدا.

**دۆخی کورد لە سووریا پەیوەندییەکی نزیکی هەیە بە کوردەکانی تورکیا و عێراق و ئێرانەوە، کە بە هەموویان دۆزی کوردیان لەسەر ئاستی ناوچەکە دروست کردووە**

**ئێرانیش کە دانیشتووانێکی بەرچاوی کوردی هەیە، تووشی لاوازییەکی زۆر بووەتەوە، بە هۆی کەوتنی ڕژێمەکەی ئەسەد و ئەو گورزە بەزەبرانەی بەر وەکیلە هەرێمایەتییەکانی (حزبوڵڵا و حەماس) کەوتووە**

**داعش لە نێو سووریادا خاکی لە ژێر دەستدا نەماوە، بەڵام چالاکییە یاخیگەرییەکانی وەك سەرچاوەی نیگەرانی ماونەتەوە و ئێستاش ترسی ئەوە هەیە کە ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد بوار بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش بڕەخسێنێت**



**دەڤید فیلیپس**

**بەڕێوەبەری پڕۆگرامی بنیادنانی ئاشتی و مافەکان لە زانکۆی کۆڵۆمبیا بۆ گوڵان:**

# بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد لە تورکیا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە و ناوچەکەش دەکات

# دیمانەی تایبەت

دەیڤید فیلیپس، بەڕێوەبەری پرۆگرامی بنیادنانی ئاشتی و مافەکانە لە ئینستیتوتی دیراساتی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕاوێژکاری باڵای سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە و، شارەزای کاروبارە دەرەکییەکان و ڕاوێژکاری باڵای وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە، هەروەها توێژەر بووە لە سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هارڤارد و، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پرۆگرامی چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی کۆڵۆمبیا بووە. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە ڕووداوەکانی نێو سووریا و ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد و کاریگەریی لەسەر دۆزی کورد لەو وڵاتە، هەروەها دووبارە هاتنەوەئارای پرسی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا.

*** لەم ڕۆژانەدا دووبارە پرسی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و قسەکردن لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ئەم مەبەستە بووەتە باس و خواسێکی گەرم، وەك کەسێکی تایبەتمەندی بواری کۆتاییهێنان بە ناکۆکی و بنیادنانی ئاشتی، چۆن لەم بەرەوپێشچوونە دەڕوانن؟**

- من دەمەوێت بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لەم پرسە بدوێم. ئێمە دەزانین کە تورکیا وەبەرهێنانێکی بە بڕ و بەهای ١٤,٢ ملیار دۆلار ڕاگەیاندووە لە پڕۆژەی پەرەپێدانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، کە لە ئێستاوە تا ساڵی ٢٠٢٨ جێبەجێ بکرێت. پێشبینیی ئەوە دەکرێت کە ئەو پڕۆژەیە نەك تەنیا دەبێتە هۆی زیادبوونی داهات و پەرەپێدانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن، بەڵکو ئومێدی ئەوە دەکرێت، ئەم وەبەرهێنانە پاڵنەرێك بێت بۆ ئاشتی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا، بەڵام من پێم وایە ئەم ئومێدە لە جێی خۆیدا نابێت، ئەگەر وەبەرهێنانی تورکیا لە ژێرخاندا هاوشان نەبێت بە چاکسازیی سیاسی و کەلتووری. دواتر ئاشتی کاڵایەك نییە بتوانی بیکڕیت. هەلومەرجی ئاشتی لە ڕێی پرۆسەی چەکداماڵین و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنە چەکدارییەکان و دووبارە ئاوێتەکردنەوەیان دێتە ئاراوە، لە نێویاندا دەرکردنی بڕیاری لێخۆشبوون بۆ ئەو کوردانەی توندوتیژیی سیاسی ڕەت دەکەنەوە، کەواتە ئەم پڕۆژەیە دەستپێشخەرییەکی نوێ نییە، لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا حکومەتی تورکیا گوژمەیەکی گەورەی لە ژێرخان و پیشەسازییە گوندنشینەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتدا خەرج کرد، بەڵام ئەم پڕۆژەیە وەك ئامرازێکی بنیادنانی ئاشتی شکستی هێنا، نە کاتەکەی گونجاو بوو، نە

**تورکیا وەبەرهێنانێکی بە بڕ و بەهای ١٤,٢ ملیار دۆلار ڕاگەیاندووە لە پڕۆژەی پەرەپێدانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، کە لە ئێستاوە تا ساڵی ٢٠٢٨ جێبەجێ بکرێت**

جێبەجێکردنەکەشی وەك پێویست بوو.

*** ئەمە بیرۆکەیەکی گرنگە کە ئاماژە بەوە دەکەن بنیادنانی ئاشتی تەنیا بە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە بواری ژێرخاندا بەدی نایەت، بەڵکو پێویستە ڕەهەند و بواری دیکە لەخۆ بگرێت، بۆ ئەوەی دەرئەنجامی خوازیاری لێ بکەوێتەوە، دەکرێت لەم ڕووەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەن؟**

- بەڵێ، من پێم وایە دەسەڵاتدارانی تورکیا بە هەڵەداچوون کاتێك پێیان وا بوو، کە دەتوانن لە ڕێی پاڵنەرە داراییەکانەوە کاریگەری لەسەر کورد دروست بکەن، ئەوەیان لەبەرچاو نەگرت کە پشتیوانیی کورد لە پەکەکە بۆ بەرگریکردن بوو لە کەرامەتیان لە بەرانبەر پێشێلکارییەکانی دەوڵەتی تورکیا، ئەو ستراتیژیەتەی ئاماژەم پێ کرد، «چەکداماڵین و هەڵوەشاندنەوەی شانە چەکدارییەکان و دووبارە ئاوێتەکردنەوەیان» بۆی هەیە کۆتایی بە شەڕ لەگەڵ کورددا بهێنێت، کە ئەم شەڕەش لە ساڵی ١٩٨٥ـەوە بووەتە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس، کەواتە ئەم ستراتیژیەتە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئاشیی لە ڕێی وەرگرتنەوەی چەك لە دەستی شەڕکارەکان و هەڵوەشاندنەوەی بونیادە سەربازییە نافەرمییەکان و هاوکاریکردنی شەڕکارەکان بۆ ئەوەی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ئاوێتەی کۆمەڵگە ببنەوە. دەستهەڵگرتن لە چەك و دەستدانە ژیان و گوزەران، پێویستی بە پابەندبوونی حکومەتی تورکیا و پەکەکەیە هەیە بۆ دەستهەڵگرتن لە ناکۆکی و توندوتیژی و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە ڕێی گفتوگۆوە، کەواتە چەکداماڵین هەنگاوە بنەڕەتییەکەی ئەم ستراتیژیەتەیە کە بریتییە لە کۆکردنەوە و بەدۆکیۆمێنتکردن و کۆنترۆڵکردن و ڕزگاربوون لە چەکە سووك و قورسەکان، لە کاتێکدا هەڵوەشاندنەوەی شانە چەکدارەکان بریتییە لە دوورخستنەوەی شەڕکارەکان لە گرووپە چەکدارەکان، ئاوێتەکردنەوەش بریتییە لەو پرۆسەیەی تێیدا شەڕکارەکانی پێشوو دەبنە کەسانی مەدەنی و کار و وەزیفەیەکی بەردەوام و ژیان و گوزەران بەدەست دەهێنن لە قۆناغی بووژاندنەوەی دوای شەڕدا. ئاوێتەکردنەوە چارەسەرکردنی پرسە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێت و دەیانکاتە کەسانی پەیوەندیدار لە ئاشتیدا، دروستکردنی ڕێگە و نەخۆشخانە و قوتابخانەی زیاتر بار و گوزەرانی خەڵك باشتر دەکەن، کەواتە گرێدانەوەی پڕۆژەی بنیادنانەوەی ژێرخان بە بنیادنانی ئاشتییەوە لایەنێکی گرینگی ئەم پڕۆژەیەن.

*** کەواتە بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ڕادەیەك زەمینە بۆ چارەسەرێکی لەم شێوەیە لەبارە، یان کاری بۆ کراوە؟**

- دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەو ستراتیژیەتەی ئاماژەمان پێ کرد لە بۆشاییەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە میانەی ئاگربەست، یان ڕێککەوتنی ئاشتیدا پێناسە دەکرێت و چوارچێوەیەکی سیاسی و یاسایی دەستەبەر دەکات بۆ بنیادنانی ئاشتی، ئەم ستراتیژیەتە بە شێوەیەکی تاکلایەنە ڕاناگەیەندرێت، یان لەلایەن سەرکەوتووەوە بەسەر شکستخواردوودا ناسەپێندرێت، بەڵام ئەگەر تەنیا وەك دەستپێشخەرییەکی حکوومی بمێنێتەوە و ئەگەر بە هەماهەنگی نەبێت لەگەڵ بەرپرسە لۆکاڵییەکان و ئەو کۆمەڵگەیانەی ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەرییانەوە، ئەوا بۆی هەیە سەرکەوتوو نەبێت. چەمکەکانی وەك ئاوێتەکردنەوەی کۆمەڵایەتی، مۆدێلێکی بەدیل دەستەبەر دەکات و پێداویستییەکانی شەڕکارانی پێشوو و قوربانییەکان بە پێداویستیی تێکڕای کۆمەڵگەوە گرێ دەداتەوە.

*** کەواتە ئایا دەکرێت بڵێین ئەم ستراتیژیەتە بە تەنیا نابێتە هۆی بەدیهێنانی ئاشتی، یان تەنیا بەشێکی پرۆسەی بنیادنانی ئاشتی پێك دەهێنێت؟**

- بەڵێ، ئەوە ڕاستە کە ئەم ستراتیژیەتە بە تەنیا سەر ناکێشێت بۆ هێنانەئارای ئاشتی، هەروەها بە تەنیا ناتوانێت ڕێگری لە دووبارە گەڕاندنەوەی گرووپە چەکدارەکان بۆ پەنابردنەبەر توندوتیژی بکات. واتە پێویستە ببێتە بەشێك لە ستراتیژیەتێکی گشتگیر بۆ بنیادنانی ئاشتی و دووبارە ئاوەدانکردنەوە، لە نێویاندا پرسەکانی پەیوەست بە چاکسازیکردن لە سێکتەری ئەمنی، هەروەها چاکسازی لە بواری سیاسی و لە سیستمی دادوەری، دادپەروەریی

**هەلومەرجی ئاشتی لە ڕێی پرۆسەی چەکداماڵین و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنە چەکدارییەکان و دووبارە ئاوێتەکردنەوەیان دێتە ئاراوە**

**دەستهەڵگرتن لە چەک و دەستدانە ژیان و گوزەران، پێویستی بە پابەندبوونی حکومەتی تورکیا و پەکەکەیە هەیە بۆ دەستهەڵگرتن لە ناکۆکی و توندوتیژی و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە ڕێی گفتوگۆوە**

**چەمکەکانی وەک ئاوێتەکردنەوەی کۆمەڵایەتی، مۆدێلێکی بەدیل دەستەبەر دەکات و پێداویستییەکانی شەڕکارانی پێشوو و قوربانییەکان بە پێداویستیی تێکڕای کۆمەڵگەوە گرێ دەداتەوە**

**ئاشتیی بەردەوام و درێژخایەن پێویستی بە گرتنەبەری چارەسەری هاوشێوە هەیە هەم لە سووریا و هەم لە تورکیا، پەرەپێدانی دیموکراتی و بەنامەرکەزیکردنیش دەبنە هۆی برەودان بەم چارەسەرە**

ڕاگوزەر، ڕێکارەکانی لێخۆشبوون، لە هەمان کاتدا دەکرێت گرێ بدرێتەوە بە پرۆسەکانی ددانپێدانانەوە کە تێیدا بەرپرسە ئەمنییەکان و شەڕکارەکان باس لە هەڵەکانی خۆیان دەکەن و تێیدا ئاگربەست لە ڕۆژێکی دیاریکراودا بەدی دێت. کەواتە بنیادنانی ئاشتی پرۆسەیە، نەك ڕووداوێك و چەندین کەرت و کایەش لەخۆ دەگرێت.

*** زۆر باشە، ئەگەر هەموو ئەوانە گرێ بدەینەوە بە پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئێستاوە، ئەوا ئاشکرایە کە ناوچەکە بە هەژان و گۆڕانکارییەکی گەورەدا تێدەپەڕێت. ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد چەندین پرسی دیکەی بە دوای خۆیدا هێنا، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە پێگەی کورد لەو وڵاتە و بە چەکدادانان و پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا لە نێوان حکومەتی تورکیا و کوردی ئەو وڵاتەدا، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی لە سووریا ڕوو دەدات، کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکانی تورکیا هەیە و بە پێچەوانەشەوە، زۆرێك لە کورد بەشێك لە خێزان و بنەماڵەی گەورەیان لە هەردوو دیوی سنوورەکاندا هەیە و کوردیی کرمانجی زمانێکی هاوبەشە لە نێوانیاندا. سەرۆك ڕەجەب تەییب ئەردۆغان پێی وایە هێزەکانی سووریای دیموکراتی »کە گرووپێکی پرۆ ڕۆژئاواییە و لە کوردی سووریا و عەرەبە سوننە میانڕەوەکان پێك هاتووە»، گرووپێکی تیرۆریستییە و هەڕەشەی لەناوبردنیان دەکات. ئەوە ڕاستە کە بیروباوەڕەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان «دامەزرێنەری پەکەکە» وەك دیموکراسییەتی جەماوەری و ئازادیی ئافرەتان و دادپەروەریی ژینگەیی، سەرچاوەی ئیلهامی هێزەکانی سووریای دیموکراتین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە ڕێکخراوێکی جیان و بونیادێکی جیاوازی سەرکردایەتییان هەیە، تێکەڵکردنیان گوزارشتە لە فۆبیای تورکیا بەرانبەر بە کورد، کە ئەردۆغان بەکاری دەهێنێت بۆ سازدانی بنکە ناسیۆنالیستییەکەی، کەواتە ئاشتیی بەردەوام و درێژخایەن پێویستی بە گرتنەبەری چارەسەری هاوشێوە هەیە هەم لە سووریا و هەم لە تورکیا، پەرەپێدانی دیموکراتی و بەنامەرکەزیکردنیش دەبنە هۆی برەودان بەم چارەسەرە.

*** پێتان وایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی یەکێتیی ئەورووپا دەتوانن لەم ڕووەوە چ ڕۆڵێك ببینن و چ هاوکارییەك دەستەبەر بکەن؟**

- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت ڕۆڵێکی هاوکار ببینێت. لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمانی ئەورووپا پرسی ئەندامێتیی تورکیای لە یەکێتیی ئەورووپا هەڵپەسارد، بەهۆی پاشەکشەی دیموکراتی لە تورکیادا، دەکرێت دووبارە گفتوگۆکانی ئەندامێتی دەست پێبکەنەوە، ئەگەر تورکیا دەست هەڵبگرێت لە سەرکوتکردنی مافە کەلتووری و سیاسییەکانی کورد. ڕێککەوتنێك کە لێخۆشبوون بۆ پەکەکە دەستەبەر بکات، بۆی هەیە ببێتە دەستپێکی گفتوگۆکانی پەیوەست بە بوون بە ئەندامی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا. پێویستە تورکیا کار بکات بۆ باشکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناتۆ، کە گرتنەبەری ستانداردی دیموکراسی لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی پرسی کڕینی سیستمی ئێس ٤٠٠ لە ڕووسیا، کە ئەگەر ئەمانە بکات، ئەوا ئەم هەنگاوانە پێشوازییەکی باشیان لێ دەکرێت لەلایەن واشنتۆنەوە. ئایندەی تورکیا لە ڕۆژئاوادایە لە بەرانبەر چاکسازییەکی ڕاستەقینە و خوازراودا نەك لە ئیرۆسیا، پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا سزاکان هەڵگرن و پەیوەندییە سەربازییەکان ئاسایی بکەنەوە و بڕیاری تورکیا بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ کورددا بەرەوپێشچوون بەدوای خۆیدا بهێنێت. ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد ساتەوەختێکی گرینگ و هەستیارە، ئەردۆغان دەتوانێت دادپەروەریی سەرکەوتوو پیادە بکات، کە پتر دووری دەخاتەوە لە دامەزراوە ئیرۆ-ئەتلانتییەکان، یان دەتوانێت وەك دەوڵەتمەدارێك هەڵسوکەوت بکات و ڕێگەی ئاشتەوایی بگرێتەبەر. هەرچۆنێك بێت، خستنەگەڕی هەوڵە دیپلۆماتییەکان شایستەی ئەوەیە تاقی بکرێتەوە. سەرکردایەتیکردن، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و چاکەی گشتی پێکەوە گرێ دەدات، ئەگەر بەرەوپێشچوون لە دۆزی کورد لە نێو تورکیا و ناوچەکەدا بەدی بێت، ئەوا ئەمە خزمەت بە میراتی ئەردۆغان و بەرژەوەندییەکانی تورکیا دەکات.

> **لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمانی ئەورووپا پرسی ئەندامێتیی تورکیای لە یەکێتیی ئەورووپا هەڵپەسارد، بەهۆی پاشەکشەی دیموکراتی لە تورکیادا**

> **دەکرێت دووبارە گفتوگۆکانی ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا دەست پێبکەنەوە، ئەگەر تورکیا دەست لە سەرکوتکردنی مافە کەلتووری و سیاسییەکانی کورد هەڵبگرێت**

> **ڕێککەوتنێك کە لێخۆشبوون بۆ پەکەکە دەستەبەر بکات، بۆی هەیە ببێتە دەستپێکی گفتوگۆکانی پەیوەست بە بوون بە ئەندامی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا**

> **ئەگەر بەرەوپێشچوون لە دۆزی کورد لە نێو تورکیا و ناوچەکەدا بەدی بێت، ئەوا ئەمە خزمەت بە میراتی ئەردۆغان و بەرژەوەندییەکانی تورکیا دەکات**

# نامەیەکی کراوە بۆ ئەندامانی هەڵبژێردراوی پەرلەمانی کوردستان

**ئێوە ئێستا تەنیا نوێنەرایەتیی حزبەکانتان ناکەن کە ئێوەی بەربژێر کردووە، بەڵکو بوونەتە موڵکی هەموو گەلی کوردستان، بۆیە پێویستە ڕۆڵی بنەڕەتیتان هەبێت لە دارشتنی ئایندەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا**

**دوای ئەوەی سوێندی یاسایيتان خوارد، ئێستا ئێوە بوونەتە نوێنەری ڕاستەقینەی هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، بەمەش ڕووبەڕووی قۆناغێکی قورس و ئاڵۆزی پڕ لە ئالنگاری و ئەرک دەبنەوە**

دوای ئەوەی سوێندی یاساییتان خوارد، ئێستا ئێوە بوونەتە نوێنەری ڕاستەقینەی هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، بەمەش ڕووبەڕووی قۆناغێکی قورس و ئاڵۆزی پڕ لە ئالنگاری و ئەرك دەبنەوە. ئێوە ئێستا تەنیا نوێنەرایەتیی حزبەکانتان ناکەن کە ئێوەی بەربژێر کردووە، بەڵکو بوونەتە موڵکی هەموو گەلی کوردستان، بۆیە پێویستە کە ڕۆڵی بنەڕەتیتان هەبێت لە دارشتنی ئایندەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا، لە میانی بەهێزکردنی چاکسازییەکانی دارایی و ئیداری و وەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام و دەستەبەرکردنی مافی هاونیشتمانیان لە دەرکردنی یاساکاندا کە دواتر دەردەچن، جگە لە دابینکردنی پێداویستیی ڕۆژانەیان لە ڕووی خزمەتگوزاریی تەندروستی و پەروەردە و.. تاد. هاوکات لە میانی کارکردن و لەخۆبوردن بۆ وەدیهێنانی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.

ئەو ئەرکانەی کە لە ئەستۆی ئێوەدا دەبن و پێویستە جێبەجێیان بکەن، بریتین لە:

١- دەرکردنی دەستوورێکی گونجاو کە مافەکانی هەموو هاووڵاتیانی کوردستان دەستەبەر بکات، بەپێی هەموو پێوەر و پرەنسیپە دیموکراسییەکان بێت، هەروەها ئایندەی سیاسی و مافە دەستوورییەکانی دەستەبەر بکات.

٢- دەرکردنی یاساگەلێك کە کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستیی هەرێم ڕێك بخەن، لەگەڵ هەندێ هەمووارکردنەوەی یاساکانی ئێستا، تاکو لەگەڵ پەرەسەندنی هەرێم و پێداویستییەکانی گەلەکەماندا بگونجێت، بەتایبەتیش لە کەرتی دارایی و خزمەتگوزاریی ڕۆژانە، بە مەبەستی نەهێشتنی ڕۆتین.

٣- کاراکردنی ئەرکی پەرلەمان لە چاودێریکردنی ئەدای هەموو دامەزراوە حکومییەکان بە شەفافییەت، لەوانەش لێپرسینەوە لە وەزیران و بەرپرسانی حکومی لە حاڵەتی گەندەڵیی دارایی و خراپ بەڕێوەبردن بەبێ هیچ جیاوازییەك.

٤- داواکردن لە حکومەت کە بودجەی ساڵانەی هەرێم ئامادە بکات و دواتر گفتوگۆی لەسەر بکرێت، تا دواجار ببێتە یاسا، دوای ئەوەش چاودێریی چۆنێتیی جێبەجێکردنی بکرێت بە هەموو شێوازێکی دادپەروەری و شەفافییەتێك، هاوکات بەشداریکردنی حکومەت لە دانانی پلانگەلێك بۆ دانەوەی ئەو قەرزانەی کەڵەکە بوون، لەگەڵ چاککردنی بەڕێوەبردنی داهاتی حکومەت.

٥- بەوپێیەی ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەن، بۆیە ئەرکی ئەوانە کە لە ناو هۆڵی پەرلەماندا پێویستی و داواکاریی هاووڵاتیان بخەنە ڕوو و داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەن لە بەجێهێنان و بەدواداچوونیاندا پەلە بکەن.

٦- داکۆکیکردن لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لە سایەی ئەو هەلومەرج و بارودۆخەدا بێ جیاوازی، هەروەها کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری و بەدواداچوونی کێشەکانی ڕای گشتی و نەهێشتنی گەندەڵیی دارایی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

٧- داکۆکیکردن لە مافە دەستوورییەکانی هەرێم و دەربڕینی بیروبۆچوون لەبارەی ناکۆکییەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا، هەروەها هاوکاریکردن لەگەڵ پەرلەمانی فیدراڵیدا، بە خستنەڕووی کێشەکان زۆر شەفافانە، تاکو حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم ناچار بکرێن بە تەواوی پابەندی پرەنسیپەکانی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بن.

٨- بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە پێش ئەوەی یاساکان دەربچن، کە تایبەتن بە قەوارە و ئایندەی سیاسی.

زۆر ئاساییە کە ئەندامانی تازەی پەرلەمان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاڵۆزی و ئالنگاریی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی ببنەوە، لەوانە: ململانێی نێوان حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی گرژییە سیاسییەکان و هەوڵەکانی (زۆرینەی پەرلەمانی) کە ئیرادەی خۆی بەسەر کەمینەدا بسەپێنێت، کە دوا جار مافەکانی



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە بەشداریکردنی سیاسی و دەرکردنی بڕیارگەلی چارەنووسساز بێبەش بکات، جگە لە ململانێ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا تایبەت بە هەندێ کێشەی سیاسی و دارایی هەڵواسراو، هەروەها ئالنگارییە ئابوورییەکان لە ڕووی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و ئاڵۆزبوونی کاروباری دارایی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا پەیوەست بە پشکی هەرێم لە بوودجەی سیادی و خزمەتگوزاریی فیدراڵی، جگە لە کێشەی ئاوارە و پەنابەران. خاڵێکی دیکە بریتییە لە ئالنگارییە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی خراپیی گوزەران و پێنەدانی مووچە لە کاتی خۆیدا و بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق و کۆچ و کێشەکانی ئالوودەبوون و تاوانەکان. دواتر ئالنگارییە ئەمنییەکان بە هۆی گرووپە تیرۆریستییەکان و بۆشایی ئەمنی لە نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان، چونکە بەغدا ڕێگە بە هێزی پێشمەرگە نادات ئەرکە ئەمنییەکانی لەو ناوچانە جێبەجێ بکات کە ئاڵۆزییان تێدایە، بەتایبەتیش لە کەرکووك و جەلەولا و خانەقین و شنگال.

بۆیە پێویستە بەرنامەیەکی کاتی دابنرێت کە ئەم تێبینی و سەرنجانە لەخۆ بگرێت:

١- پێکهێنانی میکانیزمگەلێکی کارا بۆ لەناوبردنی هەموو سەرچاوەیەکی گەندەڵیی دارایی و ئیداری لە تەواوی دامەزراوە حکوومی و ناحکوومییەکاندا بێ جیاوازی، هەروەها بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت تایبەت بەم لایەنە، بە هاوکاریی دەستەی دەستپاکی لە هەرێم و بەغدا بۆ بەهێزکردنی لێپرسینەوە و شەفافییەت.

٢- دانانی بەرنامەیەکی ستراتیژی لەگەڵ حکومەتدا بۆ هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتی نەتەوەیی لە هەرێمدا، هەروەها هاندانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و پیشەسازیی کشتوکاڵی.

٣- چاککردنی سیستمی چاودێریی تەندروستیی حکوومی و ئەدای کەرتی تایبەتی تەندروستی.

٤- چاککردنی سیستمی خوێندن و پەروەردە لە هەردوو کەرتی حکوومی و ئەهلی.

٥- هاندانی وەبەرهێنان لە ژێرخان، ڕێگەوبان و بەنداو و کارەبا و ئاو و پیشەسازیی دەرمان و خۆراك.

٦- دارشتنی سیاسەت بۆ پاراستنی سامانی سرووشتی و کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە و پاڵپشتیکردن لە وزەی پاك و بەردەوام.

٧- هەماهەنگیکردن لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ وەدەستهێنانی یارمەتیی دارایی و تەکنیکی بەمەبەستی پەرەپێدانی شار و گوندەکان و پاڵپشتیکردنی پڕۆژەکانی کەلتوور و کەلەپوور.

٨- بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمانەکانی دەوڵەتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری و پەرەپێدانی کۆمەڵگەی کوردستانی و سوودوەرگرتن لە شارەزایی ئەو لایەنانە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە دارایی و سیاسییەکان.

٩- بەتینکردنی بەشداریی ئافرەت لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و پاڵپشتیکردنی بەرنامەکانی ڕاهێنان و شیاندنی گەنجان و ئامادەکردنیان بۆ بازاڕی کار.

١٠- چاوخشاندنەوە بە یاسای هەڵبژاردنەکاندا بۆ دەستەبەرکردنی نوێنەراتیی دادپەروەرانە بۆ هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، بە هەموو شێوازێکی دەستپاکی و بێلایەنی و بەهێزکردنی دامەزراوەکانی هەڵبژاردن.


١١- پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەهێزکردنی ئەدای دامەزراوەکانی دادوەری و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

١٢- پاڵپشتیکردنی پڕۆژە کەلتوورییەکان و بەهێزکردنی گرنگیدان بە زمانی کوردی و کەلەپووری خۆماڵی و زیندووکردنەوەی بۆنە نیشتمانییەکان و سازکردنی کۆڕ و سیمینار و چالاکییەکان لە قوتابخانە و زانکۆکان بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمان و کۆمەڵگە.

١٢- بەتینکردنی پەیوەندی لەگەڵ هۆیەکانی ڕاگەیاندن و دەستەبەرکردنی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت لەسەر دانیشتن و چالاکییەکانی پەرلەمان، هەروەها دانانی سندووقی تایبەت بە سکاڵای هاووڵاتیان لە دامەزراوە حکوومی و ناحکوومییەکاندا.

**ئاساییە کە ئەندامانی تازەی پەرلەمان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵۆزی و ئالنگاریی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی ببنەوە، لەوانە: ململانێی نێوان حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان**

**بەغدا ڕێگە بە هێزی پێشمەرگە نادات ئەرکە ئەمنییەکانی لەو ناوچانە جێبەجێ بکات کە ئاڵۆزییان تێدایە، بەتایبەتیش لە کەرکووک و جەلەولا و خانەقین و شنگال**



دکتۆر محەمەد پێنجوێنی

ئەندامی لیژنەی فتوا بۆ گوڵان:

# تێز و فکرەی توندڕەوی هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردەواری و کۆمەڵگەی ئیسلامی نییە و دوورە لە تێگەیشتنی زانستی و دروستیی دەقە ئیسلامییەکان

**زانایانی ئیسلامی لە کوردستاندا هەمیشە هۆکارێك بوون بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئارامی، تەنانەت لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا لێبووردەیی و خۆشەویستی بەرهەم هێناوە، هەر بۆیە گوتاری توندڕەوی لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا جێگەی نەبووەتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر محەمەد پێنچوێنی ئەندامی لیژنەی فتوا ساز دا.**

*** هەموو کات زانایانی ئیسلامیی کوردستان هۆکارێکی گرینگ بوون بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئارامی و سەقامگیری لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بەڵام لە ئێستادا هەست دەکرێت زانایانی ئیسلام لەم ئەرکە گرینگەی خۆیان هەندێك پاشەکشەیان کردووە. هۆکاری ئەم پاشەکشەیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بە ناوی خودای گەورەو میهرەبان. زانایانی کورد هەر لە دێرزەمانەوە کەسانی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز بە نەتەوە و ئایین و نیشتمانەکەیان بوون، لەگەڵ گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیاندا بوون، بەمەش وێنەیەکی زۆر جوان و تەواوی ڕووی زانایەتی و کاروباری زانایەتییان پێشکەش کردووە، بوونەتە دەروازەیەکی خێر بۆ کۆمەڵگە و چارەدۆزی دەیان گرفت و کێشە بوون، مەرجەعی تەواوی خەڵك بوون لە هەر جێگەیەك بوون. مێژووی کورد سەلماندوویەتی کەماڵی زانایەکی کورد لە هەر گوند و شارۆچکەیەکدا شوێنی فێرکردن و پەروەردە و چارەسەری کێشەکان بووە، داڵگەی هەژاران و مەنزڵی لێقەوماوان بووە، توانیوێتی بەو توانا کەمەی دەرامەت کە لە بەردەستیدا بووە، ڕۆڵی چەند دەزگایەکی ئێستای ئەم وڵاتە بگێڕێت، کە پارەیەکی زۆری بۆ خەرج دەکرێت، بەڵام بە ئەندازەی ئەوان دڵنیایی و ئەمانەتدارییان نەداوە بە خەڵك. سەبارەت بەوەی بۆچی ئەم ڕۆڵە لە پاشەکشەدایە، من پێم وانییە ڕۆڵی زانایان پاشەکشەی کردبێت، ئەوان تا ئێستا ڕۆڵی خۆیان بە جوانی دەبینن و هەنگاوی خۆیان دەنێن، بەڵکو ڕێگری و لێتێکدان هەبووە، ئەمەش کۆمەڵێ جەمسەری هەیە. جەمسەری یەکەمیان بەڕاستی ئەم حزبایەتییە لە هەرێمی کوردستاندا بە هەناسە و ئاراستەیەکی زۆر خراپدا دەڕوات و کۆمەڵگە دابەش دەکات و ڕق و قین و لەیەکتر خوێندن برەو پێ دەدات. حزبەکان هەندێك جار زانایانیان بۆ مەبەستی حزبی و سیاسی و دەوێت و بەکاریان دەهێنن، وەنەبێ بۆ خزمەتی ئیسلام بێت، مەبەستە حزبییەکە مەبەستی سەرەکییە و کارەکانی دیکەی دەبێتە لاوەکی. بەداخەوە کاتێك زانایان دابەش دەبن بەسەر حزبە عەلمانی و نەتەوەیی و ئیسلامییەکاندا، ئەمە خۆی دەبێتە خاڵێکی لاوازی و پێگەی ڕاستەقینەی زانایان لەکەدار دەکات. ڕەسەنتر وا بوو هەموویان یەك دەستە بوونایە و لە ئاستێکی بەرزی بیر و هزر و زانستدا مامەڵەیان بکردایە و خۆیان لە حزب گەورەتر بناسیایە، ئەوان شوێنیان بکەوتنایە نەك ئەمان شوێنکەوتە بوونایە، چونکە بەم شوێنکەوتنە لە ناو بیرکرنەوەیەکی تەسکی حزبیدا دەمێننەوە و لە بیرکردنەوە و پەیامە سەرەکییەکەی خۆیان کە بیرکردنەوەیەکی ئیسلامی خەمخۆرانەیە بۆ مرۆڤ و نەتەوە و نیشتمان دوور دەکەونەوە. تەنانەت زانایان ناتوانن خۆیان ڕێنیشاندەری ڕێگەی ڕاست و خزمەت و نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی بن بۆ ئەو حزبانە، کە ئەمە ئەرکێکی سەرەکی و لەپێشینەیانە، بۆیە بەم دابەشبوونەیان تا ڕاددەیەك لە کاری خۆیان دوور کەوتوونەتەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەش کار و ڕۆڵی زانای کورد لە کۆمەڵگەدا لە جێگە و مەکانەتی خۆیەتی، بەڵام بێ ئینسافی و نادادیی دەستڕۆیشتووان ڕۆڵیانی وەك پێویست دەرنەخستووە.

**مێژووی کورد سەلماندوویەتی کە ماڵی زانایەکی کورد لە هەر گوند و شارۆچکەیەکدا شوێنی فێرکردن و پەروەردە و چارەسەری کێشەکان بووە**

**ئەم حزبایەتییە لە هەرێمی کوردستاندا بە هەناسە و ئاراستەیەکی زۆر خراپدا دەڕوات و کۆمەڵگە دابەش دەکات و ڕق و قین و لەیەکتر خوێندن برەو پێ دەدات**

*** زۆر جار لە هەندێك زانای ئیسلامی گوێبیستی ئەوە دەبین کە برای ئایینی لە برای هاونیشتمانی و هاونەتەوە گرینگترە، ڕاستە برایەتیی ئایینی هەنگاوێکی گرینگە بۆ یەکڕیزیی موسڵمانان، بەڵام ئەگەر موسڵمانێك خاوەنی نیشتمان و نەتەوەی خۆی نەبێت و شانازیی پێوە نەکات، ئایا دەتوانێت خۆی بە باوەڕدارێکی ڕاستەقینە بزانێت؟**

**کاتێک زانایان دابەش دەبن بەسەر حزبە عەلمانی و نەتەوەیی و ئیسلامییەکاندا، ئەمە خۆی دەبێتە خاڵێکی لاوازی و پێگەی ڕاستەقینەی زانایان لەکەدار دەکات**

**موسڵمان تەنانەت ڕق و قینی لە کەسێکی کافریش نییە، بەڵکو ڕقی لە کوفری کافرەکە و کردارە ناپەسەند و هەڵسوکەوتە ناشرینەکەیەتی**

**ئیسلام ئایینێکی گشتگیرە و ماناکان و سیفەتەکان لە چەمکەکان جیا ناکاتەوە، دەبێت هەمووی پێکەوە بێت و لە چوارچێوەی ئەخلاق دەرنەچێت**

- تێگەیشتنمان لەم بابەتە هەڵەیە، لە قووڵایی مانا ئیسلامییەکەوە سەرنجی نادەین، چونکە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کاتێ خەڵك دەکات بە برا دەیگەیەنێتە پلەیەکی پەروەردەیی بەرز کە ناوی (مؤمن)ـە، پلەیەکە دەبێ کە هەموو کەسێکی خۆش بوێت، هەموو دروستکراوەکانی بەلاوە بەنرخ بێت، چونکە هەموو دروستکراوەکان جێگە پەنجەی خودایان پێوەیە و ئەو ئافراندوویەتی، مرۆڤ بەگشتی چەقی پەیامە پیرۆزەکەی خودا و پێغەمبەرەکەیەتی و هەموو مرۆڤ و ئەو زیندەوەرانەی لەسەر زەوین هەموویان نیشاندەر و ڕەمزی ناسینی (الله)یان پێوەیە، واتا تۆ ئەگەر لە سۆنگەی برایەتیی ئیسلامییەوە سەیری کۆمەڵگە بکەیت و لێرەوە ماناکەی ڕاڤە بکەیت، دەبێ وەك مرۆڤ، نەتەوە و خاك و نیشتمان و هاونیشتمانت هەر هەمووی خۆش بوێت، لەم سۆنگەیەوە ئیسلام برایەتیی دینی پێش برایەتییەکانی دیکە دەخات، واتا هەر کەسێك برایەتیی ئیسلامی هەڵبژارد، کەواتە لەبەر خاتری خودای گەورە و میهرەبان ئیتر بڕیاری داوە موئمین بێت، واتە لە موئمینەوە تەنیا ئاسایش و دڵنیایی دەبینن لە فکر و هەڵسوکەوت و مامەڵەکردندا و نابێت هیچ کەسێك تووشی زیانیان بکات و دەبێ خێر و خۆشیی بۆ هەموو مرۆڤایەتی هەبێت، بەتایبەت بۆ ئەوانەی لەگەڵیدا دەژین، بەلایەوە ناڕەوایە ناپاکی بکات بەرانبەر خەڵك، خاك، نیشتمان، بەم لۆژیك و مانایە، بەڵێ برایەتیی ئایینی لە پێشەوەی هەموو جۆرەکانی برایەتییە و هەوێنی هەموو جۆرەکانی برایەتییشە، موسڵمان تەنانەت ڕق و قینی لە کەسێکی کافریش نییە، بەڵکو ڕقی لە کوفری کافرەکە و کردارە ناپەسەند و هەڵسوکەوتە ناشرینەکەیەتی، کەسەکە مرۆڤە و دروستکراوی خودای گەورەیە و بەڕێزە، بەڵام ستەمی ستەمکار قیزەونە دژایەتییەکە بۆ کردار و هەڵسوکەوتیەتی نەك خودی مرۆڤبوونی، کەواتە ئەوە تێگەیشتنی ئێمەیە چەمکەکە بە هەڵە ڕاڤە دەکەین و دەیبەینەوە بۆ جۆرێ ناسیۆنالیستی و ڕەگەزپەرستیی ئاخندراو بە ڕق و قین و هەموو ماناکانی دیکەی لێ دەکەینەوە. ئیسلام ئایینێکی گشتگیرە و ماناکان و سیفەتەکان لە چەمکەکان جیا ناکاتەوە، دەبێت هەمووی پێکەوە بێت و لە چوارچێوەی ئەخلاق دەرنەچێت. بەداخەوە تێگەیشتنی خەڵکی ئەم وڵاتە لەم چەمك و بۆچوونانە بە هەڵە لێی ئاشنا دەبن و نایانەوێت تێگەیشتنێکی زانستییانەی ڕاست و دروستی چەمکەکان بن لە دیدی ئیسلامەوە، کاتێ ئەم جۆرە سیاسەتە ماکیافیلییە باڵ دەکێشێ بەسەر کایەکاندا مانای چەمکەکانیش دەشێوێنرێت، کەواتە تێگەیشتنی نوخبە و خەڵکە دەستڕۆیشتووەکەیە مانای چەمکەکە خراپ دەناسێنێ.

کەسێکی دیندار بە بڕوایەکی برایەتییەوە ئایینی هەڵبژاردبێت و لە ئیمان حاڵی بووبێت، ناتوانێت لە خاك و نیشتمانیش داببڕێت. قورئان پێمان دەڵێت خاکمان بۆ مرۆڤ داناوە و بێشکەی ژیانی مرۆڤە، مەگەر کەسێکی نەفام بێت، ئەگینا ناتوانێت لەم مانایە دوور بکەوێتەوە (والأرض وضعها للأنام) واتا زەویی بۆ مرۆڤ داناوە، ئەمە فەرمانی ئەو خودایەیە کە من بڕوام پێیەتی. دواتر هەر قورئانە پێم دەفەرموێت مرۆڤ و نەتەوەکانیش هەموویان دروستکراوی خودای گەورەن، دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾. ئەوە ئیمانەکەمە پێم دەڵێت وانەزانی لە شوێنێکی دیکەوە هاتوویت و هەمووتان لە خێزانێکن، لەوێوە دەچنەوە سەر یەك خێزان، ئیتر چۆن دەکرێت لە مرۆڤەکان دابڕێم و بە ڕق و قینەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەم.

*** لەگەڵ ئەوەی موسڵمانانی کوردستان پەیڕەوی مەزهەبی ئیمامی شافیعیین (خ.ل) و ئەم مەزهەبە یەکێکە لە مەزهەبە توندەکان، بەڵام وێڕای ئەمەش لە کوردستاندا ئەم مەزهەبە لێبووردەیی و خۆشەویستیی بەرهەم هێناوە، بەڵام ئێستا دەبینین بە هۆکاری گوتارەوە چەند مامۆستایەکی ئایینی خەریکە ئەم لێبووردەیی و خۆشەویستییە دەگۆڕن بۆ توندڕۆیی و یەکتری ڕەتکردنەوە، ئایا ئەمەش بەکارهێنانی خراپی ئایینەکە نییە؟**

- مەزهەبی ئیمامی شافیعی پەیڕەوێکی زۆر زۆر جوان و میانڕەو و گونجاوە بۆ هەرێمی کوردستان، مەزهەبێکە دەیەوێت کەمترین خاڵی لاواز بگرێتەبەر و نەرمونیانی بنوێنێت، لەبەر خاتری ئەوەی مرۆڤەکان بە جوانترین شێوە کارەکانیان ئەنجام بدەن، دەیەوێت بەردەوام لە چڵەپۆپەی کەمالدا بن، واتا مرۆڤێك تا لە ژیاندا بێت و جووڵە دەکات، جووڵەکانی بە شێوەیەك ڕێك بخات، کە لە سیفەتی کەمال و بەرزی دانەبەزێت، بۆیە پێی دەگوترێت مەزهەبی ئیحتیات، ئەگەر جۆرە

هەڵسوکەوتێ بە چەند شێوەیەك ڕێگە هەبێت ئەنجام بدرێت، جوانترین و تەواوترین هەڵدەبژێرێت و بەلایەوە پەسەندترە، ئەمەش ناکاتە وەلانان و نکۆڵیکردن لە ڕا کان و شێوەکانی دیکە.

پەیڕەوی ئیمامی شافیعی ڕەحمەتی خودای لێبێت، مەزهەبێکی ناوەندییە، نە توندڕەوێکی وایە کە هزری وەکو قاعیدە و هاووێنەکانی دروست بکات، نەوەکو ئەوانەشە کە شتێك ناهێڵنەوە کە ڕەواج و حورمەتی هەبێت. واتە ئیمامی شافیعی میانەڕەوێکی زۆر جوانە، لێرەوە دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە پێشەوا شافیعی دەتوانرێت بە یەکەم زانا بەرزەکانی جیهانی ئیسلامی دابنرێت کە لە سەردەمی خۆیدا لە دوای ساڵی ١٥٠ی کۆچی و تەواوبوونی ماوەی خولەفای ڕاشیدین (ر.خ) لێ بێت، توانیوێتی فکرەی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەدا دابنێت و مامۆستای ڕێکخستنی ڕاجیاوازییەکان بێت بۆ بەرژەوەندییە گەورەکان، هەر ئەو مامۆستا و زانا بەڕێزە بە یەکەم کەس دادەنرێت کە زانستی بنەماکانی فیقهی (اصول الفقه) کە زانستی تێگەیشتنە لە دەقەکانی قورئان و سوننە بنووسێت، تاوەکو مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی و چۆنی ویست دەقی قورئان و سوننە ڕاڤە نەکات، بەڵکو دەبێت لە ژێر ڕۆشنایی کۆمەڵێك بنەما و یاسادا بێت و کەسێکی شارەزا و خوێندەوار و لێهاتوو لەم بوارەدا قسە بکات. ئیمامی شافیعی ڕەحمەتی خودای لێ بێت ئەو زانایە بوو کە توانی زیاتر لە ١٠ یاسا و پێوەر دابنێت بۆ ئەوەی دژەڕایی بکەینە ڕاجیایی، چونکە دژەڕایی ئەگەر بە دژی بمێنێتەوە بەردەوام تووڕەبوون و ترازان و ڕقەبەرایەتی و جیاکاری دروست دەکات، خۆ ئەگەر دژەڕاییمان کردە ڕاجیایی ئەوە دەتوانین بەردەوام ڕا و بۆچوونیشمان جودا بێت و پێکەوە برا بین. قوتابییەکی شافیعی ڕەحمەتی خودای لێبێت بە ناوی یونسی سەدەفی باسی گەورەیی مامۆستاکەی دەکات و دەڵێت: لەو ژیرترم نەدیوە، جارێك لە خزمەتیا کەوتمە کێبەرکێیەکی توندەوە و بە تووڕەییەوە مامۆستا شافیعیم جێهێشت، بەڵام ئەو هاتەماڵەوە و فەرمووی چەندین بابەت کۆی کردینەوە بۆچی یەك بابەت جیای کردینەوە؟ فەرمووی ئەو ڕایەڵەی پەیوەندییی دروست کردووە، وا ئاسان مەیپسێنە، دەکرێت برا بین و ڕاشمان جیاواز بێت. بەمەش ئەو زانا گەورەیە بووتە وەستای سازانی ڕاجیاوازەکان، بۆیە جێگەی شانازییە بۆ کورد خاوەنی ئەو مەزهەبەیە، هەر ئەو تێزە مەزهەبەی شافیعییە لەگەڵ ئەو هەموو فکرە جیاوازەدا مامەڵەی کردووە. بەداخەوە بەشێك لە شۆڕشگێڕانی کورد دەستپێکی شۆڕشیان بە دژە ئایین و ئیسلام، بێڕێزی بەرانبەر مزگەوت زانایان و ...هتد بوو، نەمانزانی فەلسەفەی ئەو کارەیان چی بوو، لە کوێدا ئایینی ئیسلام و زانایان دژی شۆڕش و خەباتی ئازادی بوون، تا بەو شێوەیە بکەونە بەر هێرشی لەو جۆرە، بەڵام زانایانی کورد بوونە هەوێنی ئەو برایەتی و پێکەوەژیان و ڕێز و خۆشەویستییەی کە گەلی کورد پێی بەناوبانگە و شۆڕشەکەش چووە سەر ڕێچکەی ڕاست و دروستی کوردایەتیی خۆی و تا ڕاددەیەك خەریکە لە بێدینی دوور دەکەوێتەوە، ئەم هەڵوێستانەی زانایان بەگشتی هەڵقوڵاوی تێگەیشتنی دروستە لە پەیڕەوی شافیعی.

*** هاتنی فکری توندڕەوی تا چەند پەیوەندیی بە ئیسلامەوە هەیە و، ئایا گوتاری توندڕەوی لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا جێگەی دەبێتەوە؟**

- هاتنی توندڕەوی بۆ جیهانی ئیسلامی کە هەموو کەس ڕەت دەکاتەوە و هەموو تێز و فکرەیەکی پێ هەزم ناکرێت، بەهیچ شێوەیەك هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی و هەڵقوڵاوی زانستییانەی ناو دەقە ئیسلامییەکان و کۆمەڵگەی کوردەوارییش نییە، ئەمە یەکێکە لە شوێنەواری سیاسەتی نالەباری ئیدارەکردنی ئەو وڵاتانەی جیهانی ئیسلامی و دەستی دەرەکیشی تێدایە بۆ دروستکردنی ئەمجۆرە بیرۆکە و فکرە توندڕۆیانە کە فکرێکی نامۆیە بە کۆمەڵگەی ئیسلامی و بە چەمك و ناوەرۆکی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و لە ناو فیقە و مەزهەبەکانیشدا ئەم بیرۆکانە جێگەیان نابێتەوە و پێیان دەگوترێت ڕا شازەکان، داگیرکارانی وڵاتانی ئیسلامی پێویستیان بەم بیرۆکانە هەیە بۆ لێکهەڵوەشاندنی کۆمەڵگە و هێزی دەستەکۆمەکی و پێکەوەیی، تا گیانی ڕووبەڕووبوونەوەی جەماوەر بەرانبەر پڕۆژە نامۆکان سڕ بکەن و سەرقاڵ بین بە خۆمانەوە، لە ناو کۆمەڵگەی کوردستانیشدا بە هیچ شێوەیەك گوتاری توندڕەوی جێگەی نابێتەوە و کاتییە و هیچ ترسێکمان لێی نییە، هەرکاتێك کات و فەرمانی پێسپێردراوی تەواو بوو، ئەویش کۆتایی دێت، ئەوە پڕۆژەیەکی پشتگیر کراوە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو .

**کەسێکی دیندار بە بڕوایەکی برایەتییەوە ئایینی هەڵبژاردبێت و لە ئیمان حاڵی بووبێت، ناتوانێت لە خاك و نیشتمانیش دابپرێت**

**ئیمامی شافیعی ڕەحمەتی خودای لێ بێت ئەو زانایە بوو کە توانی زیاتر لە ١٠ یاسا و پێوەر دابنێت بۆ ئەوەی دژەڕایی بکەینە ڕاجیایی، چونکە دژەڕایی ئەگەر بە دژی بمێنێتەوە بەردەوام تووڕەبوون و ترازان و ڕقەبەرایەتی و جیاکاری دروست دەکات**

**ئەگەر دژەڕاییمان کردە ڕاجیایی ئەوە دەتوانین بەردەوام ڕا و بۆچوونیشمان جودا بێت و پێکەوە برا بین**

# زیانە ژینگەییەکانی یارییە ئاگرینەکانی شەوی سەری ساڵ



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە



سالانە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەزاران تۆن لە تەقەمەنی و یارییە ئاگرینەکان دێنە بەکارهێنان لە بۆنەکان بەگشتی و، لە سەری ساڵی زایینیشدا بەتایبەتی و زیانەکانیشی فرە ڕەهەندن، بەڵام ئەگەر تەنیا بڕوانینە زیانە ژینگەییەکانی تەقەمەنی و یارییە ئاگرینەکان، ئەوا دەکرێت ئاماژە بە هەندێکیان بدەین. وەك: ئاگرکەوتنەوە و ترساندنی گیانلەبەرە ماڵییەکان و پیسکردنی هەوا و زیادکردنی بڕی خاشاك و پاشماوە و دروستکردنی ژاوەژاو.

ئەم تەقەمەنی و یارییە ئاگرینانە بە شێوەیەکی سەرەکی هاڕاوەیەکی باروت و چەند ماددەیەکی کیمیایی تێدایە کە دەنگ و ڕەنگی جیاوازیان پێدەبەخشێت، ئەمە جگە لە چەندین پێکهاتەی کانزا قورسەکانی دیکە، کە زیان بە مرۆڤ دەگەیەنن لە ڕێگەی دەنگی بەرزی تەقینەوە لە نیوەی شەودا، بەتایبەت بۆ بەساڵاچووان و منداڵان و کەسانی نەخۆش.

سەبارەت بە گیانلەبەران بەگشتی و باڵندەکانیش بەتایبەتی، بەپێی ئەو ڕاستییەی کە کۆمەڵەی پارێزگاریکردن لە سرووشت (ئێن. ئەی. بی. یو) ئاماژەی پێ دەکات، باڵندەکان ئاشنان بە گۆڕانی وەرزەکان، بەڵام ئاشنا نین بەو بۆنانەی مرۆڤەکان دایدەهێنن.

بۆیە بەپێی تۆڕی «یۆرۆ نیوز»ی ئەورووپا و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاریکردن لە گیانلەبەران لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا، سالانە ڕەخنە ئاراستەی بەکارهێنانی یارییە ئاگرینەکانی ئاهەنگی سەری ساڵی زایینی دەکرێت، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی مرداربوونەوەی هەزاران باڵندە.

کاتێك لە نیوەی شەودا باڵندەکان لەسەر درەخت و نێو هێلانەکانی خۆیاندان لەگەڵ دەستپێکی یارییە ئاگرینەکان و دەنگی بڵندی تەقینەوەکانی ڕادەچڵەکێن، زۆرێك لە باڵندەکان گیان لەدەست دەدەن بەهۆی:

بەئاگاهاتن بە ترس و شۆکبوون، یان خۆبەیەکدادان بە جووڵەیەکی توندەوە، یان بەرکەوتنیان بە خودی یارییە ئاگرینەکان، یان خۆکێشان بە دار و دیواری باڵەخانەکاندا، یان بەرکەوتنیان بە تەلی کارەبا، یان بە هۆی ماندووبوونیان بە هۆی بەردەوام فڕین و بەئاسمانەوەبوون لە نیوەشەودا، یان بە هۆی نەبوونی بوار بۆ نیشتنەوە و گەڕانەوە بۆ سەر درەختەکان، یان بە هۆی ڕووناکیی توند و درەوشاندنەوەی یارییە ئاگرینەکان، یان بە هۆی هەوای پیسبوو بە کاربۆن و دووکەڵی ژەهراویی ماددە کیمیاییەکانی نێو یارییە ئاگرینەکان.

هەر ئەم هۆیانەشن لە هەموو سەری ساڵێکدا کە دیمەنی کەوتنی هەزاران باڵندە لەسەر شەقامەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا و جیهان دەبینن.

بۆیە لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهاندا داوا دەکرێت، یارییە ئاگرینەکان قەدەغە بکرێن، لەبەر ئەوەی ناکرێت سەرەتای دەربڕینی خۆشیی مرۆڤەکان بە گیانلەدەستدانی باڵندەکان کۆتایی بێت.

بۆ نموونە: ڕێکخراوی چاودێریکردنی گیانلەبەرانی ئەڵمانیا داوای قەدەغەکردنی یارییە ئاگرینەکان دەکات لە سەرتاسەری وڵاتدا و، هەر لەم بارەیەوە وتەبێژی ڕێکخراوی ناوبراو لە لێدوانێکدا بۆ ڕادیۆی «ئار. بی. بی ٢٤» دەڵێت: «یارییە ئاگرینەکان سالانە زیان بە ژینگە بەگشتی و باڵندەکان بەتایبەتی دەگەیەنێت، ئەمە جگە لە زیانە ئابووری و تەندروستییەکان بە هۆی زیادە مەسرەفی و سووتان و ئاگرکەوتنەوە لە چەندین شوێندا».

ڕێکخراوی یەکێتیی ئاڵمانیا بۆ ژینگە و پاراستنی سرووشت (بی. یو. ئێن. دی)یش داوا دەکات، کۆت و بەندی زۆر بخرێتە سەر ڕێکارەکانی بەکارهێنانی یارییە ئاگرینەکانی ئاهەنگی سەری ساڵ.

بەپێی ئەو توێژینەوانەی باس لە ڕەفتاری گیانلەبەران دەکەن، کە هەر یەك لە پەیمانگەی ماکس بلانکی ئەڵمانیا و پەیمانگەی ئیکۆلۆژیای هۆڵەندا و سایتی دویچە ڤیللەی ئەڵمانیاش باسیان کردووە، دەرکەوتووە لە دوای یارییە ئاگرینەکانەوە ئەو باڵندانەی بەئاگا هاتوون لەخەو بە یەکجاری ئەو شوێنەیان بەجێهێشتووە، تەنانەت هەندێکیان لەو سەرمای زستانەدا ناچار بە کۆچی پێچەوانە کراون، بەهۆی ئەو ترسەی بە هۆی دەنگ و ڕەنگی یارییە ئاگرینەکانەوە لەلایان دروست بووە.

بۆیە بەپێی هەواڵێکی سایتی دویچە ڤیللەی ئەڵمانیا، بەشێك لە توێژەرانی ژینگە لە هەندێك لە وڵاتانی جیهان لە بیری ئەوەدان کە جێگرەوەی ژینگەدۆستانە بۆ یارییە ئاگرینەکان بدۆزنەوە، وەك:

یەکەم: تایبەتکردن و سپاردنی بەکارهێنانی یارییە ئاگرینەکان تەنیا بەلایەنە فەرمییە پەیوەندیدارەکان لە کات و شوێنی دیارکراودا، نەك لە ماوەی درێژ و هەموو شوێنێکدا.

دووەم: بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای تایبەت بە لێزەری ڕووناککەرەوە لەبری یارییە ئاگرینەکان.

سێیەم: بەکارهێنانی درۆن کە ئێستا لە زۆرێك لە وڵاتاندا ئاسمان بە تابلۆی ناوازە دەڕازێنێتەوە و زیانی ژینگەییشی کەمە، یان زۆر کەمترە لە یارییە ئاگرینەکان.

# هەنا عەلی: پێویستە خانمان ئەو بەهرەیەی کە هەیانە نەیشارنەوە و هەوڵی بۆ بدەن



**هەنا عەلی خانمە گەنجێکی دەسترەنگینی دانیشتووی تەوێڵەیە لە هەورامان، لە ڕێگەی پەیجەکەیەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فێرکاریی چێشتلێنان و شیرینی دروستکردن بڵاودەکاتەوە، لە ئێستاشدا لە سەنتەری چالاکی و پاراستنی منداڵانی تەوێڵە بە شێوەی خۆبەخش وەکو ڕاهێنەری دروستکردنی خواردن دەست بە کار بووە.**

**هەنا عەلی ساڵی ٢٠٠٠ لە قەزای چەمچەماڵ لە دایکبووە و دەرچووی قۆناغی ئامادەییە و ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و دایکی کوڕێکی جوانە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری گولان باس لە هەنگاوەکانی دەستپێکی کارەکەی و سەرکەوتنەکانی بۆ خوێنەران دەکات.**

**گولان: کۆمەڵایەتی**

«دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی بەشی وێژەیی لەبەر چەند هۆکارێك نەمتوانی بچمە زانکۆ و درێژە بە خوێندن بدەم، دواتر هاوسەرگیریم کرد، دوای چوار ساڵ لە هاوسەرگیری خوای گەورە کوڕێکی جوانی پێ بەخشیم، خوا بیدات بەهەموو لایەك، بە حوکمی ئەوەی کاری دەرەوەم نەبوو، لە ماڵەوە بەردەوام شیرینی و خواردنم ئامادە دەکرد و زۆر کەس لە بارەی چۆنیەتیی دروستکردنەکەی پرسیاریان لێ دەکردم، منیش بیرم لەوە کردەوە کە پەیجێك دابنێم و فێرکاری شیرینی و خواردنەکانم لەوێ بڵاوبکەمەوە».

لە درێژەی قسەکانیدا و سەبارەت بە سەرەتای کارەکەی دەڵێت «دوای ئەوەی کە پەیجەکەم دانا وردە وردە هەستم کرد خەڵك بە دڵیەتی و بۆیە لەگەڵ فێرکارییەکان بلۆگەریشم دەست پێکرد، کە دەچمە شوێنێك یان گۆڕانکارییەك لە ماڵەکەمدا بکەم لەگەڵ فۆڵۆوەرسەکانم شەیری دەکەم، بەردەوامیش لە ستۆری ژیانی ڕۆژانەی خۆم لەگەڵیاندا بەش دەکەم، هەر لە ڕێگەی پەیجەکەمەوە دایکایەتی و دەسترەنگینی خۆمیان پیشان دەدەم، سوپاس بۆ خوا زۆرکەس پەیجەکەمیان بەدڵە ئەوەش بۆ من مایەی دڵخۆشی و بەردەوامییە».

هەنا عەلی دەربارەی پشتگیری و هاندەرەکانی دەڵێت «خێزانەکەم هەمیشە لە سەرکەوتنەکانم پاڵپشت و هاندەرم بوون، بەتایبەت هاوسەرەکەم هاوسۆز و هاوکارێکی باشم بوو، هەمیشە پێی دەگوتم (قەت بەقسەی کەس نەڕووخێیت و نەڵێی واز دەهێنم)، چونکە ئەو دەیزانی کە چەند پەیجەکەمم خۆشدەوێت و چەند هۆگری بووم، بە تایبەت کە فۆڵۆوەرسەکانم بوونە بەشێك لە ژیانم، بۆیە ئەو پشتگیرییەی هاوسەرەکەم وای لێکردم بەردەوام بم و پەیجەکەی خۆمم زیاتر خۆشبووێت، چونکە لەڕێی پەیجەکەمەوە هەنگاوێکم بۆ پێشەوە هەڵگرت، ئێستاش لە سەنتەری چالاکی و پاراستنی منداڵانی تەوێڵە بە شێوەی خۆبەخش وەکو ڕاهێنەری دروستکردنی خواردن کاردەکەم، ئەوە زۆر خۆشحاڵی کردم کاتێك دەسترەنگین منیان بینی لەلایەن ڕێکخراوی یونسێف وەکو ڕاهێنەر هەڵبژێردرام، ئەویش بۆ ئەوە بوو تاوەکو خانمانی تەوێڵە بتوانن بۆخۆیان شتێك فێربن و تێیدا سەرکەوتووبن.

ڕاستە کارەکەم خۆبەخشییە بەڵام ئەوە یەکەم ئەزموونم بوو کە بتوانم نەك هەر لەپەیجەوە بەڵکو ببمە ڕاهێنەر و ڕاستەوخۆ بۆ خانمان سوودم هەبێت».

سەبارەت بە ئامانجیشی هەنا عەلی گوتی«ئامانجم لەو کارە ئەوەیە ئەو خانمانەی کە خواردن و شیرینی بەدەستیان دەرناچێ یان هەر نازانن دروستی بکەن، بتوانن لەڕێی پەیجەکەی منەوە بە شێوازێکی ئاسان فێری خواردن و شیرینییەکان ببن، سوپاس بۆ خودا زۆر کەس سوودیان لێ وەرگرتووە و پێم دەڵێنەوە و بەردەوامیش دەستخۆشیم لێدەکەن، هاوکات زۆر حەزم لە ڕازاندنەوەی سفرە و خوانە حەز دەکەم ئەگەر شتێکی کەمیش بێت بەجوانی بیرازێنمەوە ئینجا پێشکەشی خێزانەکەمی بکەم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا بۆ داهاتوو بیرۆکەی گەورەکردنی کارەکەت هەیە؟ ئەو گوتی«بە دڵنیاییەوە کار بۆ بەرەوپێشبردنی کارەکەم دەکەم، پەنا بەخوا گەورە پشتیوانم بێت هەوڵدەدەم و بیرۆکەی ئەوەم هەیە هەر لە ڕێگەی پەیجەکەمەوە فێرکاری کاری دەستی پیشانی بینەرەکانم بدەم، لە ئێستادا دەستم پێکردووە بەڵام جارێ پڕۆژەکەم بچووکە بەڵام هەوڵی بۆ دەدەم کە هەر بە کەلوپەلی زیادەی ماڵەکەیان بتوانن کارە دەستییەکان ئەنجامبدەن».

هەنا عەلی لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێت «پەیامی من وەکو بلۆگەرێك بۆ خانمەکانمان ئەوەیە و پێیان دەڵێم خانمان هەوڵبدەن هەرگیز قسەی هیچ کەس کارتان تێنەکات، پێویستە خانمان ئەو بەهرەیەی کە هەیانە نەی شارنەوە و بەردەوام هەوڵی بۆ بدەن، هەر ئامانجێکیان هەیە هەرگیز کۆڵ نەدەن».

**لە ماڵەوە بەردەوام شیرینی و خواردنم ئامادە دەکرد و زۆر کەس لە بارەی چۆنیەتیی دروستکردنەکەی پرسیاریان لێ دەکردم**

**خێزانەکەم هەمیشە لە سەرکەوتنەکانم پاڵپشت و هاندەرم بوون، بە تایبەت هاوسەرەکەم هاوسۆز و هاوکارێکی باشم بوو**

**زۆر حەزم لە ڕازاندنەوەی سفرە و خوانە حەز دەکەم ئەگەر شتێکی کەمیش بێت بەجوانی بیرازێنمەوە ئینجا پێشکەشی خێزانەکەمی بکەم**

## نارین فەقێ بۆ گوڵان:

# هونەری کوردی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاڤای کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە

**بەم دواییە خانمە هونەرمەندی ڕۆژئاڤای کوردستان نارین فەقێ بەرهەمێکی نوێی بڵاو کردنەوە بە ناوی «ڕۆژئاڤا» سەبارەت بەم بەرهەمە و چەند پرسێکی تایبەت بە هونەر لەو پارچەیەی کوردستان، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد.**



*** بیرۆکەی (ڕۆژئاڤا) چۆن درووست بوو ؟**

-دوایین بەرهەمی هونەریم گۆرانییەکە بە ناوی «ڕۆژئاڤا» بە حوکمی ئەوەی من خەڵکی ئەم بەشەی کوردستانم، لە ئێستادا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشی بەرەو گۆڕانکاریی چاوەڕوانکراو هەنگاو دەنێت، بۆیە بڕیارم دا کە ئەم گۆرانییە وەك دیارییەك پێشکەش بە هاووڵاتیانی خۆم و ڕۆژئاڤای کوردستان بکەم، بەو ستایلەی کە من پێی ناسراوم داوام لە مامۆستا ئەدیب چەلکی کرد کە شیعرێکم بۆ بنووسێت دەربارەی ڕۆژئاڤای کوردستان، بە مەرجێك لەگەڵ بیرۆکەی ئەم گۆرانییەدا بگونجێت کە ساڵێك لەمەوبەر لای من لەدایك بووبوو، مامۆستا ئەدیب چەلکی ڕۆژئاوای کوردستانی بە میر جەلادەت بەدرخانەوە گرێ دا، چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بەر لە سەد ساڵ هزری سەربەخۆیی لەلایەن میر جەلادەت بەدرخان ساڵی ١٩٢٧ لە شاری بێحەمدون هاتە ئاراوە، کاتێك (خوییبوون)ی دامەزراند، ئەو کات ژمارەیەك کورد لە دەوری کۆبوونەوە و لە زوڵم و زۆرداریی ئەو کاتی ڕژێمی تورکیا ڕایانکرد و لە بەیروت کۆبوونەوە و بیری دامەزراندنی (خوییبوون)یان دانا، مخابن ئێمەی کورد هەمیشە بێکەس بووین و هەر چواردەورمان دوژمنە، کە هەمیشە و بە هەموو شێوەیەك ڕێگر بوون، لە هاتنەدیی خەونی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

ڕۆژئاڤا لە تێکستی مامۆستا ئەدیب چەلکی و ئاوازی خۆم، دابەشکردنی موزیك لەلایەن هاوژینم هونەرمەند عەلی شاکر و کاری کلیپی گۆرانییەکە لەلایەن دەرهێنەری بە توانا هەژار دهۆکییەوە ئەنجام دراوە.



من پێموایە مامۆستا ئەدیب چەلکی یەکێکە لە شاعیرە بە توانا و لێهاتووەکانی کوردستان، بە جۆرێك دەتوانێت بیرۆکەی هونەرمەند بە جوانی بنووسێتەوە، چونکە شارەزاییەکی زۆری لە مێژووی کورد و کوردستاندا هەیە، هەر خۆیشی بیرۆکەکەی بەو شێوەیە دانا، کە منیش پێی ڕازی بووم، ئەوەشمان بیر نەچێت پێشەکیی ئەو تێکستە لەلایەن نووسەر «فورات جەوهەری» نووسراوە، بەشی هەرەزۆری ئەو ئەدیب و نووسەرانەی لە کلیپەکەدا نیشان دەدرێن لە شام نیشتەجێ بوون، دوای ئەوەی بەر لە سەدەیەك زیاتر لەبەر زوڵم و زۆرداری تورکەکان شوێنی خۆیان جێهێشت و ئاوارە بوون و لە شام کار و خەباتیان کرد بۆ پێشخستنی ئەدەبیاتی کوردی، بەمەش بەشی زۆری هزر و ئەدەبیاتی کوردی لە ڕۆژئاوا بووە.

هەمیشە من هەوڵ دەدەم کاری نوێ و سەرنجڕاکێش لە ڕووی نەتەوەیی و ئەدەب و زمانی کوردی بە گۆرانی پێشکەش بە میللەتەکەمی بکەم لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ئەم کارە نوێیەم پێشکەش بە کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان دەکەم، بەتایبەتی پێشکەش بە ڕۆحی میر جەلادەت بەدرخان و خانەوادەکەی و هەموو ئەو ئەدیب و نووسەرانە کە شان بە شانی میر جەلادەت بەدرخان خەباتیان کردووە و، ئەوانەی بەردەوامن لەو خەباتە بۆ پێشخستنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی.

*** پێشەکی ئەم بەرهەمە باس لە چی دەکات؟**

- پێشەکییەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

میر جەلادەت بەدر-خان د تاریتیێ دە چرووسکەك ڕۆناهی بوو

ئەو کوردێن کو ل دۆرا وی کۆم بووبوون سەرخەتی بوون لێ ژ بەر زلما ترکان کۆچبەری بنختێ بووبوون و بووبوون ڕۆژئاڤایی.

وی ب هاوارا خوە بنگەهێ ئەدەبیاتا مە یا نووژەن دانی مە دا دوو شۆپا وی.ڕوهێ وی و هەموو کەدکارێن دەما وی شاد بە.

*** لە ئێستادا ڕەوشی هونەری کوردی لە ڕۆژئاڤا چۆن دەبینی؟**

-دوای ئازادکردنی کۆبانێ بەر لە هێرشکردنە سەر عەفرین و شارەکانی دیکە، ڕەوشی هونەر زۆر باش بوو، کەسانی بەتوانا کاری زۆر جوان و سەرکەوتوویان پێشکەش کردووە لە ڕووی موزیك، گۆرانی و کلیپ، ئەگەر ئێستا بەراوردێکی ڕەوشی پارچەکانی کوردستان بکەین دەتوانین بڵێین لەم ساڵانەی ڕابردوودا باشترین کاری هونەری لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاڤا بەرهەم دەهێنرێن، ئێستا ڕەوشەکە خەریکە تێك دەچێت و شەڕ دووبارە لە ئارادایە بەرهەمهێنانی کاری نوێ و باش زۆر زەحمەت دەبێت، بەڵام بە گشتی من لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاڤا هونەری جوان و پاکم بەدی کردووە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە لە باشوور و باکوور کاری جوان بەرهەم نایەت، چونکە لەم پارچانەش زۆر هونەرمەندی باش و بە توانامان هەیە، کە زۆر ناسراون و کاری زۆر جوان پێشکەش دەکەن.

*** لە ڕۆژئاڤا ئەو هونەرمەندانە کێن کە کاری جوان پێشکەش دەکەن؟**

-ڕۆژئاڤای کوردستان هەمیشە هونەرمەندی بە توانای هەبووە و زۆیان ڕوویان لە دەرەوە کردووە، ئێستا زۆرلە هونەرمەندانی ڕۆژئاڤا کە لەوێ ماون کاری زۆر جوان پێشکەش دەکەن، بەتایبەتی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان و بەرهەمی نوێ.

*** لە ئێستادا جیاوازیی کاری هونەری لە ڕۆژئاڤا و لە ئەورووپا چۆن دەبینی؟**

- هەر کارێکی هونەری کە هەڵقوڵاوی ئێش و ئازارێك بێت ئەو هونەرە ڕۆحیەتی نەتەوەیی زیاترە و پەیامەکەی باشتر دەگاتە جەماوەر و کاریگەریشی زیاتر دەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە خاوەن دەوڵەتێك نین و کورد لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بوونەتەوە، ئەمەش وای کردووە جیاکردنەوەی هونەری پاك و جوان لە هونەرێکی ئاست نزم کارێکی ئەستەمە، تەنیا ئەو کەسانەی کە لە تێکستی هونەری و موزیك تێدەگەن، ئەوان دەزانن چ دەنگێك باشە و چ هونەرێك پاکە و چ هونەرمەندێك کاری جوان پێشکەش دەکات، بۆیە من هەمیشە گوێ لە سەرنج و تێبینیی ئەو جۆرە جەماوەرە دەگرم بۆ ئەوەی هەمیشە کاری باش پێشکەش بکەم.

***هەرچەندە زۆر جار ئەو پرسیارە دووبارە کراوەتەوە، بەڵام ڕەوشی هونەری کوردی چۆنە؟**

- پێم باشە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لیژنەیەکی تایبەت هەبێت و کۆنترۆڵی بەسەر هەموو کەناڵە کوردییەکاندا هەبێت، هەر بەرهەمێکی هونەری لە هەر پارچەیەکی کوردستان بەرهەم بهێنرێت بەرلەوەی بڵاو بکرێتەوە پێویستە هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنە بۆ بەرهەمەکە بکرێت، ئەمە هەنگاوێکی زۆر پێویستە بۆ پێشکەوتنی هونەری کوردی و لەگەڵ زۆر هونەرمەندی گەورەش ئەم پرسەم باس کردووە، هەموویان ئەو بۆچوونەیان هەبووە، چونکە ناکرێ هەر کەسێك بیەوێت چەند وشەیەك کۆ بکاتەوە بە ناوی تێکست و ئاوازێکی نارێك و بیانیی بۆ دابنێت و بەناوی هونەرمەند تۆمار و بڵاوی بکاتەوە و بە ملیۆنان ڤیۆ بۆ خۆیان پەیدا بکەن، ئەم جۆرە کارانە لە ساڵانی ڕابردوو ڕەوشی هونەری کوردییان تێك داوە.

سەلار زەینەدیین

یاریزانی کاراتێی یانەی هەڵەبجە:

# کاراتێ لەسەر ئاستی کچان بەرەو پێشچوونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە



* چۆن بوو هاتیتە نێو جیهانی وەرزشی؟
- بە هۆی ئارەزووی زۆرم بۆ یاریی کاراتێ بوو.
* لە نێو ئەم هەموو وەرزشەدا چۆن بوو یاریی کاراتێت هەڵبژارد؟
- هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە حەز و ئارەزوویەکی زۆرم بۆ یاریی کاراتێ هەبووە.
* هەست ناکەیت یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟
- هەموو یارییەك بەپێی پێویست قورسە، کاراتێش هەر وەك یارییەکانی دیکە قورسیی خۆی هەیە.
* ئاستی کاراتێ چۆن دەبینی لە کوردستان؟
- دەتوانم بڵێم ئاستی یاریی کاراتێ لە ئێستادا زۆر بەرەوپێش چووە و پێم وایە لە چەند ساڵی داهاتوو لە چاو ئێستادا ئاستێکی زۆر باشتری دەبێت.
* چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟
- ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی زیاتر کە لە ئێستادا بە ڕادەیەکی زۆر کەم پاڵەوانێتی ئەنجام دەدرێ، بەتایبەتی بۆ کچان زۆر بە کەمی پاڵەوانێتی بەڕێوە دەچێت.
* ڕاستە دەڵێن یانەکانی کوردستان تیپی کاراتێی کچانیان پشتگوێ خستووە؟

**یانەی هەڵەبجە یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگیی زۆر بە بواری وەرزش دەدەن لەسەر ئاستی کچان، تیپی کاراتێی کچانی یانەکەش یەکێکە لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق، کە ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خولە جۆراوجۆرەکان بەردەوام لە کێبڕکێدا بوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و نازناوەکانی کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێراقیش، سەلار زەینەدین محەمەد یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە، کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەی هەڵەبجە، سەلار لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٧ و ئێستاش بەردەوامە لە تیپی کاراتێی یانەی هەڵەبجە، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد.**



- بە پێچەوانەوە لەم چەند ساڵەی کۆتاییدا کاراتێ لە ئاستی کچان بەرەو پێشچوونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە پاڵەوانێک؟**

- پلانم بۆ داهاتوو ئەوەیە کە ببمە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و بەشداری لە پاڵەوانێتی ئاسیا و جیهاندا بکەم، بەڵام بەداخەوە کە لە ئێستادا کچان ناتوانن بچنە هەڵبژاردەکانی کاراتێ.

*** سەرکەوتن چ هەستێکت پێ دەبەخشێ؟**

- بێگومان سەرکەوتن هەستێکی تایبەتت پێ دەبەخشێ لە بەر ئەوەی سەرکەوتن ئامانجمە لەم وەرزشەی هەڵمبژاردووە.

*** کێ بە ڕکابەری خۆت دەزانی؟**

-بێگومان کەس بە ڕکابەری خۆم نازانم.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێک؟**

- بەشداریکردنم لە پاڵەونێتییەکانی جیهان و بەدەستهێنانی ئەنجامی باش.

*** بۆچی کچان بە کەمی ڕوو لەم وەرزشە دەکەن؟**

- لە بەر ئەوەی وا بیر دەکەنەوە ئەم یارییە بۆ کوڕان گونجاوە، بەڵام لە ڕاستیدا بە پێچەوانەیە ئەم یارییە زیاتر بۆ کچ پێویستترە.

***هیچ یانەیەک گرێبەستی پێشکەش نەکردووی؟**

-نەخێر، لە ئێستادا لە کوردستان بە کەمی گرێبەست پێشکەشی یاریزانی کاراتێی کچان دەکرێت.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**

- خانەوادەکەم زۆر هاوکار و پاڵپشتمن، بە تایبەتی دایکی ئازیزم زۆر سوپاسیان دەکەم.

*** ئەگەرلە کۆتاییدا شتێکت ماوە ؟**

- دەست خۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی یاریزانان لە شارەکانی کوردستان.

# هەولێری خولی کوردستان جیاواز دەبێت

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر کە بەشدارە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ئەم وەرزە بە پێکهاتەیەکی لاوەوە بەشداریی یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستانیان کردووە، هەرچەندە سەرەتای خولەکە ئاستیان وەکو پێویست نەبووە لە ڕووی بەدەستهێنانی ئەنجامی یارییەکانەوە، بەڵام لە سێ هەفتەی ڕابردوودا یانەکە نۆ خاڵ و سێ سەرکەوتنی لەسەریەکی بەدەست هێناوە، یانەکە دەیەوێت بگەڕێتەوە ناو کەشوهەوای ئەنجامە باشەکانی، لەم بارەشەوە «شوان ئەنوەر» ڕاهێنەری یانەی هەولێر لە خولی کوردستان، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:

«ئەمساڵ تیپێکی زۆر باشمان پێکهێناوە لە یانەی وەرزشیی هەولێر، هەرچەندە لە ئەنجامەکانی پێنج یاریی سەرەتا وەکو پێویست نەبوون، بەڵام دوو یارییە تیپەکەمان بەتەواوی ئامادەیە لە گشت ڕوویەکەوە، چەند گرفتێکی بچووکمان هەبوو ئەوانیش چارەسەر بوون، لەناو مەشقەکانماندا یەکڕیزیی باش هەیە بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو تیپەکە ببەینە قۆناغێکی باشتر، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامەکانمان بەدڵی هاندەرانی یانەکەمان بێت،

لە ئێستادا تیپەکە بە ئاراستەیەکی باشدا دەڕوات و دەمانەوێ هەنگاو بە هەنگاو ئاست و ئەنجاممان باشتر بێت، لەگشت ڕوویەکەوە ئامادەین و بێگرفتین، هەرچی پێویست بێت بۆ باشتربوونی ئاستی تیپەکەمان ئەنجامی دەدەین، یاریزانەکانیشمان لەوپەڕی ئامادە باشیدان بۆ یارییەکانی داهاتوو».





# چوارقوڕنە دەچێتە قۆناغێکی تازە

یانەی چوارقوڕنەی دەڤەری ڕاپەرین لەم وەرزەدا ئاست و ئەنجامەکانی وەکو پێویست نییە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، یانەکەش لە کۆی ئەنجامدانی حەوت یاری لە خولەکە، خاوەنی تەنیا چوار خاڵە، ئەمەش لەگەڵ ئامانجی یانەکە یەك ناگرێتەوە، بۆیە لە دوای دەستلەکارکێشانەوەی ڕەمزیساڵح، یانەکە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ ستافێکی ڕاهێنەران واژۆ کرد، بۆ ئەوەی ئەرکی ڕاهێنەرانی پێشوو تەواو بکات، کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ مامۆستا ڕەفیق سەعید واژۆ کرد، بۆ ئەوەی بتوانێ ئاستی تیپەکە بەرز بکاتەوە و کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکات لە یارییەکانی داهاتوودا، لە ئێستادا ڕاهێنەرەکەی یانەی چوارقوڕنە هەموو هەوڵێك دەدات بۆ ئەوەی ئاستی تیپەکە بباتە قۆناغێکی باشتر و، لانی کەم لەم قۆناغەدا یانەکە بباتە پێشەوەی ڕیزبەندی یانەکان، هەموو هەوڵێکیشی بۆ ئەوەیە تیپەکە بخاتەوە سەر سکەی ئەنجامی شایستە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان.

# نەورۆز پشت بە ڕاهێنەری ناوخۆیی دەبەستێت

هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی نەورۆزی شاری سلێمانی بەهیواوە هاتووەتە نێو کەشوهەوای یارییەکانی خولی ئەستێرەکانی عێراقی، بەڵام سەرەڕای ئەوەی هەموو پێویستییەك بۆ تیپەکە ئامادە کرا، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجامێکی دڵخۆشکەر لەسەر دەستی ڕاهێنەری بەرازیلی «جۆرڤان ڤێیرا» بەدەست بهێنێت، بەڵام یانەکە تووشی چەندین ئەنجامی خراپ بوو لە خولەکەدا، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی نەورۆز بە پەلە کۆبوونەوەیەکی گرنگی ئەنجام دا و بە ڕێککەوتنی هەردوو لا ڕەزامەندی درا بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دەستەی ڕاهێنەری پێشوو، بۆ ئەوەی بە زوویی گرفتەکانی یانەکە چارەسەر بکرێن و ڕاهێنەرێکی عێراقی بهێننە ڕیزی یانەکە، بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی مەشقی یانەکە بکات لە خولی بژاردەکاندا، دەستەی کارگێڕیی یانەی نەورۆزیش بە فەرمی لەگەڵ ڕاهێنەری عێراقی «قەحتان جەسیر» گەیشتنە ڕێککەوتن بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەکە، قەحتان جەسیر خاوەنی بڕوانامەی پرۆی عێراقییە و ڕاهێنەری هەڵبژاردە جیاوازەکان و چەندین یانەی عێراقی کردووە، «سامر سەعید»یش وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەر دەستبەکار بوو، یانەی نەورۆز ئومێدی زۆری بەو ستافە تازە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن بۆ ئەم مەبەستەش ئەمساڵ چەندین گرێبەستی گرانبەهای ئەنجام داوە.








# قەڵەوی ئەگەری خەمۆکی زیاد دەکات

ئەمە روونە کە قەڵەوی ئەگەری تووشبوون بە گەلێك حاڵەت و نەخۆشی زیاد دەکات، کە باری دەروونییش دەگرێتەوە، بۆنموونە هەوکردنی درێژخایەن، پرخە، ڕەقبوونی خوێنبەرەکان، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، نەخۆشیی دڵ، داڕووشانی جومگە، هەروەها هەندێك جۆری شێرپەنجە. جگە لەمانە قەڵەوی پەیوەندیی بەهێزی هەیە بە زیادبوونی ئەگەری خەمۆکی Depression،پەستی، لەگەڵ ناجێگیریی مەزاج. لە لێکۆڵینەوەیەکی سەنتەری پزیشکیی زانکۆی لایدن/ هۆڵەندا هاتووە کە زیادبوونی کێش و قەڵەوی ئەگەری خەمۆکی بەرزدەکەنەوە بە شێوەی دابەزین مەزاج بۆ ماوەیەکی زۆر، بە پێچەوانەشەوە وەکو ئەڵقەیەکی نەپچڕاو خودی خەمۆکی ئەگەری زیادبوونی کێشی و قەڵەوی زیاد دەکات. لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی پەیمانگەی ڕایس کیندەر Rice›s Kinder Institute لە هیوستن/ تێکساس هاتووە کە ئەو ئافرەتانەی تێکڕای ڕاستایی لەشیان BMI لە نێوان ٣٠-٣٤,٩ کگم/مەتر٢ دایە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە خاوەن کێشی ئاسایی لەشن، ئەگەری تووشبوونیان بە خەمۆکی تا دوو هێندە بەرز دەبێتەوە.



# زیادبوونی چەوریی جگەر نەخۆشیی شەکرە پەیدا دەکات!

لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە حاڵەتی زیادبوونی نائەلکهولی چەوریی جگەر NAFLD بنەمایەکی بەهێزە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، چونکە جگەر ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە ڕێکخستنی شەکر لە لەش و کۆبوونەوەی چەوری لە ئەندامە گرنگەکاندا، کە گرفت دەخاتە بەردەم کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن. لە لایەکی دیکەوە زیادبوونی چەوریی نا ئەلکهولی جگەر دەبێتە هۆی پەیدابوونی بەرگریی خانەکان بۆ هۆرمۆنی ئینسولین Insulin resistance، بەمەشەوە ئاستی شەکری خوێن بەرزدەبێتەوە هاوکات لەگەڵ تێکچوونی کرداری میتابۆلیزمی چەوری. پەیدابوونی بەرگریی بەرانبەر بە ئینسولین لە جگەر و شانەی ماسوولکەکان و چەورەشانەکاندا، بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی ئینسولین لە خوێندا لەگەڵ تێکچوونی کاردانەوەی خانەکانی بێتا β-cells لە گلاندی پەنکریاسدا، بنەمان بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم لە حاڵەتەکانی زیادبوونی چەوریی جگەردا.





# پەتاتەی شیرین.. سەرچاوەیەکی گرنگی دژەئۆکسانەکان

پەتاتەی شیرین Sweet potatoes بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە، چونکە دەوڵەمەندە بە مادده دژەئۆکسانەکانی کارۆتینۆیدەکان، بەتایبەتی بیتا کارۆتین، بۆنموونە هەر ١٠٠ گرام پەتاتەی شیریندا نزیکەی ٩٤٤٠ مایکرۆگرام بیتا کارۆتین لەخۆدەگرێت، هەروەها ئەنتۆسیانینەکان Anthocyanins کە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە بۆ پاراستنی تەندرستی. جگە لەمانە پەتاتەی شیرین ماددەی خۆراکیی گرنگی دیکەش لەخۆدەگریت، وەك: ڕیشاڵ، ڤیتامینەکانی A، E، C، B9 (فۆلەیت)، لەگەڵ کانزاکانی پۆتاسیۆم، فۆسفۆر، مەگنسیۆم، کالسیۆم، ئاسن. سوودە تەندروستییەکانی پەتاتەی شیرین: بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، خۆپاراستن لە هەندێك جۆری شێرپەنجە، پاراستنی تەندروستیی چاو، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش بەوەی کە هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی زۆر دەهێڵێتەوە بە هۆی ڕێژە بەرزەکەی ڕیشاڵ، کۆنترۆڵکردن پەستانی خوێن، ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ، پاراستنی تەندروستیی پێست، بەتایبەتی ڕێگرتن لە لۆچبوونی پێست، باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس، هەروەها خۆپاراستن لە چەند جۆرێکی شێرپەنجە بەتایبەتی شێرپەنجەی پرۆستات.

# ژاراویبوون بە کانزای قورقوشم

ژاراویبوون بە قورقوشم Lead poisoning ڕوو دەدات پاش بەرکەوتن بە ڕێژەی بەرزی قورقوشم. قورقوشم کانزایەکی قورسی ژەهراوییە، بە شێوەیەکی سرووشتی بە بڕی کەم لە توێکڵی زەویدا هەیە. سەرچاوە دەستکردەکانی قورقوشم: بۆیە، شووشەی بۆیەکراو، شووشەی کریستاڵی، قاپوقاچاغی سیرامیك، لوولەی قورقوشمی. لەوانەیە کە هەر کەسێك تووشی ژاراویبوون بە قورقوشم ببێت، بەڵام منداڵانی ژێر شەش ساڵی زیاتر تووشی دەبن لەوکاتەی کە لەشیان لە گەشە و پەرەسەندندایە. هەندێك جار ژاراویبوون بە قورقوشم لە منداڵ و گەورەکاندا بێ نیشانەیە، نیشانەکان پاش بەرکەوتن بە ڕێژەی بەرزی قورقوشم بە چەند هەفتەیەك تا چەند مانگێك ئینجا دەردەکەون. نیشانەکانی ژاراویبوون بە قورقوشم لە منداڵدا: سك ئێشە، ڕشانەوە، نارەحەتیی جەستەیی و زیادبوونی چالاکیی جەستەیی، گرفت لە فێربووندا، گۆڕن لە ڕەوشت، سەرئێشە، هەستکردن بە ماندووبوون، هەروەها کەمخوێنی. نیشانەکانی ژاراویبوون بە قورقوشم لە گەوراندا: سەرئێشە، سك ئێشە، گۆڕان لە کەسێتیدا، کەمخوێنی، هەروەها نەزۆکی.





# وردە پلاستیک گەیشتووەتە ناو ئەندامەکانی لەش

وردەپلاستیکی میکرۆسکۆپی -Mi croplastics هەموو شوێنێکی تەنیوە لە خۆراکدا، بەستەبەندیی خۆراك، ناوماڵ، مۆبیلیات، ڕایەخ، کۆمپیوتەر، جلوبەرگ، کەفش، ئۆتۆمۆبیل، هەروەها ژینگە. ئەگەرچی پلاستیك ژیانی زۆر ئاسانتر کردووە، بەڵام خەریکە ژینگە دەخنکێنێت. خۆپاراستنی تەواو لە پلاستیك تا ڕادەیەك مەحاڵە لەوکاتەی کە پلاستیك لە ڕێگای دەم، هەناسە، هەروەها پێست دەگاتە لەش. وردە پلاستیکی زەرەبینی و پلاستیی زۆر وردتر یان نانۆپلاستیك Nanoplastics کە لە پلاستیکی گەورەتر سەرچاوە دەگرن، بە ڕێگەی جیاواز دەگەنە گەلێك لە شانە و ئەندامەکانی لەش، وەك: مێشك، دڵ، جگەر، گورچیلە، لەگەڵ کۆئەندامی زاوزێ. پلاستیك کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر تەندروستی، جگە لە خودی پلاستیك کە هۆکارە بۆ هەوکردن، گەلێك ماددەی دیکەی بۆ مەبەستی جیاواز لەگەڵدا تێکەڵ دەکرێت، کە بۆنموونە فتالەیتەکان Phthalates، بیسفینۆلەکان -Bi sphenols، PFAS کە کاریگەریی نەرێنی دەکەنە سەر تەندروستی، بەتایبەتی سیستمی کوێرەگلاندەکان کە هۆرمۆنی جیاواز دەردەدەن بۆ کۆنترۆڵکردنی گەلێك فرمانی گرنگ لە لەشدا، لەگەڵ ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە.

# با خۆراکی منداڵەکەت تەندروست بێت



خۆراکی تەندروست بۆ منداڵ زۆر گرنگە بۆ گەشە و پەرەسەندنێکی دروست هاوکات لەگەڵ کەمکردنەوەی ئەگەری قەڵەوی و تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان. نموونە خۆراکە تەندروستەکان: میوەی جۆراوجۆر، سەوزە و پاقلەمەنییەکان، دانەوێڵەی جۆراوجۆر کە وا باشترە دانەوێڵەی تەواو Whole grain بێت، ماسی، گۆشتی بێ چەوری، پەلەور، شیر، پەنیر، ماست بەتایبەتی کە کەم چەوری بێت، هەروەها ڕۆژانە خواردنەوەی بڕێکی باشی ئاو. پێویستە کە بۆ منداڵان چەند خۆراکێك سنووردار بکرێت کە دەبنە هۆی زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، وەك: خۆراکە دەوڵەمەندەکان بە چەورییە تێرەکان Saturated fats، بڕی زیادی خوێ لەگەڵ بڕی زیادی شەکر، بۆنموونە کێك و بسکویتە جۆراوجۆرەکان، خۆراکی خێرای وەکو جیبس، بێرگەرەکان، پیتزا، شوکولاتە، قەنادی و شیرینییەکانی دیکە، هەویرکارییە شیرینکراوەکان، گۆشتی پرۆسێسکراو، سۆوسەج، شلەمەنییە شیرینکراوەکان وەکو خواردنەوە گازدارەکان، خواردنەوە وزەبەشخەکان، شیرەی دەستکردی میوە، کرێم و کەرە، لەگەڵ ئایس کریم.




# یاریدەدەرەکی ئامازۆن گوێرایەڵی فەرمانەکانە

کۆمپانیای ئامازۆن جگە لەوەی وەك کۆمپانیایەکی بەهێزی تایبەت بە کڕین و فرۆشتنە، خودی کۆمپانیاکەش ئامێر بۆخۆی بەرهەمدێنێت.

یەکێك لە ئامێرە گرنگەکانی ئامازۆن، amazon echo spot ە. ئامێرێکی یاریدەدەر و گوێرایەڵی گشت فەرمانەکان. خودی ئامێرەکە لە سپیکەر و شاشەیەکی بازنەیی پێکهاتووە وەك کاتژمێرێکی سەر مێزیش دادەنرێت، بەڵام دەتوانێت کۆنترۆڵی گشت ئامێرە ئەلکترۆنییەکانیماڵەوە بکات. ڕاستەوخۆ دەتوانیت وەك کامێرایەکی وێب بەکار بهێنرێت بۆ پەیوەندییە ڤیدیۆییەکان. دەکرێت بەکارهێنەر بەدەنگ داوای لێبکات، گۆرانییەك، فیلمێك، هەواڵەکان، بابەتی گرنگی بۆ بڵێت و نیشان بدات. بۆ کاتەکانی نووستنیش بەکارهێنەر دەتوانێت بەکاری بنێت بۆ گوێگرتن لە مۆسیقایەکی ئارام، خوێندنەوەی کتێبی دەنگی. وەك ئاماژە پێدرا ئامێرەکە کۆنترۆڵی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی ماڵەوە دەکات، بۆ نموونە پێی دەڵێت گلۆپەکان بکوژێنێتەوە، ئامێری ساردکەرەوەی ژوورەکان لە پلەیەکی دیاریکراو ڕابگرێت، کەناڵەکانی تیڤی بگۆڕێت.



# ژیریی دەستکردێک لە خ

لەو کاتەوە ژیریی دەستکرد پەرەی سەندووە و ڕۆژ لە ڕۆژ ماڵپەڕی تایبەت بە ژیریی دەستکرد و خزمەتگوزاری نوێی ئەو داهێنانە نوێیەی مرۆڤایەتی دەردەکەون. ژیریی دەستکرد ئەوانەی پەیوەندییان هەیە بە بەخشینی زانیاری و نووسینی بابەت و وەرگێڕان... تاد. بۆ نموونە ChatGPT یا gemini لەگەڵ زمانی کوردی بەتایبەتی بەشە سۆرانییەکەی زۆر دەوڵەمەند نین و مرۆ هەست بەوە دەکات ئەوە ژیریی دەستکردە، چونکە زانیارییەکان جۆرێك دەردەبڕن وەك کەسێك شارەزای زمان نەبێت.




# کیبۆردێکی نوێ لە بەرگی نۆستالۆژیادا

پیتچنین بەر لەوەی کۆمپیوتەر گشتگیر ببێت، بە ئامێرێك دەکرا کە پێدەگوترا ئامێری تایپ و لە هەرێمیشدا بە (طابعة) ناسراوە. ئێستا ئامێری «طابعة» بۆ جیلی نوێ شتێکی نامۆیە و بۆ جیلی ڕابردووش وەك نۆستالۆژیا دێتە بەرچاو. کۆمپانیایەك هاتووە لە شێوەی ئامێری «طابعة» کیبۆردێکی بەرهەم هێناوە، بەهەمان ستایل و شێوەی «طابعە» کە بە Qwerkywriter ناسراوە. کیبۆردەکە لەیەك کاتدا لەگەڵ سێ مۆبایل و لاپتۆپ و تەبلێت لە ڕێگای بلوتوسەوە پەیوەند دەدرێت. دوگمەکانی تەواو لەمسین و پێویستیان بە زەخت لێکردن نییە. شوێنێکی هەیە بۆ دانانی شاشەیەکی ١٠ ئینجی و تا شاشەی ١٣ ئینجیشی لەسەر جێگیر دەکرێت.

ئەو بەشەی کە ژمارەکانی لەسەرە، وەك پارچەیەکی جیا لە کۆمپیوتەرەکە پەیوەند دەدرێت و دەکرێت لە خودی کیبۆردەکەش بکرێتەوە. کیبۆردی ناوبراو دەکرێ پرۆگرامی بۆ دابندرێ و بەهۆی مایکرۆکانیەوە کارئاسانییەکی زۆر بۆ بەکارهێنەرەکەی دەکرێت. جگە لەوەش شوێنێکی تایبەتی هەیە بۆ دانانی پەنجەکان و بەکارهێنەر تووشی ژانی جومگەکان نایەت.





# زمەت زمانی کوردیدا

ژیریی دەستکردی claude.ai لە هەموو ژیریی دەستکردەکان جیاوازە، ئەو کوردی بە باشی تێدەگا، دەتوانی وتار بەو زمانە بە باشی بنووسێ و ڕستە و وشەکان لە شوێنی گونجاو بێنێت و دەتوانێت هەڵەچنی بکات و کاری وەرگێڕان بکات. وەرگێڕانێك کە هیچ وەك وەرگێڕانی ماشێنی ناچێت. لە زمانی ئەدەبی و زانستی تێدەگات و داڕشتنەکانی (ئینشا) وەك داڕشتنی مرۆیی دەچن، ئینسان هەست بەوە ناکات ئەوە ماشێن نووسیویەتی. سوود وەرگرتن لە ماڵپەڕەکە ئاسانە، بەڵام بەشی پێشکەوتووەکەی دەبێ تێچوویەك بدەی.



# چاویلکەی وەرگێڕ

لەسەردەمی ژیریی دەستکرددا ئاسانکارییەکی بۆ وەدەستهێنانی زانیاری گەیشتۆتە ئاستێك، هیچ دوور نییە ڕۆژێك قوتابخانە و زانکۆش تووشی مەترسی بن. ئەو پەندەی کە دەڵێت (چەندە زمان بزانی ئەوەندە مرۆڤەی) بایەخی خۆی لەدەست داوە. چونکە لە سایەی ژیری دەستکرد و ئامێرە زیرەکەکان مرۆڤەکان لەهەر شوێنێك بن پێویستیان بە وەرگێڕ نابێت. چاویلکەی زیرەکی جۆری GETTER-X ئەو کێشەیەی لەکۆڵ کردۆتەوە و وەرگێڕێکە بۆ هەموو شوێنێك! چاویلکەکە بەرهەمی کۆریایە. بە خێراییەکی زۆرەوە کاری وەرگێڕان بۆ ١٥ زمانی زیندووی جیهان دەکات. چاویلکەی ناوبراو دوو سپیکەری بەهێزی لەگەڵ دوو مایکی تێدایە، کێشی چاویلکەکە تەنیا ٥٠ گرامە. چاویلکەکە سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە و پێویستی بە مۆبایل یا ئامێرێکی دیکە نییە بۆ وەرگرتنی فیلم و داتاکان، بەکارهێنەر دەتوانێت هەر بەهۆی چاویلکەکەیەوە سەیری فیلم بکات و چاوێك بەماڵپەڕەکاندا بخشێنێ. ڕامەکەی ٢ گیگابایتەو میمۆرییەکەی ٣٢ گیگابایتە. کامێرایەکی ١٢ میگاپیکسلی لەسەرە دەتوانێت بەکوالیتی HD فیلم هەڵدەگرێتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

ئازیزێك دەپرسێت خەریکی نووسینی بابەتێك بووم بە پرۆگرامی word فایلەکەم خەزن نەکردبوو، لە پڕێکا کارەبا کوژایەوەو کۆمپیوتەرەکەشم کوژایەوە. ئایا ئەو فایلەی سەیڤم نەکردبوو دەتوانم بگەڕێنمەوە چۆن دەکرێت؟

خوێنەری بەڕێز بەڵێ دەکرێت فایلە خەزن نەکراو و ناولێنەنراوەکانیش بگەڕێینەوە. تەنانەت ئەو فایلانەی ناویشیان هەیە و کارت لەسەرکردوون و کێشەی کوژانەوە هاتۆتە پێش دەگەڕێنەوە. سەرەتا بچۆ سەر بەشی file و دواتر بەشی info و دوای ئەوە لە بەشی لای چەپ Man-age Document و دوای ئەوە Recov-er Unsaved Documents هەڵبژێرە و هەموو ئەو فایلانەی کە خەزن نەکراون یا ناویان نییە لەو بەشەدا دیار دەکەون کە بە پاشگری ASD خەزنکراون.

# زیاتر لە داتـ




داتاشۆ یا بە واتایەکی دیکە پرۆژکتەری نیشاندان، بۆ نمایشکردن و نیشاندانی فیلم و پێشکەشکردنی کۆڕ و سیمینار گرنگی خۆی هەیە، لەو نێوەدا داتاشۆی جۆری dongying A3 زۆر ناوازایە و زیاترە لە داتاشۆیەك.

داتاشۆکە قەبارەکەی بچووکە و ناوازەکەی لەوەدایە خۆی لە شاشەیەکی لەمسی پێکهاتووە کە دەکرێت وەك نیشاندانی فیلم سەیر بکرێ و جگە لەوەش وەك کۆنترۆڵ کردنی فەرمانەکان سوودی لێوەربگیرێت. بۆ سوود وەرگرتن لە داتاشۆیەکە

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی فۆنت

فۆنت (font) بەو پیت و کاراکتەر و هێمایانە دەگوترێت کە لە کۆمپیوتەردا بۆ نووسین و کاری گرافیك و هەموو شتێك سوودی لێوەردەگیردرێت. لە ئینتەرنێتدا بە ملیۆنان فۆنت هەن، کە هەرکام جۆر و شێواز ستایلی تایبەت بەخۆیان هەیە. بۆ زمانی کوردیش (بەشی سۆرانی) فۆن گەلێکی زۆر هەیە.

ئەگەر حەز دەکەی خۆت فۆنت دروست بکەی، یان ئەو فۆنتانەی هەی بۆ زمانی عەرەبی و فارسی دروستکراون و لەگەڵ زمانی کوردی بیانگونجێنی پێویستت بە پرۆگرامی تایبەتە. یەکێك لەو پرۆگرامانە Fontographer کە بە ئاسانی دەکرێت دەستکاری فۆنت بکەی یا فۆنتێکی نوێ دروست بکەی. گشت جۆرە فۆرماتەکانی فۆنت دەکاتەوە و دەتوانی دەستکاریان بکەی. بەشی کۆپی پەیستی هەیە و دەکرێت وێنە یا هێمایەك کە بەکارهێنەر بە گونجاوی دەزانێت وەك فۆنت دایبنێی. جگە لەو پرۆگرامە چەند پرۆگرام گەلێکی دیکەش هەن کە بەکارهێنانیان ئاسانە، بەڵام پرۆگرامی ناوبراو لە ڕیزی یەکەمەکان دێت.







## ژیریی دەستکرد گۆرانی کوردیش دەڵێت

ژیریی دەستکرد ڕۆژ بەرۆژ لە پێشکەوتندایە و بەرهەمی نوێ و خزمەتگوزاری نوێی دەخاتەڕوو. یەکێك لەو خزمەتگوزارییانەی ژیریی دەستکرد، بواری مۆسیقا و گۆرانییە. هەتا ئێستا لەو بوارەدا کەمتر ئاوڕی بەسەر زمانی کوردی داوەتەوە، بەڵام ماڵپەڕی suno.com تایبەتمەندی زمانی کوردیشی زیاد کردووە و بەکارهێنەر دەتوانێت شیعرێك کە خۆی دیاری دەکات، یا مەبەستێك خۆی بیداتە ژیریی دەستکردی سۆنۆ بۆ ئەوەی بیکاتە بە گۆرانی کوردی بە ئاسانی لە کەمتر لە خولەکێکدا بۆ شیعری پێشنیارکراو، ئاوازێك دادەنێت و لەگەڵ مۆسیقایەك تێکەڵی دەکات. ژیریی دەستکرد لە یەك کاتدا دوو ئاوازی گۆرانی بۆ شیعرەکە هەڵدەبژێرێت.

## داتاشۆیەک!




پێویست بە مۆبایل یا تیڤی ناکات بەڵکو ڕاستەوخۆ لە ئینتەرنێت سوود وەردەگرێت. سیستەمی ئەندرۆیدی ٩ی لەسەرە. سپیکەرێکی بەهێزی لەگەڵدایە. داتاشۆیەکە بەهۆی ستاندێك لەگەڵدایە بۆ هەر لایەك بیسوڕێنی لەو لایە نیشان دەدات و دەکرێت سەقفی بان وەك پەردەیەکی نمایش سوودی لێوەربگیرێت. کوالیتی نیشاندانی ٨Kیە. مەودای نیشاندانی لە ٤٠ ئینجەوە هەتا ٤٥٠ ئینجە دەکرێ وەك سینەما بەکاربهێنرێت. شوێنی دانانی کێبڵی هەیە بۆ ئامێرەکانی وەك مۆبایل و ئامێرەکانی گەیمی ئەلکترۆنی. دەکرێت ماوس و کیبۆردی بۆ دابندرێت و وەك کۆمپیوتەرێکی بچووك بەکاربهێنرێت.



# لوورەی گورگ بۆ گەیاندنی پەیامە

دوای چەندین توێژینەوە، زانایانی گیانداران بۆیان دەرکەوت لوورەی گورگەکان بۆ گەیاندنی پەیامە، کاتێک گورگەکان دلوورێنن بۆ ئەوەی شوێنی خۆیان بە باقی کۆمەڵەکە بگەیەنن، بەمەش گورگەکان دوای دووركەوتنەوە، یان کاتێک دەچن بۆ گەڕان بەدوای خۆراکدا دەگەڕێنەوە بۆ ناو کۆمەڵەکە. گورگەکان دەتوانن بە درێژایی چەندین کیلۆمەتر پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بکەن و هەستێکی باشی بیستنیان هەیە، ئەمەش ڕێگە بە گورگەکانی دیکە دەدات کە لە دوورەوە دەنگی یەکتری ببیستن.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە هاندانی کەسانێك دەکات بە پارە و سامان، تا قسە و وتاری ناحەق و درۆ بۆ جەماوەر بڵاو بکەنەوە.



## دیمەنە سەیرەکان

### دیمەنی ڕاداری گوێچکە

وێنەیەکی مێژوویی گوێگرێکی فڕۆکەی هۆڵەندی لە ساڵانی ١٩٣٠ - کە وێناکردنی ڕۆژانی سەرەتای چاودێریکردنی فڕۆکەوانیدایە.



## یاسا

### گرێبەستی و بریکارنامەی کڕینی ئۆتۆمبێل

وەکالەت بە مانای ئەوە نایەت کەوا تۆ ئەم ئۆتۆمبێلەت کڕیوە، بەڵکو مانەی وایە تۆ وەکیلی تەنیا بە مەبەستی لێخورین یان فرۆشتنی بە کەسێکی دیکە جگە لە خاوەنەکەی. لە وەکالەتدا بەو وەکالەیە ڕێگە نادرێت بە ناوی خۆتی بکەیت، بۆیە چاکترە گرێبەست هەبێت لە نێوانتاندا تا مافەکانت پارێزراوبێت، گرێبەستی پەسەندکراو لە بەڕێوەبەرایەتیی هاتووچۆش باشترە، چاکتریش وایە لە نزیکترین ماوەدا بەناوی خۆتی بکەیت تا لە زیان بە دووربیت.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە ئێستادا سەرجەم ئەو ئەرکانەت جێبەجێ بکە کە لێت داوا کراوە، بۆ ئەوەی هەنگاوی نوێ بنێیت، لە خۆشەویستەکەت تێبگە لەم قۆناغە قورسەدا، هەرگیز لەسەر ڕابردوی بڕیار مەدە، متمانەبەخۆبوونت یارمەتیت دەدات بەربەستەکان تێپەڕێنیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کەشوهەوای هێمن یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی زاڵبیت بەسەر تەواوی کار و ئەرکەکانتدا، هاوکات یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی زیاتر سەرنج بدەیت، ڕەخنەگرتنی زۆر لە خۆشەویستەکەت کێشەی گەورەی بەدواوەیە ئاگادار بە، کەمێك ئاگاداری تەندروستیت بە، هەوڵ بدە پشوو بدە و هێمن بە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بەهۆی دواکەوتنی کارەکانتەوە لە شوێنی پیشەکەت، تووڕەیی بەسەرتدا زاڵە، گومان لە هەستەکانی خۆشەویستەکەت مەکە و هەوڵ بدە تێگەیشتنت هەبێت، وا هەست دەکەیت چالاکیی زۆر و ماندوبوون کاریگەریی نەرێنیی لەسەر تەندروستیت هەیە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

وازبهێنە لە بڕیاردانی خێرا لەسەر هاوپیشەکانت و بە قسەی هەمووان بڕوا مەکە و تەنیا پشت بە خۆت ببەستە، خۆشەویستەکەت هەستی خۆیت بۆ دەردەبڕیت و سەرسامە بە خۆراگری و تواناکانت، هەست بە کەمێك ئازار دەکەیت بەهۆی تووڕەیی زۆری خۆتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە کارەکان بەشێوەیەکی ئەرێنی بەڕێوە دەچێت و پێویستە متمانەت بەخۆت هەبێت، هاوکات ئاگاداری پەیوەندی سۆزداریت بە و هەوڵ بدە متمانە دروست بکە لەپێناو هەنگاونان بەرەو داهاتوودا، پەستانی زۆری کارەکانت وا دەکات کەمێك ئارەزووی خواردن تێك بچێت و ماندووبیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

سەرەڕای بوونی پەستانێکی زۆری کارکردن کەشێکی ئارام زاڵە بەسەر تەواوی کارەکانتدا، لەگەڵ هەندێك بابەتی سادە و ئاسان کێشە دروست مەکە و خێرا تووڕە مەبە، بەهۆی زۆر کارکردنەوە هەست بە ماندووبوون دەکەیت لە لایەنی جەستەییەوە.



## پەند و وتە

یوجین بیرتهۆلد فریدریچ برێخت، نووسەری ناوداری ئەڵمانی، لە ساڵی ١٨٩٨ لە شاری ئۆگسبۆرك لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٥٦ لە ڕۆژهەڵاتی بەرلین کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ناکۆکییەکان دەڵێ: «کۆمەڵگە ناتوانێت کۆك و ئارام بژی لەو کاتەی کە پێکهاتە و چینەکان و تەنانەت تاکەکانیش بۆ چەند لایەنێکی دژە یەك و پێچەوانە دابەش بووبن».




## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا کەسێك دانیشتووە و کۆشکێکی بچووك لە پشتیەتی، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا بزانیت کۆشکەکە ڕاستەقینەیە، یان وێنەیە.

بۆ زانیاریت

# ڕیاکتۆری ئەتۆمیی نەتواوە





چین یەکەم ڕیاکتۆری ئەتۆمیی لە جیهاندا دروست کرد، کە ناتوانێت بتوێتەوە: چین سەرکەوتووانە ڕیاکتۆرێکی ئەتۆمیی تاقیکردەوە کە مەترسیی تواندنەوەی ئەتۆمی نەهێڵێت. ڕیاکتۆری HTR-PM کە دەکەوێتە وێستگەی ئەتۆمیی کەنداوی شیداو Shidao Bay کە دیزاینی بەرد و سووتەمەنی TRISO بەکار دەهێنێت.دیزاین کراوە بە ڕووپۆشی سیرامیك و تەنۆلکەکانی یۆرانیۆم بۆ لەخۆگرتنی کارلێکی ناوکی لە پلەیەکی گەرمیی زۆر بەرزیشدا. ئەم ڕیاکتۆرە جیاواز لە ڕیاکتۆرە تەقلیدییەکان کە پشت بە ساردکردنەوەی ئاو دەبەستن، HTR-PM دەتوانێت بە شێوەیەکی سرووشتی گەرمی لە ڕێگەی گەیاندن، تیشکدانەوە و گواستنەوە بڵاو بکاتەوە و، ڕێگە دەدات بەبێ کارەبا بە جێگیری بمێنێتەوە. پلەی گەرمیی گەیشتە ٨٧٠ پلەی سیلیزی کە زۆر کەمترە لەو کارەساتانەی وەکو کارەساتی فوکوشیما بەدی کرا کە پلەی گەرمیی بۆ ٢٨٠٠ پلەی سیلیزی بەرز بووەوە.

توانای ساردکردنەوەی خودی HTR-PM دڵنیایی دەدات کە دەتوانێت خۆی لەو جۆرە شکستە کارەساتبارە بپارێزێت، کە لە مێژوودا متمانەی خەڵکی بە وزەی ئەتۆم لاواز کردووە.

فیلم

## Power - هێز




فیلمێکی دیکیۆمێنتاری و تاوانکارییە، باس لە لێهاتوویی و بەدواداچوونی هێزی پۆلیسی ئەمریکا دەکات، کە لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەو هێزە پەرەی پێ دراوە تا دەگەنە ئەو ئاستە، هێزەکە بە دوای کەسێکەوەن کە (١٠٠) ساڵ لەمەوبەر بڕە پارەیەکی زۆری بردووە، ئەوانیش بەدواداچوون دەکەن، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٢٥ خولەکە، لە دەرهێنانی: یانس فۆرد، لە نووسینی جولیا لیو، لە نواندنی: ویسلی لویری، نیکهیل پال، باهیر ئەزمی، کریستی لۆپێز، میکۆڵ سیگاڵ، پاول باتلەر.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

باشترە بەخێرایی چارەسەری کێشەکانی پیشەکەت بکەیت لە ڕێگەی گفتوگۆوە، بەڵام ئاگاداربە لە بابەتی نادروست، خۆشەویستەکەت لەگەڵتدا باس لە بابەتێك دەکات کە بووەتە هۆی بێزارکردنی، بەڵام هەوڵ بدە تێگەیشتنت هەبێت، گرنگیدان بە گرفت وبابەتی بێبایەخ زیان پێ دەگەیەنێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پێش هەر پرۆژەیەك هەوڵ بدە بەدواداچوونی بۆ بکەیت، هاوکات سەرجەم ئەو کێشانە چارەسەر بکە کە ڕووبەڕووی خۆشەویستەکەت و خێزانەکەی بووەتەوە و کاریگەریی نەرێنیی لەسەر دروست کردوون، ئەم ماوەیە هەست بە چالاکی و وزەیەکی زۆر دەکەیت، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی وەرزشی باش بکەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە کارەکەتدا وەڕس دەبیت، هەربۆیە هەوڵ بدە هەندێك گۆڕانکاری بکەیت، پەیوەندیی سۆزداریت پێویستی بە ڕاستگۆیی و متمانە هەیە بۆ ئەوەی سەرکەوتووانە هەنگاوی نوێ بنێیت، ڕاهێنانی وەرزشی فەرامۆش مەکە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


لە کارەکەت ڕووبەڕووی هەندێك گرفت و ناکۆکی دەبیتەوە، بەڵام ئاگاداربە لەخۆتەوە دەست وەرمەدەرە نێوانی هیچ یەکێك لە هاوپیشەکانتەوە، هێندە پەستان مەخەرە سەر خۆشەویستەکەت لەکاتێکدا کێشە و گرفتی هەیە، ڕەنگە تەندروستیت ئەم ماوەیە ناجێگیر بێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە کارەکەت بدەیت و بەئاسانی کێشە و بەربەستەکان تێپەڕێنیت، خۆشەویستەکەت ڕاستگۆیانە مامەڵەت دەکات و ڕێزت دەگرێت، هەربۆیە باشتر تۆش نەرمونیان بیت، باشترە کەمێك پشوو بدەیت لەپێناو ئارامبوونەوەی مێشکت و حەوانەی جەستەت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


چانسێکی نوێ دێتە بەردەمت و لە لایەنی پیشەییەوە هەنگاوی نوێ دەنێیت، سۆز و خۆشەویستیی خۆت بۆ خۆشەویستەکەت دەربڕە و یارمەتی بدە پێبکەنێت، پێویستە ئەم ماوەیە پشوو بدەیت بۆ ئەوەی بەشداریی پرۆژە و چالاکیی نوێ بکەیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ڕێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی -٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.


**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq






# www.gulanmedia.com